بەشێك لە کەمێناسان پێیان وایە کە کەمێگای کوردی، وەك زۆربەی کەمێگا ڕۆژهەاتییەکان، لە قۆناغێکی گواستنەوەدایە لە کەمێگایەکی نەریتییەوە بۆ کەمێگایەکی مۆدێرن(کە لە کەمێگای کوردیدا پرسی فیودالیزم و مۆدێرنیتە، بابەتێکە بریتیە لە بازدانێکی قوە کە بۆ مۆعریفەیە، بۆ هۆشیاری و ڕۆگە و ڕیشەیەکی پتەوەوە هەنگاوی نانێ کە دڕئەنجانەکانی باش نابێتن بۆشۆیەکی گشتی). لەم قۆناغەدا، تێکەڵبوونی بۆها کۆن و نوێیەکان دەبێتە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە ناکۆکی لە سیستەمی بۆهاکاندا. کەسانی باش و دڵسۆز، کە هەڵگری بۆها بەرزەکانن، دەکەونە بەر هەڕشی ئەو کەسانەی کە ناتوانن خۆیان لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانە بگونجێنن.

لە لایەکی دیکەوە، سیستەمی پەروەردەی کوردی، کە بەشێکی گرنگ لە پێکهێنانی کەسایەتی تاك، نەیتوانیوە بە شێوەیەکی دروست گرنگی بە بۆها ئەخلاقی و مرۆییەکان بدات. ئەمەش وای کردووە کە نەوەی نوێ تێگەیشتنێکی ناتەواویان بە چەمکی چاکە و خراپە هەبێت. لە ئەنجامدا، زۆر جار هەڵەکاری باش و دڵسۆزانە وەك لاوازی یان ساویلکەیی لێك دەدرێتەوە.

قەیرانە ئابووری و سیاسییەکان، کە بەردەوام کەمێگای کوردی ڕووبەڕووبان دەبێتەوە، کاریگەری قووڵیان لەسەر دەروونی تاکەکان هەیە. کەبەکەی ناتەندروست و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوە سنووردارەکان، وای کردووە کە زۆر کەس پەنا بۆ هەڵەکاری نەشیاو ببەن. لەم ژینگەیەدا، کەسانی باش و دڵسۆز دەبنە قوربانی ئەم بارودۆخە ناتەندروستە.

هەکارێکی دیکەی گرنگ پەیوەندی بە تەڵە کەمێایەتییەکان و میدیاوە هەیە. لە جیهانی ئەمڕۆدا، کە زۆر جار بۆها ماددییەکان لە سەرووی بۆها مۆعنەویەکانەوە دادەنرێن، کەسانی باش و دڵسۆز وەك نموونەیەکی نامۆ و نەگونجاو پیشان دەدرێن. ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگەی کەمێایەتی ئەم کەسانە دروست دەکات.

بە چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە، پێویستە هەنگاوی جددی بنرێت. پێویستە سیستەمی پەروەردە بە شێوەیەکی بنەڕەتی پەداچوونەوەی پێدا بکرێت و گرنگی زیاتر بە پەروەردەی ئەخلاقی و بەها مرۆییەکان بدرێت. هەروەها پێویستە خزمەتگوزارییە دەروونییەکان فراوانتر بکرێن و دەرفەتی زیاتر بە چارەسەرکردنی کێشە دەروونییەکان بدرێت.

کەمتەرخەمی مەدەنی و هەڵکشاوە ناحکومییەکان دەتوانن هەنگاوی گرنگ لە بەاوکردنەوەی هۆشیاری و گۆڕینی ئەم کولتوورە نەرێنییەدا بگێڕن. هەروەها پێویستە میدیا و ڕۆشنبیران گرنگی زیاتر بە بەاوکردنەوەی نموونە باشەکان بدەن و هانی خەڵک بدەن بە پشتیوانیکردن لە یەکتر.

گۆڕینی ئەم دۆخە کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە کات و هەوڵی بەردەوام هەیە. بەڵام بە هاوکاری یەکتر و بە پشتبەستن بە زانست و تێگەیشتنی دروست، دەتوانین هەنگاو بەرەو کەمتەرخەمگایەکی تەندروستتر بنێین کە تێیدا چاکە و دەسەزی پاداشت بکرێنەوە نەک سزا بدرێن.

نامەکانم.. 1.. شەماڵ بارەوانی

نامەی یەکەم

ئازیزەکەم، ماوەیەکە هەستەکی زۆر نامە و سەیر دەمهاژێت! زۆر هەستەوەر و میزاجیی بوومە، زووش هەڵدەچم. دەمەوێ ئەو ڕاستییەت پێ بڵێم، هیچ مەیلەکیشم بە ژیان نەماوە. هەست دەکەم من سەر بەم جیهانە نیم و خەم بە غەریب دەزانم لەنەو ئەوانی تر. هەندەک جار دەستەم چەلەوانی و زۆر چۆڕ لە بەسەرخەداخران و تەنیایی و گریان دەبەم. هەندەک جاری تریش حەزم لێیە بەمە ناو ئاپۆڕا و تا هەزم تێدایە بدەمە قاقا. هەندەک جار وەکو هەرزەکارەک دەم بە ژیان لەدەدات و دەمەوێ بە هەموو هەزمەوە ئامێز لە باڵای گەردوون وەربێنم. هەندەک جاری تریش ڕقم لە هەموو بوون دەبێتەوە و ئارەزوو دەکەم وەکو سوریالستەک بەسەر هەموواندا بشەمەوە. دەمەک زۆر گۆشبینم و وا دەزانم هەموو ڕەگاکان دەڕزێنەوە ماڵی دەخشیی.

دەمکی تر هەموو خەندەکانم دەکەمە ناو سەبەتەی بەمانایی وجوود و دەەم پووچگەرایی بە من تەنها پەنجەرەیە کە تێیدا لە هەموو بوون بوانم و هەندە لە زەلکاوی ەشبینی ەە دەچم، شەپنهاوەر* بە تاقە پەیامبەری خەم دەزانم. گاوێک ئارەزوو دەکەم لەگەە سەمفەنیایەکی جیهانیی سەمایەکی زەربایی دەست پە بکەم. گاوێکی تر ئشتیا دەکەم بەەمە خەلووتی گەشگیری و تەنانەت گوەم لە دەنگی تەرپە جاسکەرەکانی هەناسەکانی خەشم نەبەت. لەوانەیە تە و هەمووان ئەو ناو بنەن شتیی! بەەام من بەوام وایە کە هەشتا کاتی شتبووونم ماوە. با ئەوەشت پە بەەم، من کەسێکی لاوازم و ناتوانم ململانێ لەگەە تەنیایی، مەرگ، شتیی و نەخەشیدا بکەم. دەترسم ەەژێک بەت و چیتر بەرگەی ئەو دەزەخە نەگرم کە پێی دەەەن ژیان. تە پەم بەە چار چیيە؟ هەرگیز حەزناکەم جارە پەشوازی لە مەرگ بکەم، بەەام ئایا دەبە ەەگەیەکی تر هەبە؟ هەر بەەاستی، تە بەەی ئەو نەخەشیی یان جارێک لە شتبووون نەبەت کە من تووشی بووم؟

"شەمەک بارەوانی"

---

*ئارسەر شەپنهاوەر، فەیلەسووفێکی ئەەمانییە و بە فەیلەسووفە ەەشبینەکە ناسراوە.

کاتی خەی.. پشکۆ ناکام

....موسەمانەکان لە مەژووی خەیانا دوو جار ەوویان کردەتە ئەوروپا ، جاری یەکەم لە زەمانی فتوحاتی ئیسلامی بە داگیرکردنی ئەوروپا و بە شەق وەکو ناوچە عەرەبییەکان ئەوروپییەکان بخەنە ناو ەەعییەتی ئیسلامییەوە کە خەشبەختانە بەیان نەلوا ، جاری دووەم موسەمانەکان وەک پەناهەندە ەوویان کردەتە ئەوروپا بە دابین کردنی مەعیشەت و سەلامەتیان ، واتا وەەی ئازادی و نانن، موعادەلەکە هەەگەەاوەتەوە : جارێک داگیرکردنی کافرستان و جارێک سواکردن لە کافرەکان...
زەر جار گروپە ئیسلامییەکان{ داعش، ئیخوان ، سەلەفی ، قاعیدە} بە منەتی خەیان لە خەر و بەرەکەتی کافر و مولحیدەکان دەرئەبەن و هەموو خەشگوزەرانی ژیانیان بە نیعمەتی خوا ئەزانن!!
ئەگەر ەەژە وەک گریمانەیەک ئەوروپییەکان فەزڵی خەیان لە

ئیسلامییەکان سەننوو ئەبە چی ووبات.؟ بە بە شک قوە ئەکرێ بەسەری هەمووپانا هەر وەک چەن خەیان قوەیان کردوە بەسەر خەڵکی ووڵاتەکەیانا ، وەک نمونەیەک گەر مولحیدێکی ئەهلی جەهەنەمی وەک "ئەدیسەن " نەبوایە تا ئێستاش موسەمانەکان ئەبوایە بە چرا و مەموە بە چواردەوری کەعبەکەیان بسوانەوە ، ئەوروپی و بەرازخەرەکان سەیاریان دروست نەکردایە تا ئەمەش ئەبوایە موسەمانەکان بە حووشتر یان ووڵاخ هات و چیان بکردایە ، ئەوهەموو داهێنان و دەزینەوە پزیشکیانەی ئەوروپییە موناقیقەکان نەبوایە موسەمانەکان وەک هەزار و چوارسەد ساڵ لەمەوپێش بە هەزارانیان لە ئەمرد و لەوانەیە هەتاهەتیش بەس بوایە بە قەرەباالغ کردنی سەرقەبرانەکانیان ..دروست کردنی تەیارە لە لایەن مولحیدەکانەوە نەبوایە ئەمە هیچ موسەمانێکی دڵوەمانی قەبە نەیئەتوانی بە ئاسانی بچە بە ئەوروپا بە چارسەرکردنی پزیشکیی چونکە بە دوعا و مەولو بوایە نابە هیچ موسەمانە " قەبز"یش بە ، کەواتە لەریا کاکی موسەمان بە خەی و بەرماڵکە دوو جار خەری لە بەرکەتی کافرەکان بینی و بە مەمنونییەوە بینی جارێک بە وەرگرتنی تەیارە و جارێکیش بە وەرگرتنی عیلاج ، نوکتەش ئەویە کە چاک بوە مەولوێک ئەکا لەبەر ئەوەی خوا شیفای کرد !!! لە خەی ناپرسە بە پێش ئەوەی ئەو هەموو پارەیەی کە بە ساختەچێتی دەستی کەوتوە سەرف بکا لە سەفەر و عیلاجی ژەر دەستی دکتەرێکی موناقیقا هەر کە نەخۆش کەوت مەولوێکی بکردایە تا خوا شیفایەکی بە بناردایە ….گەر یەکسانی ئافرەت وپیاو وەک بنەمایەکی فەلسەفەی ژیان لە ئەوروپاوە نەگەشتایە ووڵاتە ئیسلامییەکان و ژنیش نەبوایە بە دکتەر ئەوا مەلا ژنەکان هەر بەدەم نەخۆشییەوە ئەتلانەوە ، بوونی سەدان ژنە دکتەری بەتوانا و سەربەرز وای لە مەلا مشک بەستوەکان نەئەکرد بەن شەرحی پە و پووچ بهێننەوە بە ئەو حەدیس و ئایەتانەی ئافرەت بە " ناقص العقل" لە قەڵەم ئەیا…

گەر عیلمی کافرەکان نەبوایە تا ئەمەش خەک وای ئەزانی هەژ بە چواردەوری ئەرزا ئەخولێتەوە چونکە پێغەمەری ئیسلامییەکان وای ووت بووە….کاتی خەی.

تا.. شیعری سەلام عومەر

چەند پەنجەیەکم کەوتوون و
پرچیشم لە هەوەرینە
تا چاوکانی بردووم و
جەستەشم پە لە بریندە

بەیە لە کەسك دەگەم
ئازارم بیر بباتەوە
نەك لە هەموو چرکەیەك دا
قەتماغەم لە هەداتەوە

شەویش نییە خەونی ناخش
ئارامیم لە نەشەونە
رەژیش نییە هەندە هەوا
بەرنامەم هەنەوشنە

ئەستا کەبەرکی برسیم و
نان بە سنووری بردمەوە
نەخشکی بەچارەم و
دیسان تا سووری کردمەوە

کەبەونەوەی سانای دەزگە دراوییەکانی سەرمایەداریی

چارەسەری گرفتەکانی ناکات.. زاهیر باهیر

لەم هەفتەیدا کە بوونەوەی ساڵانەی صندوقی دراوی نێودەوڵەتی ، بانقی جیهانی و نوێنەری بانقی مەرکەزی ئەوروپا و وەزیرەکانی دارایی وڵاتانی ئەوروپا لە واشنگتۆن دی سی سەبارەت بە هەندێك گرفتی سەرەکی جیهان دەکرێت. لە ڕاستیدا گرفتی سەرەکی جیهان خودی سیستەمەکەیە کە ئەم دەزگە دراوییانە خزمەتی بەشێکی گەورەی سیستەمەکەن لەتێك پایە سەرەکییەکەی کە دەوڵەتەکانن.

ئەوەی کە خاڵی سەرەکییە و پێشبینی دەکرێت کە لەم کبوونەوەیەدا قسە و باسی لەسەر بکرێت چەند پرسەکین. لەوانە ژینگە و تێکچوونی ئاو و هەواو ڕووداوی تۆفان و لافاو لە زەر شوێن، تەنانەت لە وڵاتانی کە دەکەونە ناوچەی نیمچە بیابانەوە هەروەها بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی تا ئەو ڕادەیەی کە دەبێتە هۆی کەوتنەوەی ئاگرێکی زەر لەو شوێنانەی کە پلەی گەرما زەر زەر بەرز دەبێتەوە.
بە گوێرەی بەچوونی بەشداربووانی کبوونەوەکە گرفتی سەرەکی سیستەمەکە سێ گرفتن: گۆڕانکردنی ئابووری، کە گوایە ئەمە گرفتی سەرەکییە و جیهان پێوەی دەناڵێنێت . گرفتی دووەم گرفتی قەرزارییە کە 146 دەوڵەتی جیهان بە دەوڵەمەند و هەژارییەوە بە ڕێژەی جیا جیا قەرزارن. گرفتی سێیەم وەکو لە سەرەوە وتم گرفتی ژینگە و تێکچوونی کەش و هەوایە.

گۆڕانکردن: ڕاپەرتەکانی کە لەسەر گۆڕی ئابووریی دراون دەڵێن لە ساڵی 2008وە دوای ڕووداوی قەیرانە دارایییەکە وڵاتە دەوڵەمەندەکان دووچاری دابەزینی گۆڕی ئابووری هاتوون و ئەمەش گرفتی دروست کردووە.
لە ڕاستیدا گرفتی گۆڕانکردن یاخود دابەزینی گۆڕی ئابووریی وڵاتان لە سای سیستەمی هەنووکەدا دوو گرفتی گەورە دروست دەکات : یەك: گرفتی بە دواهاتنی قەیرانەکان و وابەستەی قەیرانەکان، واتە قەرتەکانی . دوو: دابەزینی گۆڕی ئابووریی یانی بوونی بەتاڵی زیاتر ، زیادبوونی نرخی پەداویستییەکانی ژیان ، یانی کەمبوونەوەی دانی تەکس (باج) واتە نوقسانی لە بوجەی دەوڵەتدا. نوقسانی بوجەی دەوڵەتیش یانی کەمکردنەوەی بیمەکان و بینینی پارەی خزمەتگوزارییەکانی وەکو قوتابخانە و خستەخانە و شارەوانی بە هەموو بەشەکانییەوە هەروەها نەدانی یارمەتی و هاوکاری نەکردنی

ولاتانی لەقوماو و لەمەش زیاتر یانی قەرزکردنی زیاتر لە لایەن حکومەتەکانەوە، کەواتە بوون بەژێر قەرزی نەتەوەیی زیاترەوە.

قەرز و قەرزاریی: بە هەی ئەوەی سەرەوە و تەماحی زۆری خاوەنکار و کەمپانیاکان لە کەمکردنی سەرمایەی زیاتردا دەوڵەت ساڵانە قەرز دەکات، قەرزیش دانەوەی هەیە و دانەوەکەشی بە بەژێیەکی بەرزی سووە کە دەبەت دەوڵەت بیداتەوە گەر نەیداتەوە ئەوە سووەکە دەچێتە سەرەوە و کەمکەکە دەبەت.
لەم بارەدا با سەرنجی هەندەك لەو وڵاتانە لە کەی 146 وڵاتی قەرزار بدەین کە قەرزکانیان وەک پەورەک، بە بەژەی داهاتی نیشتمانی لەکدەرێتەوە، کە لە ئەوروپا و ئەمریکا بە (GDP) ناودەبرێت، کە پەوری بەردەوامیی قەرزکان بە گورەی ئەوە دەخەمڵێنرێت.

بەژەی قەرزکانی ئیتاڵیا بەرامبەر بە داهاتی ناوخۆیی (GDP) لە سەرووی 130% دایە، لە کاتکدا بەژەی قەرزی ئەمریکا لە 124%دایە. یەنان بەژەی قەرزکەی نزیکەی 160% و ژاپۆن بەژەی قەرزکەی زیاتر لە 260 %. بریتانیا لەم دواییەدا قەرزکەی چووە سەرووی 100%وە. صندوقی دراوی نەودەوڵەتی پێشبینی دەکات قەرزی گشتی جیهانی تا کۆتایی ئەمساڵ 100 تریلۆن دۆلار تێپەڕێنێت.
هاوکاتیس ئەو ڕاپۆتە هەڵسەنگاندنکی پێشوەختیشی بە گەشەی ئابووری هەندەك وڵاتی گروپی حەوت کردووە لەوانە دەکرێت ئەمساڵ بریتانیا سەیەم خراترین ئابووری هاوبەش بێت لە گروپی حەوتەمدا، هاوتەریب لەگەڵ فەرەنسا و لە پشت ئەمریکاوە کە لە بەڕەوی گەشەکردنیدایە بە بەژەی 2.8% و کەنەدا کە پێشبینی دەکرێت بە بەژەی 1.3% گەشە بکات. ئیتاڵیا بە بەژەی 0.7% ، گەشەسەندنی ئابووری ژاپۆن بە 0.3% . گەشەسەندن لە ئەڵمانیا سفر دەبێت ئەو لە ئێستادا لە ململانێیەکی سەختدایە لەگەڵ ئابووریەکەیدا.
ڕاپۆرتکی بەکخراوی خەرخوازی دژە هەژاری گەشەپێدانی دارایی نەودەوڵەتی (DFI) دەریدەخات کە بەژەی دانەوەی قەرزکان لە 42%ی تێچووی خزمەتگوزاریەکانە. واتە ئەگەر بە یار بێت کە 100 دۆلار بە خزمەتگوزاریەکان تەرخان بکرێت لە سەدا 42ی ئەمە دەدرێتەوە بە قەرزکە. ئەمە لە لیستی 146 دەوڵەتکەدا کە وڵاتانکین کە تا بەدیەك دەوڵەمەندن بەڵام لە وڵاتانی ئەفریقادا ئەم بڕە قەرزە دەچێتە لە سەدا 55 ی خەرجی خزمەتگوزاریەکان کە دەدرێتەوە بە بانقی جیهانیی.

لەگەڵ بەژەی بەرزی قەرزکردندا کە لە کۆتایی ئەمسادا دەچێتە 100

تریلیۆن دۆلار، کە وڵاتە دەوڵەمەندەکان زیاتر قەرزارن، پرسیارەکە ئەوەیە کە پارەی ئەم قەرزە بۆ کوێ دەڕوات؟ بە گومان بەشێکی بۆ جەنگ و بڕپاکردنی جەنگە هەرەوەها بەشێکی تری بۆ گەندەڵی دەوات ، بەشێکیشی بۆ هاوکاری هاووڵاتانێك کە خودی دەوڵەت و سیستەمەکە ئاوبارودۆخی خولقاندووە، ئەمە جگە لەوەی کە خودی دەوڵەت و ئیدارەکانی بیرەکراتین. هەر ئەو هەکارانەیە و هەندێکی دیکە کە دەبینین بە گەورەی هاپەرتەکی بانقی جیهانی 700 ملیۆن کەس لە جیهاندا هەژانە لەسەر تەنها 2 دۆلار و 15 سەنت دەژین. هەر هەمان هاپەرت ئەوەی پشتڕاست کردۆتەوە کە زیاتر لە 3 دەیەی دەوڵەت تاکو ژیانی ئەو 700 ملیۆن کەسە لە جیهاندا لە قۆناخی هەژاری هەڵدەربکرێت. لەسەدا 44 ی دانیشتوانی جیهان کە دەکاتە 3 ملیار، هەژانە لەسەر کەمتر لە 6 دۆلار و 85 سەنت دەژین.
سەبارەت بەبەرزکردنەوەی ژیانی ئەو 3 ملیار کەسەش ئەوە چیرۆکێکی جیاوازە ئەگەر ئامانجەکە گواستنەوەی داهاتی ئەو 3 ملیار کەسە بێت بۆ سەرووی 6.85 دۆلار لە هەژدەکدا، ئەمەش بەشایەکی دیکە دروست دەکات لە ژیانی خەڵکدا کە دەبێتە هۆی زیادبوونی هەژدەی دەردانی گازی ژەهراوی بۆ هەژدەی 46% لە سەرووی ئاستی ساڵی 2019دا.

ئەی چارە؟

بە گومان بۆ هەموو گرفتێك چارە هەیە چونکە هەوودانی گرفت لە ڕووداوەکانی یا هەوداوەکانەوە هەوودەدات. بەڵام لە دید و بوونیادی سەرمایەداری و سەرمایەدارانەوە و ئەو چارەسەرانەی کە بۆی دادەنێن هەرگیز چارەسەرێکی یەکلایەکەرەوە نیە . حەڵی یەکلایەکەرەوە خودی سیستەمەکە هەڕەتەکێنێت و دژ بە ئامانجی ئەوانە کە بەردەوامیدانە بە سستەمەکە و زیاتر چەسپاندنی.
هەر بە نموونە هەموو ئەو قەرزانە کە لە لایەن بانقی جیهانی و دەزگە دراویەکانی دیکەوە دراون هەمووی بە مەرجی قورس دراون کە کەمەری دانیشتوانی وڵاتە هەژارەکانی شکاندووە، بە بەرزکردنەوەی نرخی پیداویستیەکانی ژیانیان، بە بڕیاتیبڕکردنی کەرتە خزمەتگوزاریەکانی دەوڵەت…تد . هەر خولقاندنی ئەم بارودۆخەیە کە زۆرێك لە ئابووریناسەکان لە ناو خودی ئەو دەزگە دراویانەدا و لە دەرەوەیان بیر لە کوژاندنەوەی (هەوشاندنەوەی) ئەو قەرزانە دەکەن و جەدەلێکی گەورەی لەسەرە. تا ئێستا دەزگە دراویەکان و کاربەدەستانیان بەمە هازی نین چونکە ئەمە کارێکی زۆر قورسە گەرچی ئەوان لە هەگەای بەرزی هەژەی سووکانەوە دەمکە بۆی پارە ئەسیەکە کە بە قەرز داراوە وەرگیراوەتەوە.

لەمانەش زیاتر کەمپانیا گەورەکانی وەکو نەوت و خۆزی بەردینی و سەیارە و گەشت بە هەموو جۆرەکانییەوە و سوپەرمارکێتەکان و ئەوانی تریان هەرگیز نەك هەر ئامادە نابن کە دەستبەرداری زیاتری قازانجیان ببن بەڵکو بە هیچ شێوەیەکیش ناتوانرێت لغاو بکرێن .
کردنی قازانجی زیاتریش لەسەر حسابی هەژارکردنی زیاتری دانیشتوانە ، لەسەر حسابی تەکدانی ژینگەیە و هەڵکەندنی خەڵکانێکی زۆر لە ڕۆ و شوێن و زێدی خۆیان ، کەمکردنی داهات و زیاتربوونی هەژاری و بەتاڵییە ، ئەمەش یانی ئەو وەاتانەی کە توشی ئەم نەهامەتییە دەبن کە هەرە زۆرینەیان وەاتانی هەژارن دەبێت چاوەڕوانی هاوکاری و یارمەتی بن، ئیدی وەکو خۆر یاخود وەکو قەرزەك کە بەهەی دانەوێیەوە کە سووکەی بەرزە هەتا ماون دەبێت پەوەی بنانێنن.
لە لایەکی دیکەوە صندوقی دراوی نەو دەوڵەتی باوەی وایە لەکاتێکدا ترەمپ خەی بە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا لە5ی ئەم مانگە ئامادەکات، پلانەکانی بە سەپاندنی باجی بەرچاو (گومرگ) بەسەر کاڵا هاوردەکراوەکاندا خستێتەووە، سیاسەتێك کە پەدەچێت زنجیرەیەك هەوشوێنی تڵە سەندنەوە بێت. پێشبینی دەکرێت لەڕادا چین بە ئامانجی سەرکی بگیرێت، هەرچەندە کاڵاکانی یەکێتی ئەوروپاش لەبەر چاویدان، واتە ئەوانیش دەکرێت هەمان چارەنووسیان هەبێت. ئەم نیگەرانیەی صندوقی دراوی نێودەوڵەتی گریمانی خراپتربوونی بارودۆخەکە زیاتر دەکات تاکو باشبوونی .
کەواتە تەنها چارەسەرێك هەوەشاندنەوە و لەناوبردنی ئەم سیستەمەیە و جگرتنەوەیەتی بە سیستەمێك ژیانی مرۆڤکان مەبەستی بێت ، سیستەمێك کە پارە و هەموو چێشنکانی خاوەندارێتی بە خاوەندارێتی دەوڵەتیشەوە لەناو بەرێت و بەخاوەندارێتی گشتی جگەی بگیرێتەوە، ئابووری کەمەگە چێك و بنەمای خۆشگوزەرانی ژیانی خەڵکەکەی بێت لەبەری ئەوەی وەکو چێك و بنەمای برسیکردن و کەڵەکەکردنی سەرمایەو چێك و تەقەمەنی جەنگ دژ بە دانیشتوان بەکاربهێنرێت.

زاهیر باهیر
23/10/2024

……

تێبینی : هەموو ئامارەکان لە دوو ئابووریناسی بریتانییەوە : Phillip Inman, Larry Elliott وە وەرگیراون .

بینراوی هونەری و گوتراوی شیعری لە تابلۆ/ قەسیدەی (ئاگرکێت لەگەڵمدا هات)ی لازە ئازاد.. خوێندنەوەی: عەبدولموتەلیب عەبدوڵلآ

دەق: لازە ئازاد

(1)
هونەری وێنەکێشانی کلاسیکی تەکنیکی (لایەککەبووندەوە)ی شێوە و هێل و توخم و سێبەر و ڕەگەز و ڕەنگەکان، بە مەبەستی (دانوستاندن) و نیازی دیاریکراو پەیڕەو دەکات. هونەری وێنە دیجیتاییەکان جیاواز و تایبەتن بە شێوە و هێل و وێنە بینراوەکانی هونەری کۆمپیوتەرەوە و زۆتر گفتوگۆ لەیەکتریان نزیك دەکاتەوە.
لە هونەری وێنەی دیجیتاڵی تەکنیکی دووبارەکردنەوە و شێواندنی هێل و ڕەگەز و توخمەکان دەبینرێت و هەموو ئەوانە هەندێکجار دەکرێت ببنە هۆی وێنەکردنی ئەبستراکت، یان تابلۆی سە ڕەهەندی و بەکارهێنانی واقیعی میتافۆرئامێز.
هونەری وێنە دیجیتاییەکان لە هونەری هاوچەرخدا گرنگی کرد و کەمتر پەیڕەوی نیازی دیاریکراو دەکات و خۆی لە ئازادی (گفتوگۆ)دا سەپاند. واتە لە هونەری (نێت)دا چەندین شێوە و ڕەگەز و تایبەتمەندی جیاوازی وەك ڕاستی مەجازی، ڕاستی گۆڕەکراوە… نمایان دەکرێت.
(2)
(ئاگرکێت لەگەڵمدا هات) وەك تابلۆی شیعری چەندین شێوە و هێل و توخم و سێبەر و ڕەناکی و ڕەنگی جیاوازی وەك (دەزینەوە، ئەزموونکردن، میهرەبانی، وردبینی و هەستکردن بە شتەکانی دەوروبەر، تایبەتمەندێتی هەستی ژنانە…)ی لەخۆگرتووە و هەموو ئەوانە وەك بەشی لەکجیاواز کاریگەریی و ڕۆی خۆیان لەسەر دەروونی شاعیردا دەگەڕن و وەك وێنانێت لە دووبارەکردنەوەی پرسی

بوونگەرایی و شێواندنی شێوە و هێل و سێبەر و ڕەناکی و توخمەکان و وێنەکردنی ئەبستراکت … نزیك دەبنەوە. لەوشێوە شێوە و هێل و سێبەر و ڕەناکی و توخم و ڕەنگی وێنەکێشانی کلاسیکی بەجێدەهێڵێت و شێوە و هێل و وێنە جیاوازە بینراوەکانی هونەری کۆمپیوتەر دەپشێت.

ئەو قسەیە وەك تابلۆ سەر بە وێنە ئاوێتەکانی هونەرنێتن! خەسڵەتەکانی ئەو هونەرە بەرجەستە دەکەن! خەسڵەتەکانی ئەو هونەرە ئاوێیە، کە (گفتوگۆ) لەنێوان شێوە و هێل و ڕەگەز و توخم و بەشە جیاوازەکانی وێنەکان بوونی هەیە، بەناو بە ئاوێی هیچییان ببنە سێنتەری مەبەست. لەڕەدا هونەری وێنەنێت و هونەری کلاسیك لە جیاوازی نێوان چەمکی دانوستاندن و چەمکی گفتوگۆدا خەیان دەبینێوە.

دواجار پێکهاتەی پرسی (دانوستاندن)ی ئەو تابلۆیە لە زمانی (گفتوگۆ)ی نووسراودا، یان بە مانایەکی دیکە خۆ بەیانکردنی وێنەی (بینراوی تابلۆ) لە زمانی (گوتراوی شیعری)یدا لە ڕەگەی ئاوێدیکەی (خوێنەر/ وەرگر)ی جیاوازەوە جوانتر دەبینرێن و هەستیان پێدەکرێت. وەك چۆن لە ناوەوەی شاعیر (زمانی گوتراو و وێنەی کۆشراو) هەردووکیان لە هەمان کاتدا (ڕەنگی تایبەتی تابلۆ) و (زمانی بەکارهێنراوی تایبەت)ن بە کەمکردنەوەی ئازار و ترس و نائومێدی و تاسە و خەمی ناوەوەی شاعیر، بەناو بە ئاوەوەی (چ وەك پێکهاتەی تابلۆ، چ وەك زمانی بەکارهێنراوی گوتراو) بتوانن ڕەنگی (کاتی لەدەستچوو) و زمانی جوانییەکان لە پرسی بەکەتایی (بە کوێ دەچین) بگەڕێننەوە؟!

(3)

لازە ئازاد لە شاری (سلێمانی) لە گەڕەکی (سابونکەران) لە دایکبووە. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (مەحوی) بووە و پاشان تا دووی ناوەندی لە (دواناوەندی ژینی کچان)ی خوێندووە. لە سەرەتای ساڵی (200)وە لەگەڵ خانەوادەکەی کوردستانی جێهێشتووە. لە وڵاتی (سوید) خوێندنی ناوەندی وپاشان دواناوەندی بەشی ئەدەبی تەواو کردووە. ئێستا نیشتەجێی وڵاتی بەریتانیایە لە ساڵی 2015 بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆی (نیومان) بە تەواو کردووە و بەکالۆریس و پاشان بڕوانامەی ماستەری هەر لەو زانکۆیە بە دەستهێناوە.

لازە ئازاد ماوەی (24) ساڵە لە بەریتانیا دەژی و لە یەکێك لە ڕێکخراوە خێرخوازییەکان لە بەرمینگهام – بەریتانیا ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتییە. دەڵێ: هەرێك لە ژیان و مرۆڤ و جوانی سەرچاوەی ئیلهامی شیعرەکانمن. جگە لە پیشەی شاعیری کاری خێرخوازیش دەکەم، بە تەنها و بە هاوبەشیش کاری خێرخوازیم کردووە و بەردەوامم،

مەرج نییە شاعیر کاری خەرخواز بکات، بەڵام من بە هیچ شێوەیەك شیعرم بە بژێوی ژیان نە نووسیوە.
بەرهەمەکانم بریتین لە (کراس ڕەش بە هاوبەشییە، 2007 دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، شازادەی کەشکی ڕەش، 2013 دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، کتێبی نووسینەوەی هەزار و یەك خەون، ساڵی 2016 ناوەندی غەزەلنووس). سەبارەت بە نوێترین بەرهەمیشم تا ئێستا بڕیارم لە ناونیشانەکەی نەداوە. بڕِواموایە گرنگە لە کوردستان دادوەری بوونی هەبێت.
لازە ئازاد لە ساڵی 2023 دا لەلایەن بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی خەڵاتی ڕەزلەنانی پێبەخشراوە.

ئاگرکێت لەگەڵمدا هات

ڕِەنگی شینی ژێر ملی باڵندە، دوای مردنی، دەچێت بە کوێ؟
خەونەکانی من کە دەبنە خەڵمۆش و نایەنە دی، دەچن بە کوێ؟
تامی گەرمی دوو زمانی لەکئاناو دوای دابران، دەچێت بە کوێ؟
هەڵمی هەناسەی دوو دەدار لە ناو تەفانی خەوتوودا، دەچێت بە کوێ؟
من کە ساڵانێکی زۆر، دووری تۆ نەخشی خستبووم،
ئنزیکیمان دوای ئەو هەموو بریندارییە باری کرد بە کوێ؟
ئەو هەموو هیوایە کە لە سنگدا دانە دانە دەتروکان و باڵکانیان دەکردنەوە،
دوای هەوری تاریك و تەم، چوون بە کوێ؟

خەونمان هەبوو،
چیرۆکمان هەبوو،
بڕینمان هەبوو،
ئەو هەموو شتەی دەکرا بیبەخشین و نەمانبەخشی، بوون بە چی؟

تۆ هەرگیز خەونی خەتت ناشتووە چونکە نەتزانیوە دەچێت بە کوێ؟
بڕینی خەتت بە گوڵە ئەرخەوان پێچاوە و پێت وابووە چاك دەبێتەوە؟
دانت بە خەتدا گرتووە بە ئەوەی نەگریت و کەس بە چاوی بزەیی ساختە سەیرت نەکات؟
بە ئەوەی بە دەنگی بەرز نەڵێیت، ئەوە خاشاکن!
بەدەم دوژمنەکانتەوە بە تامی دەست پێکەنیویت بە ئەوەی چۆلەیەك کەمترت لە بدەن؟
لە دوای ئۆفینی شکستخواردوو، بزمارت لە تابوتی خێت داوە بە ئومێدی مردن؟

من ئەو رۆژانە دەستم بە دەی شکاوەوە گرتبوو و ڕام دەکرد،
گوێم لەبوو دەیانگووت شتێ.
وەک منداڵ بێت دەگریام، دەنگم دەرنەدەهات،
وەک توتکە سەگی لاکێان دەنوزامەوە.
چونکە تۆ نەتزانی کە ڕەیشتم، ئاگرکێت لەگێمدا هات،
کە بەجێم هێشتی تەفانکێت بە دوامەوە بوو،
بە ئاورِدانەوەش
تارمایيت لە پشمەوە ڕِەی دەکرد.

بەڕام دەموویست پێش مردنم،
ڕِەنگی
شینی
ژێر
ملی
باڵندە
ببینم...

کاتی لەدەستچوو
لەنێوان بینین و گوتندا
چەمکی بینین و گوتن دوو شێوەن لە چەلایی ڕەنگی تابلۆ و زمانی بەکارهێنراوی شاعیر! بینین فیکرە، گوتنیش فیکرە، بەڕام ئەوەی بینین و گوتن لەکجیا دەکاتە بەشایی (یان پرسی کاتی لەدەستچوو - بە کوێ؟)یە، بەو مانایەش لە تابلۆ/ قەسیدەی (ئاگرکێت لەگێمدا هات)دا بینین و گوتن هەردووکیان پرسیار و بیرکردنەوەن لە بەشایی کاتدا! واتە بیرکردنەوە و پرسیارکانی شاعیر دەکەونە جیاوازی/ بەشاییەوە! بە دیوەکەی دیکە ئەوە جیاوازی/ بەشاییە (بینین) و (گوتن) لەیەکجیا دەکاتەوە. ئەوە (شیعریيەت)ە وێنانەت و گەردەلوولی ڕووتی زمانەوانی لەیەکجیا دەکاتەوە. دەمەوە بەڕم ئەو تابلۆ/ قەسیدەیە وەک (زمان) بەشاییکان، یان پرس و بیرکردنەوەی (بە کوێ؟) شیعریيەت دەخنەوە و وەک (وێنانەت) جیاوازی ڕاستی گەورەکراوەکان نائومێدی دەنوێنن.
پرس و بیرکردنەوەی شاعیر سەر بە دەڕوێیە (دەچن بە کوێ؟) سەر بە شیعریيەتە، بەو مانایەش دەڕوە (گەردەلوولکی ڕووت)ە و نەوانی گوتن و بینین دەشوێنن؟!. (ژیل دەلەز) لە کتێبی (لە دەڕوەی فەلسەفەدا، وەرگێرِانی عەبدولسەلام بنعەبدئلعالی و عادل حدجامی) دەڵێ: " نیچە پێچەوانەی فەیلەسوفانی کلاسیك لە ڕگای ناوەوە (نەدەتوایەوە) بە ئەوەی دواتر بڕەو دەڕوە خێی بیان بکات،

بەکو فیکر و نووسینەکانی لەسەر پەیوەندییە راستەوخۆیەکانی دەرەوەدا دەچەسپاند. ل4″ بیرکردنەوەی کلاسیك بەرەو ناوەوەیە، بەم دەرەوە وەك گەردلوولی تەنیا دووانەی بینین و گوتن دەهژێنن… لازەش ئاگەرچی لە رێگای وێنانتەکانەوە راستی گەورەکراوی جیاواز دەکەشە، بەم لە رێگای پرس و بیرکردنەوەی (بە کوە) ئەو وێنانتانە دەکەونە دەرەوەی کات و بۆشایی و لە گەردلوولی رووتی زمانەوانیدا شیعریەت دەخنەوە. بەو مانایەش بۆشایەکانی شیعریەت، جیاوازیەکان (خوێنەر/ وەرگر) بونیاد دەنێت و راستی گەورەکراویش جیاوازی ئازارەکانی ناوەوە بەرجەستە دەکەن.

دەمەوە بەم لە سەرەتاوە شەوازی پرس و بیرکردنەوە و بەها و هەستەکانی شاعیر لە قەسیدە/ تابلۆی (ئاگرکەت لەگەمدا هات) بۆشەوەی هێل و سەبەر و رەناکی و توخم و رەنگە جیاوازەکانی وێنانەت ئازارەکان ئاشکرا دەکەن و دواتر وەك گەردلوولەکی رووتی زمانەوانی لە دەربڕینی گوتنی جیاوازی شیعرییەدا خۆیان دەنوێنەوە.

لە زەرباردا ئەو قەسیدە/ تابلۆ هونەرییە (توانەوەی ناوەکی و بەهودەیی کاتی بەسەرچوو) وەك دەرخەری باری دەروونی/ زمانی (لازە)ی شاعیر بۆیان دەکەن و بە دیوەکەی دیکەش وەك شەوازی چارەکردنی دەروونی دەکەونەوە و ئاڕەزی (دەروونی/ زمانی) کەمدەکەنەوە.

ئەو خوێندنەوەیە لە رێگای گەردلوولی رووتی گوتنی شیعری و وێنە بینراوەکانەوە بە دوای ئەو چارە (دەروونی/ زمانی)یەدا ناگەڕێت. بەکو هەوڵی بە جگەرِکەکردنی شەوگرتنی گوتنی وێنەیی و بەرهەمهێنانی شیعریەتنەت دەدات. بە مانایەکی دیکە لە هەوڵی ئەوەدایە کە پەمانبەت دەشە پێچەوانەش راست بێت.

هێزی وێنانەت، بۆشایەکانی شیعریەت

پەیوەندی نێوان کارە هونەرییەکان و سایکۆلۆژیا، هەزاران ساڵ پێش ئێستا بە سەردەمی کاتارسیس دەگەڕێتەوە. بەم کارپێکردن بە سایکۆلۆژیای هونەر، لە فرەیدەوە سەری هەڵداوە. لەو خوێندنەوەیەدا بە تێگەیشتنی هێزی بینینی وێنە و دەربڕینی گوتنی شیعری پەیوەستە وەك دەڵەز جیاوازی لەنێوان (چۆلایی) و (دەرەوە)دا بکەین. چۆلایی هەتا ئێستا شەوەیە. بەم دەرەوە هێزەوە و شەوەی نییە. دەرەوە لە مەسافەکان پێکهاتووە، بەم چۆلایی بەیەکەوەبوون دەگەیەنێت. ئاگەر ئەو قسەیەی دەڵەز تەرجەمەی (ئاگرکەت لەگەمدا هات) بکەین، ئەوە لەبەرانبەر وێنانەتەکاندا جیاوازی ڕاستی گەورەکراوی ناوەوە دەبینین، لە بەرانبەر گەردلوولی رووتی زمانەوانی بە شەوەیی

شیعرییەت دیارە.
بەڵام دەبێ ئەو راستییەش بڵێین کە وەرِای جیاوازییەکانی نێوان رِاستی گەورەکراو و شیعرییەت، وەرِای جیاوازییەکانی نێوان شێوەی هونەری و هەزی هونەری... بەشێکی گەورەی ئەو (تابلۆ/ قەسیدە)یە، جوانییەکان و نائومێدییەکانی ناوەوە بەرِەوەی دەبات. بەڵام بیرکردنەوە و پرسیاری شیعرییەت و دەرەوە ئەوەیە، ئایا ئەو نائومێدی و ئاوات و جوانییانە بەرەو کوێمان دەبەن؟ یەکەمیان هەزی جیاوازی (بینین) فەراهەم دەکات و دووەمیان (بەشایی) جیاوازی شیعرییەت! ئەوەش جێگەرِکەکردنی گوتنی وێنەی شیعرییە بە بەرهەمهێنانی شیعرییەتنەت
بەشاییکان شێوەیان نییە، لە مسافە زمانەوانییەکان پێکهاتوون. بەڵام چەلایی لە بەیەکەوەبوونی هەڵ و رِەگەز و رِەنگەکان پێکهاتوون و شێوە بونیاد دەنێن. ئەو خوێندنەوەیە بە بەیەکەوەگونجاندنی هەر دوو بارەکە چەمکی پێکەوەسازان پێشنیار دەکات، چونکە ناشێ شێوەی جوانییەکان و توانەوەی هەڵ و سەبەر و رِەنگەکانی ناوەوەی (بینین)، وەك پێناگایەك بە هەزی دەرەوە و گەردەلوولی زمانەوانی و بەشایی شیعرییەتی دەربرِینی (گوتن) فەرامۆش بکەین!
بەگومان لێنەوان شێوە و هەڵ و سەبەر و رِەناکی و توخم و رِەنگەکانی بینین و بەشاییکانی شیعرییەت (خوێنەر/ وەرگر) دەپرسە مەبەستی ئەو (تابلۆ/ قەسیدە)یە چییە؟
لێرەدا دەتوانین بڵێین بیرکردنەوە بەم ئەوەی لەو (تابلۆ/ قەسیدە)یە روو دەدات، پرسی زمانەوانی نییە، بەڵکو توانەوەی ناوەوە شاعیرە لە کاتی لەدەستچوودا! جوانییەکان لێنەوان ئەو هەڵ و توخم و رِەگەز و رِەنگ و خانانە بەرەو کوێ دەچن؟ ئایا لە تاریکی، لە شێوە و بەشە جیاوازەکانی کاتی لەدەستچووی ئەو (تابلۆ/ قەسیدە) هونەرییەدا دەتوانین هەستی دەتەنگی و جەکەوتەی وەرانەیی و ئاماژە و رِەمزەکانی شاعیر بە (خوێنەر/ وەرگر)ی شیعرییەت بگوازنەوە؟!
گوتمان توانەوە و هەزی وێنەی ناوەکی، لە چەمکی بینیندا شێوە ناگرن، ئەگەرچی پەیوەندی راستەوخۆی گەردەلوولی رووتی زمانەوانی گوتن دەهەژێنەت و شیعرییەت بە (خوێنەر/ وەرگر) دەخاتەوە. بەڵام لەو (تابلۆ/ قەسیدە)یە (خوێنەر/ وەرگر) لەسەر مانای مانا وەستاوە. لەسەر مانای (بینین)ی وێنەنەت لە دەربرِینی گەردەلوولی زمانەوانی شیعرییەتدا، واتە لەسەر مانای تابلۆ لە پەیامی شاعیردا...
کەواتە زەرشتەیی (خوێنەر/ وەرگر) بەرەو لەکدانەوە و شیکردنەوە بەرێت، بەڵام ئەوەی (خوێنەر/ وەرگر) دەیەوێت زانیاری و لەکدانەوە لە بارەی شێوە و هەڵ و سەبەر و رِەناکی و توخم و رِەنگی ناوەوەی شاعیر نییە، بەڵکو لە بارەی سەیرورەی زمان و شیعرییەتە. کەواتە

(خوێنەر/ وەرگر) پێکهاتەی بینینی نیگارەکان (پرسی جوانییەکان بەرەو کۆ و نەگۆرانەوەی کات) بەجێدەهێڵێ و بەدوای دەزینەوەی بەشایەکانەوەیە، بە دوای لادان و تێکشکانێ زمانەوانییەکانەوەیە...
بەڵام ئایا کردەی پێکەوەسازانی وێنە و زمان، پرس و بیرکردنەوە و دەرەوە و ناوەوە، کردەی بێبەشکگێیشتنی بەشایی زمانەوانی و شیعرییەت؟ ئایا هیچ پرس و بیرکردنەوەیەك لە دەرەوەی بێبەشکگێیشتنەوە هەیە؟ ئایا شیعرییەت لە پێکەوەسازاندایە؟
بە بڕوای ئەو خوێندنەوەیە راوکردنی جوانییەکانی کاتی لەدەستچوو بڕەو بە دارشتنەوەی شیعرییەت لە گەردەلوولی رووتی زمانەوانیدا دەدەن. لەسەر ئەو بنەمایەش ئەگەر پەوانەکانی جوانی پێوەست بە بوێری و ئازادی (راستی گەورەکراوەکان) شاعیرەوە. ئەوە گواستنەوەی هەزی بینین بە شۆگرتنی شیعرییەت، گواستنەوەی کەتاییەکانی کاتێ بە نەگۆرانەوە...
پرس و بیرکردنەوەی بینین بە پرس و بیرکردنەوەی گوتن، جێختکردنەوەیە لەسەر تاکگەرایی و ئازادی و گفتوگۆ بەو مانایەی کە تاك لە دەرەوەی ملکەچییەوەیە و سەر بە دانوستاندن و نائومێدی ناوەوە شەرِ ناکات، بەو مانایەی کە تاك لە دەرەوەی کات مل بە گۆرانەوە کەچ ناکات! بەڵام ئایا ئەو جۆرە لە دەرچوون لە پێوەندییەکان، ئەو جۆرە لە دەرچوون لە ناوەوە و لە جوانییەکان و ئاواتەکان بە راستی بەرەو مردنمان دەبەن؟ یان ئایا گەردەلوولی رووتی گفتوگۆی زمانەوانی (کات و سەیرورە)ی گفتوگۆ بەرامبەر عەقڵی بینین (مردن و نەگۆرانەوە)ی دانوستاندن دەبڕێتەوە؟!.
لە دەرەوەی بینین و گوتن، لە دەرەوەی بەسەرچوونی کات و نەگۆرانەوەدا، شیعرییەتی زمانەوانی، جۆرێك لە پێوەندی ئابوری و هاوگونجان و پێکگێیشتنی وێنەنەتەکان بە شێوەیەکی جیاوازی دیکەوە (راستی گەورەکراوەکان) دەسازێنێ! واتە ئەو کوشتنەی (کات) وەك چۆن گەردەلوولی رووتی گفتوگۆی زمانەوانی بانگەشە دەکات، لە بینین و دانوستاندن رزگاری نەبووە و دوور نەکەوتۆتەوە، تەنها بە دوورکەوتنەوە نەبێ! راستە شیعرییەت و چۆژ بەجێدەهێنێ، بەڵام کاتی بەکەتایی، گەرِانەوە بەجێناهێڵێ. بە کورتی ئیشکردنی گەردەلوولی رووتی زمانەوانی، ئیشکردنە لەو شوێنانەی وێنەنەتەکان ناتوانن پێوەندییەکانیان ئاشکرا بکەن.
کۆاتە بیرکردنەوە و پرسی بوونگەرایی وێنەنەتەکان رووبەرووی کاتی بەسەرچوو دەبنەوە. کاتی بەسەرچوو پێویستی بە بوێری و ئازایەتی هەیە، بەڵام شیعرییەت بەشایەش، بەشایەش جیاوازییەکان دەخەمڵێنێ! جیاوازییەکان لە کاتکوشتنی شاعیردا پێوەندی بە نەگۆرانەوەی گەردەلوولی سەیرورەی زمانەوانییەوە دەکەن.

هاوگونجان

لەیەکگەیووندنەوە و شێواندنی توخمەکان

لەنێوان هونەری وێنەکێشانی کلاسیکی و هونەری (نێت)دا، لەنێوان شێواندنی توخمەکان و تەکنیکی لەیەکگەیووندنەوەدا، لەنێوان بەرەو کۆمەی کەتایبەکان و نەگۆڕانەوەی بکەتایبەدا… کاری بەرهەمهاتووی شاعیر لەڕووی (توانەوەی ناوەکی) سێزداریەوە کاریگەری لەسەر (وەرگر/خوێنەر)ی گشتی دروست دەکات. بەڵام کاری بەرهەمهاتوو لەڕووی (هێزی دەرەکی) باس لە توانای وەرگرتن و تێگەیشتنی (وەرگر/خوێنەر)ی تایبەت و بەخشەکانی دەکات.

لەڕەوە جیاکاری وێنەنێتی هونەری دەبێتە بنەمای گەردەلوولی رووتی زمانەوانی، بە پێچەوانەشەوە راستە! بە هەردوو باردا کاتی لەدەستچوو گۆڕانکاری و سەیرورە دەنێتەوە. دواجار دەبە بزانین کە خاڵی هاوشێوەی نێوان وێنەنێت و گەردەلوولی رووتی زمانەوانی جگە لە ژیانی شاعیر شتێکی دیکە نییە، واتە دروستکردنی هەستێکی مانادار نییە، بە ڕووداو و فینەمینەکان، بەڵکو هەموو ئەوانە ژیانی تایبەتی شاعیرە. دواجار ئەوە ژیانی تایبەتی شاعیرە لەسەر هاوگونجانی وێنە و زمان بەردەوامی بەخێی دەدات.

پەیوەندی لەیەکگەیووندنەوە و شێواندنی توخمەکان، پەیوەندی هونەری کلاسیك و هونەری وێنەنێت، لە پەیوەندی نێوان بلیمەتی و شێتی دەکات، بلیمەتی لە لەیەکگەیووندنەوەی مەعریفەدا، ڕەکییە! شێتی شێواندنی توخمەکان و دووبارە بونیادنانەوەی نارِەکییە. ڕەکی بەرەو پرسی بکەتایی وەستاوە، نارِەکی بەرەو پرسی بێشایی و سەیرورەی بەردەوام هەنگاو دەنێت.

کاتی بەسەرچوو لە (ئاگرکێت لەگەمدا هات) هاتێتە دەرێ و لە زەر شوێندا بەسەر بکەتایبەدا سەرکەوتووە! لای لازە مردن و زیندەگی لە حاڵەتی بەردەوامی جەنگدان. کاتی بەسەرچووی ناوەوە پەیوەندی بە گەردەلوولی رووتی زمانەوانیدا نییە، کە گەردەلوولی رووتی زمانەوانی لە سەیرورەدا بە، کاتی بەسەرچووی ناوەوە لەڕە نییە، کە بلیمەتی لەڕەیە شێتی لەڕە نییە. بەمجۆرە داهێنان سەیرورەیە و لە خزمەتی گۆڕاندایە. بەڵام وەك چۆن ناتوانین سەیرورە و گۆڕان لەکجیا بکەینەوە، بە هەمان شێوە ناتوانین ناوەوە و دەرەوەی شاعیر لەکجیا بکەینەوە!؟

داهێنان دەزینەوەی بونیادی گۆڕانکارییە و لەسەر بیرکردنەوە و پرسی سەیرورە، بەردەوامی بەخێی دەدات، هەزکە لە دەرەوەدا شێوەی نییە و لە ناوەوە شێوە دەگرە، هەزکە لەگەڵ ئاشکرابوونی وزەیکی دیکەی خەونکان دەجوولە، هەرگیز لەو شوێنەوە دەست پێناکاتەوە کە ئازارکانی ناخی وێرانەی شاعیری تەدا دواین وێنەی گەورکراو

دەگرێت، بەکو لەو شوێنەوە دەست پێدەکاتەوە کە زمانی شیعری شوێ دەگرێ. بیرکردنەوە و پرسی وێرانەیی ناوەوەی شاعیر بەردەوام خەی دووبارە دەکاتەوە، بەم بیرکردنەوە و پرسی شیعریێت لە سەیرورەدایە. شیعریێت کاتێك دەست پێدەکات، کە کەمێی جیاواز جیاوازی وێرانەیی ناوەوەی شاعیر دەتوانن بە هەی لە یەکجیابوونەوەی خەمکان لە یەکتر نزیك بکەونەوە و هاوگونجان بنوێنن.

تێکەڵکردنی ڕەنگی شین و باڵندەی ئازاد

لە توانەوەی ڕەگەزەکان و دانوستانی ڕەنگەکانی ناوەوەدا (ڕەنگی شین) زاڵ دەبێت و شین کەشکی ماتەمینی دروست دەکات، بەم لە گەردەلوولی ڕووتی زمانەوانی دەڕوەدا (باڵندەی ئازاد) باڵ دەگرێ و بەشایی شیعریێت دەنوێنێ و دەرگا لە خەونکی ڕەنگاو و ڕەنگ و چێژئامێز و ئازاد دەکاتەوە.

ڕِەنگی شینی ژێر ملی باڵندە، دوای مردنی، دەچێت بە کوێ؟
خەونەکانی من کە دەبنە خەمەش و نایەنە دی، دەچن بە کوێ؟

(گفتوگێ)ی نێوان ڕەنگی شین و باڵندەی ئازاد لەبەرجەستەکردنی پرسی دەچێت بە کوێ، بوونی دوو هەبژاردن دەخەنە ڕوو، بە ئەوەی هیچییان ببنە سەنتەری مەبەست! ئەگەر سەرچاوەی ڕەنگی شین بە حیکایەتکی ناوەکی و دانوستان بگەڕِێتەوە، ئەوە باڵندە ئازادە لەوەی کە چەند پابەندی پرسی ئەو حیکایەتە ناوەکییە دەبێت، ئەو ئازادییە، شیعریەتێك دەسازێنێ، کە (خوێنەر/ وەرگر) لە دەرەوە و لە ڕەی گفتوگەدا پێی دەگات، لەڕەدا دەمەوە جیاوازی نێوان چەمکی گەِرانەوە و چەمکی شیعریێت، بە دانوستان و گفتوگێ (کە پێشتر لە هونەری وێنەنێت و هونەری کلاسیکی بەیانم کردن) بچوێنم!

کەواتە ئەگەر شێوازی گەِرانەوەی ئازارە ناوەکییەکان، ئەگەر تەکنیکی (لەیەککەبوونەوە)ی گەِرانەوەکان، دانوستاندن بەجێبهێڵێ و لەگەڵ وێنەنێت و واقیعی میتافەِرِی و گفتوگێ بنێتەوە، ئەوە گوتراوی شیعری زمانی کاتی لەدەستچوو بەرەو بەشایی دەکاتەوە و گەردەلوولی ڕووتی زمانەوانی بونیاد دەنێت، گەردەلوولی ڕووتی زمانەوانی وەك ڕووداو بیرکردنەوەی ئەویدیکەی (خوێنەر/ وەرگر) لەگەڵ خەی دەکاتەوە! لەڕەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە زمانی ئەو شیعرە زمانکی هاوگونجاو و کراوەیە، زمانی کراوەش شیعری والەای لەدەکەوێتەوە.

خەونمان هەبوو،
ڕِچیرِکمان هەبوو،
ڕِبرِینمان هەبوو،

بینراوی خۆن لەسەر بنەمای گۆرانی ناوکیدا هەوێ ورووژاندنی سەزداری و پرسی رابردووی هەگرتووە، لەسەر بنەمای زمانی کراوە و شیعری واتا، کاتی لەدەستچوو و بەشایی‌کانی زمانەوانی رەنگ دەکات. بە دیوکەی دیکە وەك چۆن لەسەر بنەمای گۆرانەوە نیازی دانوستانی هەیە، بە هەمان شێوە دەشێ لەسەر بنەمای زمانی شیعری قابیلی گفتوگۆکردن بێت.

گوتمان بینین فیکرە، گوتنیش فیکرە، بەڵام ئاوەڵای بینین و گوتن لەکجیا دەکاتە (پرسی ئازادی - بۆ کوێ؟) و (کاتی لەدەستچوو- بۆ کوێ؟)یە، پرسی ئازادی ئاستاییە و کاتی بەسەرچوو دەکەوێتە رابردووەوە. ئاوەڵای بینین و گوتن لەکجیا دەکاتە، جیاوازی نێوان لەیەککەبوونەوە و جیاوازییە، جیاوازی نێوان ناوەوە و دەرەوەیە… ئەو جیاوازییانە لە کاتکوشتنی شاعیردا پەیوەندی بە نگۆرانەوەی گەردەلوولی سەیرورەی زمانەوانییەوە دەکەن.

من ئەو رۆژانە دەستم بە دەی شکاومەوە گرتبوو و ڕام دەکرد،
گوێم لەبوو دەیانگووت شتە.
ووك منداڵ بێت دەگریام، دەنگم دەرنەدەهات،
ووك توتکە سەگی لاکێان دەنوزامەوە.

گوتمان توانەوە و هەزی وێنەی ناوکی، لە چەمکی بینیندا شێوە ناگرن، ئاگرچی پەیوەندی راستەوخۆی گەردەلوولی رووتی زمانەوانی گوتن دەهۆزێنێت و شیعرییەت دەنێتەوە، بەڵام لە دەرەکانی پشتر گوتمان کاتە گەردەلوولی رووتی زمانەوانی لە سەیرورەدا بێ، کاتی بەسەرچووی ناوەوە لەبەر نییە، چونکە داهێنان لە سەیرورە و لە گۆرانی بەردەوامدایە. داهێنانی ئەو تابلۆ/ قەسیدەیە ئیش لە هەستی دەتەنگی و جەکەوتەی وێرانەیی ناوەوە دەکات، کە وێنەنەتەکان وەك میتافۆرێ پەیوەندییە جیاوازەکانیان ئاشکرا دەکەن، وەك ئاوەی بەڵێ من سەر بە نەوەیەکم کە رابردوو هیلاکی کردووە، بەڵام شیعرییەت لەسەر وێرانەیی دەروون نەوەستاوە، بەڵکو بە هەی گەردەلوولی رووتی زمانەوانی دەجوڵێ و ناوەوە دەخاتە هەژانەوە. شیعرییەت، وەك کەسکی تر قسان دەکات، نەك وەك شاعیر و وێنەنەتەکان، وەك بەشایی خەی دەنوێنێ، نەك وەك جەکەوتەی خودی. بەشایی شیعرییەت فۆرمکی تایبەتە و بەشکییە لە ڕێگای ئاویدیکەی نادیارەوە دەدوێت، نەك دیار.

تابلۆ/ قەسیدەی (ئاگرکەت لەگەڵمدا هات) هەم تاکە کەس جەدەهلە و هەم لە خود دەترازێ، لە کلاسیکدا تاکە کەس لەگەڵ بووندا تێریب و درێژ دەبەتەوە و لە جیهانی ڕۆمانتیکدا ئاوە خود بوو قسەی دەکرد. بەڵام لەو خوێندنەوەیەدا تابلۆ/ قەسیدەی (ئاگرکەت لەگەڵمدا هات) بەتەواوەتی لە تاکە کەس و خود جیاوازە. چونکە وەك تابلۆ لەگەڵ

لەیەککەبوونەوە و تەکنیکی دووبارەکردنەوە و شێواندنی هێل و ڕەگەز و توخمەکان لەگەڵ نواندنەوە درێژ بوون و بڕیار نواندنەوە لە وێنەی دیجیتاڵی خۆی نمایش دەکاتەوە. دواتریش تەماشاکردنی وەک قسیدەیەکی زمانەوانی ڕووت هەموو ئەوانە تەدەپارێنێت. ئەمەیش هەروا سادە و بە هەی هەزە نادیارەکانەوە نییە. بەڵکو بە هەی گەردەلوولی ڕووتی زمانەوانی و سەیرورە و گەرانی بەردەوامیەوەیە، بە هەی بیرکردنەوەی جیاواز و هەرەنگی و ئەرزش دانانە بە هەموانە…
واتە دوای ئەوەی لەو خوێندنەوەیەدا (یەککەبوونەوە)ی ئازارەکانمان نووساند بە جیاوازی وێنەنتەکانەوە، ئینجا جیاوازی تاکە کەس و خودمان تێپەراند، لەوەوە لە جیاوازی راستیەە گەورەکراوەکانی وێنەنت، گەردەلوولی ڕووتی زمانی هەدەکا و نوێنەرایەتی بەشایی شیعریەت و سەیرورە و شیعریەت دەکات.
بەڵام دەموویست پێش مردنم،
هەرەنگی
هشینی
هژەر
هملی
هباێندە
هببینم….

هەولێر 27/6/2024
خوێندنەوەی: عەبدولموتەلیب عەبدوڵلآ

پادەکسی شکستی ئیسرائیل!.. وەرگێڕانی: حەسەن هازانی

چەن سەرکەوتنی سەربازیی وەک شکستی سیاسی بەرهەم دەهێنێت!
نووسینی: ئەلوف بەن ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤
سەرچاوە: فەین ئەفەرس

تێبینی: ئەم بابەتە کەمێک درێژو نەشم ویست کورتی بکەموە. چونکە

ئەم تێڕوانینە نەک ئامادەکردن تاکو تەنها بیرکەو پێنت و سەرخاڵکانی دەست نیشان بکەم. بە هەر شێوەیەک لەم بەیبایە لە گرنیکەم کەم دەکردەو. ئەم بابەتە لە فایلێن ئۆفیرس دا بەاوکراوەتەو کە گۆڤارێکی وەرزیە و پێوەستە بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا. دەستی نووسەرکانی تا ئادێک ئاوڕاکردوە بە ئاوەی بتوانن چی بڵێن بیڵێن. ئەو گۆڤارە نوسەری چەپ و لیبڕاڵی لە ناودا دەنووسێت. بابەتکانی ناوی هەمویان دەگەڕێنە ١٤ تا ٢٠ لاپەڕە. ئاوەش نووسینێکی درێژە، هەر بۆیش من بە باوکردنەوە کردمە سێ بەش. جا ئەو بابەتە هەم ئازادانە نووسراوەو هەم نووسەرکەشی جولەکەیەو بەخۆشی سەرنووسەری گۆڤارێکی ئیسڕائیلییە بە ناوی هاڕێنتز. نووسەر لەم نووسینێیدا بە ئازادانە ڕەخنە لە ئیسڕائیل و سیاسەتە ڕەگەزپەرستەکەی و سیستەمی دەسەڵاتدارێتی باڵی ڕاستڕەوی نەو سیاسەتی ئیسڕائیل دەگرێ . هەروەها بە تەواوی پشتەوە دیارە کە هاوسەزی کەشتی فەلەستینەو لە گەڵ فەلەستینەکاندا بە دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هاوڕایە.(ح.ڕ)

بەشی یەکەم:

ڕۆژی٧ی ئۆکتۆبەری سااڵی ڕابردوو، حەماس دەزگا سەربازی و هەواگریەکانی ئیسڕائیلی تووشی سەرسوڕمان کرد! هەردووک دەزگاکەی ئیسڕائیل چەندین ساڵ بووە زانیویانەو زانیارییان هەبووە کە گروپە چەکدارەکانی فەلەستین ئامادەکارییەکەن بۆ هێرش کردنە سەر ئیسڕائیل بۆکوشتن و ڕفاندنی سەربازو هاوڵاتیانی ئیسڕائیل! بەاڵم ئەو دوو دەزگایە شکستیان هێنا باوەڕبەوە بکەن کە ئەو گرووپانە بتوانن و بوێریی بنوێنن یان سەرکەوتن بەدەست بهێنن لە کردنی ئۆپەراسیۆنیکی ئاهوا کە تا ئێستا وێنەی نەبووە! سوپای ئیسڕائیل و دەزگا هەواگریەکەی، هەروەها سەرۆک وەزیرانی ئیسڕائیل بنیامین ناتانیاهۆ و ئینجا بە شێوەیەکی گشتی هەموو خەڵکی ئیسڕائیلیش پێیان وابووە کە بەشی باشووری وڵاتەکەیان زۆر سەخت و قایمەو ناتوانرێت زۆفری پێبەرن، پێشیان وابووە کە باڵانسی هێزیش هەڕڵە بەرژەوەندی ئیسڕائیلدا بووە ، بۆیە هەموو لایەک پێی وابووە کە حەماس هەرگیز دەست بە کاری لەو شێوەیە نابات!

بەاڵم حەماس ئەو تەحەداو بوێریەی نواند. لە چەند ڕۆژو هەفتەی دوای ئینجامدانی ئەو هێرشە وەرانکارەدا، شتێکی هاوبەش کە لە نێو هەموو ئیسڕائیلیەکاندا دەگوترایەوە ئەوە بوو کە دەگوترا " هەموو شتێک گۆڕاوە" جا هەر بۆاستیش بە ماوەیەک ئەو قسەیە ڕاست دەرچوو کە هەمووشتێک گۆڕابوو: ئەو هێرشە بوا بەخۆبوونی ئیسڕائیلیەکانی پەرتو باوە پێکرد، ئەو متمانە درۆژخاینەی ئیسڕائیلیەکان هەیان

بوو بە ئاسایشی وڵاتەکەیان و سیاسەت و نەمە کەمایەتیەکان سەرونخوون بوویەوە! سەکردایەتی هێزی بەرگریی ئیسرائیل IDF لە شوێکدا شکڵی خۆی لەدەستدا، بە تایبەتی کە وردەکاریەکان بە خێرایی بووندەوە و بەیان دەرکەوت کە سوپا نەیتوانیوە ڕێگری لە هێرشی حەماس بکات و زەریش درەنگ فریای ئەوە کەوتووە کە بتوانێت خێرایی سڤیلی سەر سنوور و دەزگا سەربازیەکان و ئامادەبوونی بە دیفاع و سڤیلی ناو فەستیاقان و مۆسیقا بپارێزێت!
دەامای سیاسیی کە ئیسرائیلیکانی بە ماوەی نە مانگێک تا ئۆکتۆبەری حەوتی بەسەرداهات لە خۆ گرتبوو، هەوڵی ناتانیاهۆ چاکسازییەکی سەراپاگیربوو لە ناوەندەکانی دادگادا کە مەبەستی سەرکی بریتیبوو لە سنوردارکردنی سەربەخۆیی دام و دەزگاکانی دەوڵەت لە وینەی دادگای باڵاو نوسینگەی داواکاری گشتی و خزمەتگووزاری مەدەنی تەکنەکڕات بە ئەوەی هێزی زیاتر بداتە باڵە ڕاستەوەکەی خۆی و هاوپەیمانە ئایینیەکانی- ئەویان ئیتر لە بەرچاو ونبوو چونکە شڵە بەسەرداهات. ئەندازیاری سەرکی چاکسازی کە وەزیری داد، یاریف لەڤین بوو،لەوانەیە پێشیمان بووبێتەوە لە کارەکەی چونکە خەیشی بەشداربووە لە سەرقاڵکردنی ئیسرائیل پێش هێرشەکەی حەماس. ناتانیاهۆ لە ماوەی چەند هەفتەکدا کابینەیەکی یەکگرتووی شڵەی پێکهێنا لە لایەنە سیاسیە جیاوازەکان و هەزەکانی ئۆپۆزسیۆن و هەروەها نزیکەی 250 هەزار سەربازی یەدەکی بانگهێشتی نەو سوپا کردەوە بە ئەوەی هێرشی پێچەوانە بە سەر غەزە ئەنجام بدەن!
دوای ئەوەی کە هێزی بەرگریی ئیسرائیلIDF شکستی ئۆکتۆبەری 7 بەریدا، دەستی کرد بە تەسەندنەوە بە شێوەیەکی زۆر بەهێزو چە، توانای سەربازیی و فەرماندەوایی حەماسی بەسەرغەزەدا لە بەریەک هەوەشاند، بەشیکی زۆری غەزەی کردە وێرانە، زیاتر لە دوو ملیۆن لە خێرکی غەزەی ئاوارەی نۆخکرد، لە سەروی چل هەزار لە خێرکی غەزە کوژرا کە بە پێی لەدوانی هێزی بەرگریی ئیسرائیل سەبەشی ئەو کوژراوانە حەماس بوون! هیزی بەرگریی ئیسرائیل توانی بە تەواوی ڕێگریی لە حەماس بکات کە ساروخ بهاوێژن بە ناو ئیسرائیل و بەشی زۆری سیستەمی تونێلەکانی حەماسیش لە ناو غەزەدا لە ناوبران، دەگوترێت کە هێزکی ڕێکخراوی وەک حەماس ئەستا گەڕاوە بە هێزکی پەرت و بڵاوی شێوە گەریلا ئاسایی!
لە گەڵ ئەوەشدا کە هێزی بەرگریی ئیسرائیل IDF نزیکەی سێ بەشی غەزەی داگیرکردوو لە ژێر دەستی دایە، بەڵام بە زەرەک لە ئیسرائیلیکان ئەو بارودۆخەی ئەستا وەک ئەوە وایە کە ئیسرائیل دەاندبێ! جا سەرباری ئەو هەموو خۆ کەکردنەوو ئامادەکاریە،

سەرباری پشتیوانی نزیکەی نەگۆی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل، بۆماوەی هەزی بەرگریی ئیسرائیل IDF کە لە ژێر هەمان سەکردایەتی سەردەمی ئەکتەبەری 7 دایە، شکەستی هێناوە لە گەیشتن بە تەواوی ئامانجەکانی. بە نموونە یەحیا سینوار خۆی تەسلیم نەکردووە. (ئێستا یەحیا سینوار کوژراوە.. ح.ە) هەروەها نزیکەی سێد بارمتەی ئیسرائیلی هێشتا دیارنین لە ناو غەزەدا کە دەگوترێت، بە پێی دوایین لێدوانی ناتانیاهۆ، نیوەی ئەوانە هێشتا لە ژیاندا ماون! ئەو کارەساتە چەقبەستووە، لە گۆشەگیریی ئیسرائیل لە ڕووی نێو دەوڵەتیەوە، هەروەها دیدگایەکی تاریک لە ڕووی ئابووریەوە ، هەموو ئەوانە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی هەستێکی بێهیوایی نەتەوەیی ! جا لە ڕاستیدا، پاڵادکسیەکە لێرەدایە کە ڕووکارە گرنگەکانی سیاسەتی ئیسرائیل و کەمێگای ئیسرائیلیی لە دوای هەرشەکەی حەماس گەلانێکی کەمی بەسەرداهاتووە. دانیشتوانی ئیسرائیل کە نیشتەجێی سەرسنووڕکان بوون لە باشوور و باکووری ئیسرائیل هێشتا ناتوانن کە بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان! ئەو بارووخە لە باتی ئەوەی ئیسرائیلییەکان یەک بخا لە بەرامبەر یەک دوژمنی دێرینەکی کەچی درزو کەلێنی کێشە کۆنەکانەکانی گەورەتر کردووە لە نێوانی گرووپ و لایەنگرانی ناتانیاهۆ و لایەنە نەیارەکانی لە ناوخۆی ئیسرائیلدا! ناتانیاهۆ لە یەک کاتدا نەیارەکانی و دەستەکانی دەکۆتێت و بەردەوامە کە خۆی وەک چەق وناوەندی سیاسەتی ئیسرائیل نیشان بدات! هاوپەیمانیی باڵی ڕاست کە ناتانیاهۆی لە دەسەڵاتدا هێشتەوە داواکارییەکانی بۆ وردوخاشکردنی بزووتنەوەی بۆ دەوڵەتبوونی فەلەستینیەکان زیاد کردووە لە گەڵ جێگرتنەوەی نوخبەی ئیسرائیل. کە ئەوەش داواکارییەکی بۆ ڕواڵەت جوانە بۆ لە ناوبردنی دام و دەزگا دەموکراتی و لیبراڵیەکانی ئیسرائیل!
لە دوای ئەوەش، لە 7ی سێپتەمبەری ئەمساڵدا، سوپای ئیسرائیل دەستی کرد بە ئەنجامدانی زنجیرەیەک لە پڕچەکرشی بۆمبرانە لە دژی ترسناکترین هاوسێی دوژمنی کە میلیشیاکانی حیزبو اللەی لوبنانی بوون- کەهاتن بەرەیەکی تری شەڕیان لە دژی ئیسرائیل لە لای باکوورەوە کردەوە هەر یەک لەژ دوای ئەوەی حەماس لە لای باشوورەوە هەرشی کردە سەر ئیسرائیل! ئیسرائیل توانی ڕابەری دێرینی حیزبو اللە، حەسەن نەسروالللە، بکوژێت وهەرشی زەمینیش بکاتە باشووری لوبنان ئەنجام بدات! جا لێرەدا زەرەک لە شەڤکارانی میدیای باوی ئیسرائیلیی ئەو فراوانبوونی شەڕیان لە لای باکووری وەڵاتەوە وەک دەرفەتێک دەبینی: نەک هەر بۆ ئیسرائیل کە بتوانێت حیزبو اللە تەفروتونا بکات بەڵکو وەک دەرفەتکیش بۆ وەڵاتکەیان تا بیسەلمێنن کە ئیتر ساڵی شەک و پەمەترسییان تێپەڕاندو لە لایەکی

تریشەوە بیسەلمێنن کە زیرەکیی وەهزو توانای تەکنەلەجییان جارەکی تر بەتەوە نەو ناوان لە ڕووی نەو دەوڵەتییەوەو ئاهەنگی لە بەرگرن! بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەروەک چۆن شەڕی ناو غەزە ڕاستیە سامناکە شاراوەکانی زەرەک لە ئیسرائیلیەکانی نیگەرانی کە چاوەڕوانیان بوون بگەڕێن، بە هەمان شێوەش ئەم بڕیارە تازەیەش لە شەهەر نایان گەیەنێت! بڕیارێکی تازەی شەڕ هیچ ناگەڕێت هەتا ئیسرائیل ڕووبەڕووی گەورانکاریی قووڵترنەبێتەوە لە سیاسەتی ناوخۆی خۆیداو هەروەها لە بڕیارەکانی فەلەستینیەکانیشدا!

جووڵەو ئەملاولای پاڕادەکسیانە!

یەک هەفتە دوای هەڕەشەی ئۆکتۆبەری 7 ، ئۆگەر بە ئیسرائیلیەکی ئاسایی یان هەتا بە لایەنگرێکی (ناتانیاهۆ)شت بگوتبایە کە ناتانیاهۆهەرسەرەک وەزیران دەبێ بەماوەی ساڵێکی تریش و لە لایەن هەمان باڵی ڕاستیشەوە پشتی دەستاتەکشی دەگیرێت لەوانەیە ئەو کەسە باوەڕی پێت نەکردبایە! چونکە بە درێژایی مێژووی ئیسرائیل درکەوتووە حکومەتی مەدەنی لەکارکەوتووە دوای هەر کارەساتێکی ئەمنیی زەر خەراپ کە بەسەر ئیسرائیدا هاتبێت! بە نموونە دوای شەڕی سوپا لە شەڕی 6 ئۆکتۆبەری1973 لە نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا، یان لە کاتی لەشکرکێشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان لە ساڵی 1982 ، کاتێک کە سەربازە یەدەکەکانی ئیسرائیل لە بەرەکانی شەڕ گەیانەوە دەستیان دایە ناڕەزایەتی و وایان لە گۆڵدا مییر سەرەک وەزیران و مەناحیم بیگن کرد کە دەست لە کار بکێشنەوە!. جا لە هەردووک حاڵەتەکەدا چەند مانگێکی پێچوو ئینجا حکومەت کەوتە خۆی و دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد بۆ ئەوەی بزانێت کە بۆچی ئەمە ڕوویدا!

ئەی تەدەچوو، ئۆگەر بتگوتبایە دەخی ناتانیاهۆ زەر خەراپتردەبێت لەوانەی پێش خۆی! لە سەرووی دەیان ساڵێ ئەو پیاوە لە ناو سیاسەتدایەو هەمیشەش خۆی وەک مامۆستای ئاسایشی وەتات پیشانداوە. ئەو دەیگوت کە باشتر لە جەنەراڵەکانی ئیسرائیل دەزانێت وەتات بۆ سەلامەتی ڕابگرێت، ئەو پێی دەگوتن بۆ دیدگاو ترسنۆکن و زەر ئاگایان لە ئارەزووەکانی ئەمریکایە! توندترین ڕکابەری سیاسیی ناتانیاهۆ لە ماوەی چەندین ساڵی سیاسەتیدا بریتیبوون لە فەرماندە سەربازیەکانی پێشوو کە هەندێکیان سەرەک وەزیر بوون و هەندێکیش وەزیری بەرگریی بوون، بە نموونە کەسانی وەکو ئیسحاق ڕابین، یەهود باڕاک، ئامیاڵ شارون، بێنی گانتز، هەروەها وەزیری بەرگری ئێستا یوڤاڵ گالانت. لە ڕووی نەریتیەوە بەرزترین پلە باڕاکانی هێزی بەرگریی ئیسرائیل IDF و دەزگای هەواگریی ئیسرائیلی بەدەست ئۆشکەنازیە لیبڕاڵەکانەوەن کە ناتانیاهۆ زەر دەمکە لە هەوەی ئەوەدایە دەست بەسەر ئەو دوو دەزگایەدا بگرێت! هەر ئەو

دامەزراوانەش بووون کە سەرکردایەتی ئاپۆینی جەماوەریی ئیسرائیلیان کرد لە بەرامبەر پڕۆژەیەکی ناتانیاهۆ بۆ چاکسازییەکی گشتی لە دەسەڵات و دەزگای دادوەرییدا!
بەڵام بەردەوام بوونی ناتانیاهۆ لە دەسەڵاتدا ڕێنگۆ پێوەندی بەو بارودۆخەی سالی ڕابردووەوە هەبێت لە مژووی ئیسرائیلدا! تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت ناتانیاهۆ ڕاستی دکاتەوە بچێتە ژێر باری هیچ بەرپرسیاریتیەک لە کوژرانی 1200 ئیسرائیلی ودەستدرێژی و بریندارکردنی چەندین کەسی ترو بۆ بارمتەگرتنی 250 ئیسرائیلی لە لایەن حەماسەوە، هەروەها ئەو هەموو وێرانیەی کە بەسەر وڵاتیاندا هینا، کە هەموو ئەوانە لە تەنها یەک ڕۆژدا بەسەر ئەو خەڵک و کەمپەگایانەی سەرسنورکانیاندا هێنا، ئینجا دوای ئەوە دەست کرا بە چەکرنیان و ڕاگواستنیان بۆ شوێنکی ترا! ئاستی جەماوەریی ناتانیاهۆ بەرەو دابەزین ڕۆیی هەرچەندە لە کۆتاییەکانی سالی 2023بەرەو سەرەوە بۆ شەوێکی بەرچاو بەرەو باشی ڕۆیی بەڵام هێشتا ئاستی جەماوەرییەکەی ناگا بە ڕکابەرەکانی لە وێنەی نەفتالی بێنێت سەرەک وەزیرانی پێشووی ئیسرائیل. ڕاپرسیەک لەو بارەوە هەر دوای کوژرانی حەسەن نەسرولڵا ئێنجامدرا لە لایەن کەشت 12 کەناڵی سەرەکی هەواڵی ئیسرائیل، دەرکەوت کە ئەگەر بێت و ئێستا هەڵبژاردنێک لە ئیسرائیلدا ئەڵێ بکرێت، هاوپەیمانی ناتانیاهۆ کە 68 کورسییان لە کەنەست داهێێ دادەبەزێت بۆ 46 کورسی! ناتانیاهۆ باش تێدەگاو زەر باش هەڵومەرجەکە دەخوێنێتەوەو دەزانێت کە خەڵک لەی تووڕەیە، هەر بۆیش ستراتیژیێتکی فرەلایەنەی دەستداوەتە بۆ مانەوەی خەی لە دەسەڵاتدا! وا بۆ ماوەی ساڵێک دەچێ ناتانیاهۆ و پڕۆسەکەی تەواوی بەرپرسیاریەتی ڕوودانی ئۆکتۆبەری 7 دەخەنە ئەستۆی هەزی بەرگریی IDFو شاباک دەزاگای ئەمنی ئیسرائیلی کە بەرپرسن لە دوسیەو چاودێریکردنی فەلەستینیەکان و سەرباری ئەوەش خەتای هەموو ئەوانەش کە نەیان هێشت چاکسازی لە دەزگای دادوەریدا بکرێت بۆ تایبەتی ئەو سەربازە یەدەکانەی کە هەڕەشەی وەستاندنی ئەرکەکانیان کرد ئەگەر بێت و دەست بۆ ئەو کارە ببرێت!

ئەلوف بەن سەرنووسەری ڕۆژنامەی هارەتز! سەرچاوەی ئەو نووسینە:
https://www.foreignaffairs.com/middle-east/israel-paradox-def.
eat-aluf-benn

دیداری هونەرمەند پەرەنگ فەرازمەند.. هەڤپەیڤین-کامەران حاجی ئیلیاس

هونەرمەند پەرەنگ فەرازمەند: لەگەڵ موزیك و گۆرانی گەورە بووم، موزیك هەمیشە بەشێك لە ژیانی من بووە
هونەرمەند پەرەنگ فەرازمەند: سایانێکی زۆر سەرقاڵی تۆژینەوەم لە سەر موزیکی کوردی
هونەرمەند پەرەنگ فەرازمەند: هەر خزمەتێك لە دەستم بێ بە کوردستان و زانکۆکانی کوردستان دریغی ناکەم
هونەرمەندی ژنیار خاتوو(د.پەرەنگ فەرازمەند)،لە بنەماڵەیەکی هونەری لە ساڵی 1982 لە شاری مەهابادی ڕۆژهەاتی کوردستان لە دایك بووە .لە لە تەمەنی 9 ساڵیدا بۆژنینی ئامێری پیانۆ دەستی بەهونەری موزیك کردوە.ئەو سایانێکی زۆر سەرقاڵی تۆژینەوە لە سەر موزیکی کوردیە وە لەوەاتی ئەمانیا وەکو مامۆستای ئێتنەموزیکۆلۆژی لە زانکۆی (مارتین لوتەر)،وانە دەڵێتەوە .لە ئێستادا هونەرمەند پەرەنگ فەرازمەند هەموو توانەکانی خۆی تەنیا لە سەر تۆژینەوە مەیدانیەکانی لە سەر موزیکی کوردی لە بەشە جۆراو جۆرەکانی کوردستان تەرخان کردوە… ئێمە بەباشمان زانی بە ئاشنا بوون لە کارو چالاکیەکانی بەچەند پرسیارێك بەسەری بکەینەوە.

هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئیلیاس

*سەرەتا بابزانین ژنیار(پەرەنگ فەرازمەند) چۆن ئاوێتەی هونەری موزیك بوو؟

- من لە بنەماڵەیەکی موزیك دەست لە دایك بووم لە دایکێك کە لەسایانی پێنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، لە ڕادیە مەهاباد گۆرانی گوتووە و هەروەها ئامێری کەمانی ژنیوە. ڕۆژانە ماڵەکەمان بە دەنگی موزیك و گۆرانی دەڕازاوە. کەوابوو من لەگەڵ موزیك و گۆرانی گەورە بووم و موزیك هەمیشە بەشێك لە ژیانی من بووە. هەر دایکم و باوکیشم ئامێریان دا دەستی من و خوشك و براکانم وە زۆریان بێ لاوە گرنگ بوو کە بە شێوەیەکی پڕفشناڵ موزیك فێر بین و لەگەڵ

موزیك بژین. لە نێو هەموو منداڵەكان هەر من بە شێوەیەكی ئاكادمیك درێژم بە هونەر دا بڕیە كەسك لەكەش و هەوایەكی ئاوا دا گەورەبووبێت بەگومان ئاوێتەی میوزیك و گەرانی دەبێت.

*لە نێو ئێو هەموو ئامێرە موزیكیانە بۆچی تە ئامێری پیانێت هەڵبژارد؟

- لە ڕاستیدا هەر دایكم و باوكم ئێو ئامێریان دا دەست من، بەڵام من بە هەموو شێوە خولیای موزیك بووم وە لەفڕبوونی پیانۆ سەركەوتوو بووم. بەڵام كە گەشتمە تەمەنی 15 و 16 ساڵان خەم زیاتر لە موزیكی ڕۆژهەڵاتی و تێنێ ڕۆژهەڵاتیكاندا دەدەزیەوە وە پێوەندیەكی ڕۆحی زیاترم لەگەڵ تێنێ ڕۆژهەڵاتیكان و بە گشتی میوزیكی ڕۆژهەڵاتی و لە سەرووی هەمووان موزیكی كوردی دروووست دەكرد، هەر لەبەرئەوەش خەم ئامێری تارم وەكوو ئامێری دووهەم هەڵبژارد.

*كێن ئێوانەی هاوكار و پاڵپشتی تێیان كردوە بە ئێوەی بگەردوام بیت و بگەیتە ئێو ئاستەی ئێستا؟

- بە دڵنیاییەوە گەر پاڵپشتی ماددی و مەعنەوی دایك و باوكم نەبووایە بە تایبەت لە كەمەگایەكی وەكوو ئێو سەردەمی ئێران، هەرگیز نەمدەتوانی درێژە بە هونەر بدەم. چوونكە لە ئێرانی ئێو سەردەم دا بەر بەست زەر زەر بوو لەسەر ڕێگای هونەر و ژیانی هونەری بەتایبەت بە خانمان. پاشانیش پاڵپشتی و دڵسۆزی مامۆستاكانم بوو كە زەر هانیان دەدام بەرەو پێشكەوتن بچم. هەر بۆیە هەمیشە مەمنونیانم و دڵستخۆشیان لە دەكەم.

*بەرێزتان توێژینەوەیەكی تەرو تەسەلتان لەسەر موزیكی كوردی ئەنجام دا كە چەند ساڵێكی خایاند، دەرئەنجامی بۆچی گەیشتی؟

- بەڵێ من ساڵانێكی زەرە كە سەرقاڵی توێژینەوە لە سەر موزیكی كوردی. وەكوو یەكەم هەنگاو هەوەم دا ژێنینی ئامێرێكی كوردی وەكوو شمشاڵ فڵر بم وە هەروەها خەم فەری خوێندنی مەقام و فەرمە كوردیەكان كرد نێك بە ئێوەی ببمە گەرانیبێژ یا خود شمشاژەن، تەنیا بە ئێوەی لە دنیا و لە ڕۆحی موزیكی كوردی تێبگەم. پاشان توێژینەوەكانم بەشێوەیەكی مەیدانی ئەنجام دا لە دوایشدا كتێبێكم لە سەر موزیكی كوردانی دیاسپۆرا لە سوید بە زمانی فارسی نووسی كە بە تەمام وەریگەڕمەوە بە سەر ئینگلیزی. ئێستاش خەریكی نووسینی كتێبێكم لەسەر بابەتی هەز

و جەندەر لە موزیکی کوردی دا کە بە زمانی ئینگلیزیە وە تا سالی داهاتوو بەاو دەکرێتەوە. دوو ئاتیکلیشم لە سەر ئامێرە موزیکیەکان وە هەروەها مەقام و فەرمە کوردیەکانی ناوچەی موکریان نووسیوە. لە داهاتووشدا بە تەمای نووسینی کتێبێکم لە سەر فەرم و مەقامەکانی ناوچەکانی دیکەی باشوور و باکووری کوردستان.

*لەوەاتی ئەمانیا،مامۆستای ئێتنەموزیکۆلۆژین لە زانکۆی (مارتین لوتەر)،دکرێت باس لە چۆنیەتی خوێندن لەو زانکۆیە بکەیت؟

- لە زانکۆی مارتین لوتەری ئەمانیادا، سێ بەشی جیاوازمان هەیە لەسەر موزیك کە لەگەڵدا بە هەر بەشە دەگووترێ "ئۆنیستیتێ": ئۆنیستیتێی موزیکی کلیسایی، ئۆنیستیتێی موزیك پێداگۆژی، وە هەروەها ئۆنیستیتێی موزیكناسی کە بەشی ئێتنەموزیکۆلۆژی لقکە لە موزیکناسی کە چوار قۆناغی بەکالۆریس، ماجستێر و دکتۆرا و پۆست دکتۆرا لە خۆ دەگرێت. هەبەت لە ئۆنیستیتێی موزیکناسی خوێندکاری بەکالۆریوس و ماجستێر دەبێ لە هەموو کۆرسەکانی بەشەکانی ئێتنەموزیکۆلۆژی، موزیکناسی مێژوویی، موزیکناسی سیستماتیك وە هەروەها موزیك و میدیا بەشداری بکەن. بەڵام ئازادن کە پێژەی کۆتایی خوێندنیان لە کام لەو بوارانەدا بنووسن. بەڵام لە قۆناغی دکتۆرا و پۆست دکتۆرا تەنیا دەتوانن بە نموونە لە سەر ئێتنەموزیکۆلۆژی تێزەکەیان بنووسن.
- وەکو ژمێرەك موزیکی کوردی لە ئێستادا لە چ ئاستەك دایە؟
- من حەز ناکەم بە شێوەیەکی ئەرێنی یاخود نەرێنی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە. لەبەر ئەوەی کە لە هەموو سەردەمەکدا موزیکی هەموو میللەتان ئاڵ و گۆڕی بەسەر داهاتووە وە هەمیشە ئەو ئاوگۆڕانە لایانگران و کەسانی ئازی و نائازیان هەبووە. من وەکوو حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگر چاو لە دەخی ئێستای موزیکی کوردی بە تایبەت لە باشوور و ڕۆژهەڵات دەکەم کە ستایل و شێوازی جۆاوجۆر و هەمەڕەنگی لەخۆ گرتووە. زۆر جار شوناسێکی تێکەڵاویان لە موزیکی کوردی و غەیری کوردی بە خۆ گرتووە. لە هەموو ستایل و ژانرە نەریتی و غەیرە نەریتیەکانیشدا هەم موزیکی زۆر باشمان گوێ لێیە وە هەم کاری لاوازیشمان بە گوێ دەگات. بەڵام لە ڕووی ئەوەی کە لە سەردەمی ئێستا دا هەموو کەس دەزگا و پلاتفۆرمێکی سەربەخۆی تایبەت بە خۆی بەردەستە هەموو جۆرە بەرهەمێك و بە

هەموو کوالیتیەك بۆ ئاسانی بۆاو دەکرێتەوە. بۆیە بۆ لەچاو ساڵانی ڕابردوو ژمارەی کارە لاوازەکان لە پێنا کارە زۆر باشەکان زیادی کردووە.
*هیچ هەماهەنگیت لەگەڵ هونەرمەندانی کوردستان هەیە؟بیرت لەوە نەکردەتەوە بگەڕیتەوە کوردستان؟

- بەڵێ من بەردەوام لە گەڵ چەند هونەرمەندێکی زۆر باش لەپێوەندی دام و زۆر جار بۆ سەعات خۆریکی گفتوگۆ کردن و ڕا و بۆچوون گۆڕینەوەین وە هەموو ئەو گفتوگۆیانە بۆ تایبەت بۆ من وەکوو کەرسەك وایە کە پێی لە فێرکاری. بۆ دڵنیایییەوە پەمخۆشە لە کوردستان بم. بەڵام هەموو شت پێوەندی بۆ دۆخی ژیانی ئاکادمیکی من هەیە. لە ڕاستیدا تا ئەو کاتەی خۆریکی کاری ئاکادمی بم بۆ هەمیشە ناتوانم لە کوردستان بم . بەڵام هەر خزمەتێك لە دەستم بۆ بۆ کوردستان و زانکۆکانی کوردستان درێغی ناکەم.
*چۆن دەتوانین شوناسی موزیکی کوردی بپارێزنین ؟

- ئەو پرسیارە تازەك قورسە! باشترە بڵێم هەستیارە. لە بەر ئەوەی لە هەر سەردەمێکدا و لە هەر بەشێکی کوردستان موزیکی کوردی وەکوو هی هەموو میللەتانی دیکە شوناسێکی تایبەت بۆ ئەو سەردەمی وەخۆ گرتووە. بەڵام بۆ ڕای من لە ئێستادا خۆ پاراستن لە لاسایی کردنەوەی موزیکی تورکی و عەرەبی و فارسی و میللەتانی دیکە و هەروەها تێکنەدانی گۆڕی بیسەرەکان و ڕانەهێنانی گۆڕی ئەوان بۆ موزیکی غەیری کوردی دەتوانێ زۆر کاریگەر بێ. دەبێ مامۆستاکانیش میتۆدێکی تەواو کوردانە بگرنە بەر بۆ فێرکردنی نەوەی نوێ. هەروەها میدیاکانی ژێرکیتریان هەیە بۆ پاراستنی شوناسی موزیکەکەمان. ئەوانیش دەبێ تازەك هەستیارانەتر بڕەهەم بگەیەنن گۆڕی بیسەری کورد. ناڵێم شتی سەردەمیانە بۆاو نەکەنەوە بەڵام دەکرێ لە پێنای شتێ سەردەمیەکان، بەردەوام فۆرم و دەنگی کوردیە ژەسەنەکانیش بۆاو بکەنەوە. بۆ نموونە بۆ کوردێکی ژاژهەڵات زۆر گرنگە کە گۆڕی لە مەقامەکانی ناوچەی گەرمیان و کەرکوك و هەولێر و خانقین ببێ. چوونکە شوناسی کوردی بۆ ئاگادار بوون لە کەلتووری هەموو بەشەکانی کوردستان مانا پێیدا دەکات و دەپارێزرێت.
هونەرمەند پێرەنگ فەرازمەند لەچەند دێڕك دا:
. – لە تەمەنی هەفدە ساڵیدا دەستی بە فێر بوونی ئامێری

تاری ئەرانی کردوە

- دوای تەواو کردنی خوێندن لە قوتابخانە، لە ساڵی 2001 بە خوێندنی باڵا لەسەر موزیکی کلاسیکی ڤیۆلاوایی دەچێتە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران . بەکالۆریۆس و ماجستێری میوزیك وە پاشان ئێتنۆمیوزیکۆلۆژیی لە زانکۆی تاران تەواو کردوە.
- دکتۆرای ئێتنۆمیوزیکۆلۆژی لە زانکۆی مارتین لوتەری لە وڵاتی ئاڵمانیا خوێند وە لە ساڵی 2020 ی وە بوتە مامۆستای بەشی میوزیکۆلۆژی و ئێتنۆمیوزیکۆلۆژی لە هەمان زانکۆ دا.
- بۆ ماوەی بیست ساڵ لە چەندین قوتابخانەی موزیك لە تاران و هەروەها دوو ساڵ لە زانکۆکانی ئێران وانەی جەراوجەری موزیکی وتووەتەوە.
- لە ساڵەکانی 2002 وە 2003 ئەندامی گرووپێکی موزیکی کوردی بووە بەناو(نیشتمان) کە پێکهاتبوو لە کەمانژەك لە خوێندکارە کوردەکانی موزیك لە زانکۆ جەراوجەرەکانی تاران.
2000 – تا 2007 ئەندامی ئەرکێستڕای زانکۆی تاران وە هەروەها ئەندامی ئەرکێستڕای زانکۆی ڕادیو و تەلەڤیزیۆنی تاران بووە.
- لە 2008 بوتە ئەندامی ئەرکێستڕای میللی سیمرغ لە تاران.
-لە ساڵی 2006 تاوەکو 2012 وەکو پیانیست ئەندامی گرووپێکی سیانی میوزیکی کلاسیکی ڤیۆلاوایی لە تاران کاری کردووە.
-لە ساڵی 2013 تا ساڵی 2014 مامۆستای موزیك بووە لە زانکۆی سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
- لە ساڵی 2003وە تۆژینەوەی لەسەر موزیکی کوردی ڕۆژهەڵات و باشوور و باکووری کوردستان دەستپێکردوە و لە ساڵی 2017دا تۆژینەوەکانی گواستەتەوە سەر موزیکی کوردانی دیاسپۆرا لە وڵاتی سوید.
- ماستەر و تێزی دکتۆراکەی لەسەر موزیکی دیاسپۆرای کورد لە سوید بووە، هەروەها بابەتی (پەیوەندی دەستەات و جێندەری لە موزیکی نەریتی و فرانتێیشناڵی کوردیدا) نووسیوە.
لە ساڵی2020 بوتە مامۆستای ئێتنۆموزیکۆلۆژی لە زانکۆی مارتین لوتەر (Martin Luther .University) – لە وڵاتی ئەڵمانیا.



لە کوردستان هەبێت بردیەوە.. د.هێژار عثمان معروف

مرۆڤایەتی هەرچی جۆگا هەیە تاقییکردەوە بە خەستنی ژیانی گشتی کە پاشاکان وجاخکوێر دەبون خەڵکی کەبەو لە ناوەڕاستی شاردا لەدەگەڵان باندی هوما بەسەر هەر کەسکەو بنیشتەوە و دەیانکرد بە پاشا، کە جێنشینی سولتانکانی عوسمانی لە کۆتک زیاتر دەبون، کامیان دە و دەندە و زیاترین تینوی دەسەڵات بوایە ئەوانی تری بە شەوازی جەرا و جەر و فەوفە بەبەزەییانە لە ناودەبرد یا لەکەڵ خۆی دەکردنەوە بە دورخستنەوە و زیندانی هەتاهەتایی. کە وردە وردە سەردەمی پاشاکان بەسەرچو حیزبە سیاسیەکان دروستبون و کەوتنە گرتنە دەستی دەسەڵات بە کودەتای سەربازی لە پاشا و قەیسەر و مەلیکەکان یا بە ئاپۆینی جەماوەری، ئینجا دوای چەند ساڵێک خەیان دەبون بە دەعبایەکی نوێ کە ناویان لێنا دیکتاتەر و زەر جار دیکتاتەرکانی وەک هەتلەر و مەسەلینی و ستالین وکەمال ئەتاتورک و قەزافی و سەدام و نومەیری وکیم ئیل نون...لە پاشا و سوڵتان و قەیسەر و مەلیکەکان خوێنڕژتر و نادادپەروەرتر دەردەچون و خەڵکی وەتەکانیان بە حەسرەت و ئاهکێشانەوە دەیان وت خۆزگەم بە کفندزکەی پێشو!

ئینجا مەدەی ئابری ئاینی ومەزهەبی هاتگۆڕێ و دەسەڵاتدارێ

ئاینیەکان خەیان ناونا خەلیفەی مەعسوم لە گوناه و جێنشینی خودا و ئاسحابە و پێغەمبەرەکان و لەم دەعبا دەندە کەن – تازانەوە لافاوی شەڕە ئاینی و مەزهەبەکانی ناو ئیسلام خۆی و نەوان ئیسلامی جیهادیی هەردو باڵی شیعە و سونی لە لایەک و جولەکەی سەهیونیی ڕۆگەزپەرست و داگیرکەری خاکی فەلەستینیەکان لە لاکەی تریەوە دروستبو، ئەمانە بە ئاوەی پرس بە گەلەکانیان بکەن زەر بەبەزییانە لە شەڕی خوێناوی و وێرانکەریان گلاندن کە تائێستا بە دەندانترین شێوەی نوێی چەک بەردەوامە! باشە تەی موجاهید کە حزت لە شەهید بون و چونە بەهشتە ئایا سەدان هەزار ژن و منداڵ و پیاوی بێوەی کە موسوڵمانێتیی خەیان دەکەن و ژیاندەست و دنیادەستن و حزیان لە خشیکانی دنیایە بە لەم شەڕەی تاوە تۆوگلەن و بکوژڕن و بریندار ببن و برسی و نەخۆش لە کەمپی ماوەڕانکراوەکان دا بکەونە سواڵی نان و ئاو و دەرمان، ئەمە چ حیکمەت و حڵق و دادپەروەرێکە؟
تا ئێستا ئەو شەوازی حوکمەی لە جیهانی ڕۆژاوا بە تایبەتی لە ئەوروپای ڕۆژاوا و وڵاتانی سکەندناڤی لە پرسیەکی مژویی پە ژان و ئاژاوە و چەندین شەڕەی کورت و درێژخایەن هاتەکایە و گەشەی بەردەوامی کردوە، لەگەڵ هەمو کەموکورتیەکانی، هەشتا باشترین شێوازی حوکم و بەڕێوەبردنی ژیانی گشتیە. ئەبەتە لەو وڵاتانە هەبژاردن بوتە کولتورێک چونکە لە هەمو جەر و ئاستەکانی ژیانی گشتی ساڵانە یا هەر چەند ساڵ جارێک بە دواخستن بەڕێوە دەچێت، بە نمونە هەبژاردنی پەرلەمانی سەرتاسەریی هەمو وڵات، هەبژاردنی پەرلەمانی هەرێمە فیدرالیەکان و ئەنجومەنی شارەوانی و پارێزگاکان، هەبژاردنی سەندیکا و سەرکردایەتیی حیزبەکان و ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی یانە وەرزشی و کەمەڵایەتی و کەمپانیا و بانک و.... تەنانەت پاپای فاتیکانیش بە هەبژاردن دەچێتە سەر کورسیی پاپایی.
بەیە زەر گرنگە هەمو تاکێکی هەراشی گەلەکەی ئەمەش زانیاریی سیاسیی هەبێت لە سەر چۆنێتیی بەڕێوەبردنی وڵات و حیزبە سیاسیەکان، دەزانم و ناحەقیشمان نیە! کە ئیمە لە هەرەمەکەمان سیاسەت و حیزبایەتی و بە تایبەتی کەسی حیزبی خەڵک بەوای پێیان نەماوە و هەوە دەدات دوربەت لێیان، بەڵام ئەمە ڕاست نیە چونکە هەمو شتێکی ژیانی ڕۆژانەمان پێیوەندیی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی بە سیاسەتەوە هەیە و کەمترین شتێک کە دەبە وەک ئەرکەکەی سەرشانت بیکەیت چونتە بە دەنگدان لە هەمو جەرەکانی هەبژاردندا، دەست دەگرم بە کەڵاوی خەمەوە با نەیبات ناخوا، کەین و بەکاربردنی پەویستیە شمەکیەکانی ژیانی ڕۆژانە و پاەدانەوە لە قەنەفەکەت دا و سەیرکردنی زنجیرە کۆری و تورکی و ... یا چەپڵە و حەسرەت و هەچون

بە یاریکانی بڕشە و ئیال مەدرید و...بەس نین، حەیفە ژیانت ئاوا تەنگ و تەسک و خەمەشی و تەنیەکی چەندبارەبووی بە چێژ بێت! دەزانم دەستپاتی ئاستەقینە لە ناو پڕلەماندا نیە، بەڵام یاساکان لەوەوە دەردەچن و ئۆگەر پڕلەمان خەکی دەستەز و بەتوانا و هەشنەبیری زۆر تێدابێت ئەوا یاسای باش دادنەنن کە دەبێتە بناغەیەکی مکومی حکومەت و بەدیهێنانی دادپەروەریی ئابووری و گشتی. بەدوری نازانم پارتە دەستەپاتدارەکان فێ و فێڵ و دزی و گزیان کردبێت، بەڵام لە چاو هەڵبژاردنەکانی تردا ئەم جارە کەمتر بون خەشحاڵم کە لە هەڵبژاردنی ٢٠ی١٠ی٢٠٢٤ دا بەشداربوم و بینیم بەشداربوان زۆر بون، ئارام و هاوسەنگ بون، هیچ شەڕ و پێکدانێک نەبوی نەدا، بە ڕاستی سەلماندمان ئینسانی کورد مەدەنیە و ژیاندەستە و توانای پێشکەوتنی زۆری تێدایە.

د.هێژار عثمان معروف

کاریگەری زەبری دەروونی لەسەر هیپێکامپەس.. 155.. ابراهیم موحەمەد(ئیبراهام لەقای)

زنجیرەی ١٥٥

زەبری دەروونی کاریگەرییەکی قوول و درێژخایەنی لەسەر مێشکی مرۆڤ هەیە، بەتایبەتی لەسەر بەشی هیپێکامپەس کە ڕۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی یادەوەری و فێربووندا دەگێڕێت. هیپێکامپەس بەشێکی بچووکی مێشکە کە لە سیستەمی لیمبیکدا هەڵکەوتووە و بەرپرسیارە لە دروستکردن و پاراستنی یادەوەرییە درێژخایەنەکان. کاتێک کەسێک ڕووبەڕووی ڕووداوێکی زۆر ستڕەس یان مەترسیدار دەبێتەوە، ئەمە دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕانکاری فیزیۆلۆژی و کیمیایی لە هیپێکامپەسدا.

یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی کاریگەری زەبری دەروونی لەسەر هیپێکامپەس، بەرزبوونەوەی بڕدەوامی ئاستی هورمۆنی کۆرتیزۆڵ لە لەشدا. کاتێک کەسێک لە دۆخێکی ستڕەسی بڕدەوامدایە، جەستە بەکی

زۆر لەم هەرمانە بەرهەم دەهێنێت. ئەم زیادبوونە بەردەوامە لە کرتیزۆڵ دەبێتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندی نێوان خانەکانی دەماغ (نیورۆن) لە هیپۆکامپەسدا و تەنانەت دەتوانێت ببێتە هۆی مردنی ئەم خانانە. هەروەها، زیادبوونی دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی فاکتەری نیورۆتڕۆفیکی مێشک (BDNF)، کە ڕێکی گرنگ لە گۆشکردن و پاراستنی خانەکانی دەماغدا دەگێڕێت.

نیشانەکانی کاریگەری زیادبوونی لەسەر هیپۆکامپەس دەتوانن جیاوازبن. کەسەکە لەوانەیە کێشەی هەبێت لە دروستکردنی یادەوەری نوێ یان لە بیرهێنانەوەی ڕووداوە کۆنەکان. هەروەها دەکرێت کێشەی هەبێت لە فێربوونی زانیاری نوێ یان لە گواستنەوەی زانیاری لە یادەوەری کورتخایەنەوە بۆ یادەوەری درێژخایەن. لەوانەیە کەسەکە هەست بە دڵەڕاوکێ و خەمۆکی زیاتر بکات، چونکە هیپۆکامپەس ڕێکی گرنگ لە ڕێکخستنی هەستەکان و کۆنترۆڵکردنی سترێسدا دەگێڕێت.

خۆشبەختانە، مێشک توانای خۆچاککردنەوەی هەیە و چەندین ڕێگا هەن بۆ یارمەتیدانی چاکبوونەوەی هیپۆکامپەس دوای زیادبوونی. چارەسەری دەروونی، بەتایبەتی شێوازەکانی وەک چارەسەری ڕەفتاری-دەروونی (CBT) و چارەسەری پرۆسەسکردنەوەی زیادبوونی لە ڕێگەی جووڵاندنی چاوەوە (EMDR)، دەتوانن یارمەتی کەسەکە بدەن لە مامەڵەکردن لەگەڵ بیرەوەرییە ناخۆشەکان و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی زیادبوون. هەروەها، ئاهەنانی جەستەیی بەردەوام، خەوی تەواو، و پراکتیزەکردنی تەکنیکەکانی کەمکردنەوەی ستڕێس وەک مەدیتەیشن و یۆگا دەتوانن یارمەتی گۆشکردنی خانە دەماریەکانی هیپۆکامپەس بدەن.

سەرچاوە زانستییەکان:
وەک توێژینەوەکانی دکتۆر ڕۆبەرت ساپۆلسکی لە زانکۆی ستانفۆرد و لێکۆڵینەوەکانی دکتۆر بروس مەکئیوین لە زانکۆی ڕۆکفێلەر، بەڵگەی زۆریان پێشکێش کردووە سەبارەت بە کاریگەرییەکانی ستڕێس و زیادبوونی لەسەر هیپۆکامپەس. هەروەها، گۆڤاری نیورۆسایەنس و ژورنالی زانستی سایکۆلۆژی چەندین توێژینەوەیان باوکردووەتەوە کە پەیوەندی نێوان زیادبوونی دەروونی و گۆڕانکارییەکانی هیپۆکامپەس دەخەنە ڕوو. ئەم سەرچاوانە گرنگییەکی زۆریان هەیە لە تێگەیشتن لە میکانیزمەکانی کاریگەری زیادبوونی لەسەر مێشک و دەزینەوەی ڕۆگانی چارەسەر و خۆپاراستن.

سەرقامگیری چارەنووسساتی ناوچەکە.. دژوار عەبدولقادر

هەوڵی دروستکردنی چارەنووسێکی ناوچەکە و دوور لە تووندوتیژی وەک ئامادەکارییەک بۆ وەشاندنی گورزی سەربازی لە ئێران بەکارکەنارکردنی پرۆژەنیوکلیەرکان دەستی پێکردووە.
لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەشێکی زۆر لە وڵاتە عەرەبیەکانیش بۆ ماوەیەک گەیشتوون ئێران هەڕەشەیەکی جدیی ناسەقامگیری ناوچەکەیە. ئەم هەوڵە گۆڕیە بۆ بزووتنەوەی حەماس دەستی پێکرد، گەیشتە حزبوڵای لوبنانی، بەمنزیکانە دەگاتە بەرەی مقاومەی عەراقی. حوسیەکانی یەمەن کاریگەریەکی ئەوتۆیان نیە و لەدەرفەتێکدا بۆ خۆیان دەتوانن.
بگومان لەو هەڵمەت و هەوڵە نیمچە نەودەوڵەتییەدا کارکەنارکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)ش بەدەر نیە، بەڵام نەک بەشێوە، بەڵکو لە چوارچێوەی ئەجێندا نەوە لاگرە قەندیل هەڵمەتەکە بەرەودەبرە و لەماوەیەکی نزیکدا کورد لە تورکیا بە سەربەخۆیی کولتووری، فەرهەنگی و ئیداری دەگەن و بەکەتا دەت. بگومان تورکیاش پێویستی بەوەها هەنگاوێکی بوێرانە هەیە، چونکە بەی ناچیتە سەر هەر نکۆی لە دەزی کورد بکات. هەروەها دوورنیە ئەم هەڵمەتە کارکەنارکردنی گروپی دیکەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لە خۆ بگرێت.

6.2 فێلسەفەی عەرەبی- ئیسلامی ئیبن ڕوشد (ئاڤەروس).. گەرت

هێندریش. کاو جەلال لە ئەماننیێوە

ئەو کاریگەرییە کە فەیلەسوفی عەرەبی ئیبن ڕوشدی کردەبێی لەسەر چەرخی نۆڤینی ئەوروپی نواندی، زۆرتر بوو لەو بایخە کە لە سەدەی هەڤدەیەم و هەژدەیەمی ئەوروپیدا بە ڕەمانکەی ئیبن توفەیل درا. دانتە لە "کۆمیدیای خودایی"دا بەم شێوەیە ناوی ئیبن ڕوشدی بردووە: "ئاڤەروەس کە شەرحی مەزنی نووسیوە" (Inf IV، 144). ئەو دیاردەیەکی تایبەتیی مێژووی هەزرە کە فەلسەفەی ئیبن ڕوشد گەورەترین کاریگەریی لە هزری ئەوروپی-کریستیانیدا نواند نەک لە هزری عەرەبی-ئیسلامیدا. لەبەر وەرگرتن (ڕەسەپسیۆن) و دانوستاندنی فراوانی ئەو سەرەتا بەهەی سەرئەنجامەکانی مەدرەنەوە، وەلێ بەتایبەتی لە سێیی سالی ئابووردووداە، دەستیپێکرد، ئەمەش سووهێنەر: ئاخر ئایا فەیلەسوفێکی چەرخی نۆڤین چیی پێیە بە جیهانێکی مەدرەنی ئابگەیەنێت کە پارادیگمای هەشکی و کەشەی جڤاکیانەی تەواو جیاوازی هەیە؟ ئەڕە ئیبن ڕوشد لە جیهانی عەرەبیدا زۆر زیاتر لە هەر فەیلەسوفێکی دیکەی عەرەبی-ئیسلامی بە هزرڤانی تراديسیۆنێکی ڕەشنایی دادنرێت کە تایبەتە بە خودی کولتووری ئیسلامی و ئوتۆنەم و سەربەخێیە لە ئەوروپا. هەروا لە لایەک ئەو کاریگەرییە کەمە کە ئیبن ڕوشد لەنەو ئەم کولتوورەدا لە دەوروبەری ژیانی خێیدا نواندی، لە لایەکی دی واتای ئەو بە دیسکورزی سەردەم، ڕوونکرێتەوە: کاتێک هزری ئەو لە سەردەمی خێیدا بەر نەوەندێکی کەمەک ئامادەی جڤاکی و هەشکی کەوت، ئەوا سەرنجڕاکێشیی فەلسەفەکەی لەم سەردەمەدا بە ئەو شرۆڤە ڕەخنەییە دگەڕەنرێتەوە کە لەبارەی پێوەندیی نێوان ئاوەز و ئیمان ئەنجامی دا، کەواتە لەبارەی مژارێک کە واتایەکی سەنترالیی بە دیسکورزی ئەمەی ئیسلام هەیە.

ئەبولوەلید موحەمەد ئیبن ئەحمەد ئیبن ڕوشد کە لە فەلسەفەی ئەوروپیدا بە ئاڤەروەس ناسراوە، ساڵی 1126 لە کەردەبا هاتە جیهانەوە، وەک کوڕی خانوادەیەک کە تێیدا پشتاوپشت دادوەرانی خاوەن کاریگەریی سیاسی هەبکەوتبوون. ئیبن ڕوشد ڕەگەزی خوێندنەکی گشتگیری گرتە بەر کە تەنیا فەلسەفە و ماتماتیک و زانستی سروشتیی لە خۆ نەگرتبوو، بەڵکو هەروەها پزیشکی و دادوەری، لەم پێوەندییەشدا هاوکات لە تیۆلۆگیی ئیسلامیدا پگەیەنرا. ساڵی 1169 ئەبو یەئقوب یوسف کە حوکمداری ئەلموەحیدون بوو لە مەڕاکیش

(ماڵکە)، بە شارحێک دەگوترا کە فەلسەفەی ئەرستۆتالیسی بە ڕوونبکاتەوە، ئیبن توفەیلیش کە ئەو دەمە پزیشکی کۆشک بوو، پێشنیاری ئیبن ڕوشدی لاوی کرد ئەو ئەرکە بەجێبگەیەنێت. ئەمە دەتوانین وای دابنێین کە ئیبن توفەیل لەو کاتە بەدواوە مامۆستا و پشتیوانی ئیبن ڕوشد بووە. ئەو لە ساڵی 1171 بەدواوە دادوەری باڵای کۆردەبا بوو و پاشان ساڵی 1182 وەک پزیشکی کۆشک جێی ئیبن توفەیلی گرتەوە. ئەو چەند ساڵێکی درێژخایەن، تا ئەو کاتە کە حوکمدار پشتی تێکرد، لە فەرمانگەی جیاوازدا کاری بە ئەلموەحیدون کرد. کتێبەکانی لە نەوەندی گشتیدا سووتێنران، خەیشی ناچار بوو کۆچ بکات بۆ تاراوگە. پەدەچێت فشاری زانایانی کۆنزەرقاتیقی ئایین لەسەر میر بەرپرسیار بووبێت لەو ڕووداوە. وەلێ ئیبن ڕوشد لە کۆتاییدا بە چەند تێزێکی سەرنجڕاکێش لەسەر پەیوەندیی نێوان ئیمان و ئاوەز دەرکەوتەوە. دەبێت کاریگەریی بەهێزی ئەو لەسەر میری ئەلموەحیدون و هەروەها ناوبانگی لە نەوەندی گشتیدا هەی ئەوە بووبن کە ئاوارەکردنەکەی تەنیا ماوەیەکی کورتی خایاند. ئیبن ڕوشد دوای گەڕانەوەی سەرلەنوێ تا مردنی کاری فەرمیی لە کۆشکی حوکمدارەدا ئەنجامدایەوە.

مێتافیزیک

ئەوە ئاشکرایە کە "تەرقیە"ی ئیبن ڕوشد وەک فەیلەسوف بە شارحێک (کەمەنتارێک) ی ئەرستۆتالیس دەستی پێکرد. ئاخر ئەو تەواو ئەرستۆتالی بوو، چەرخی نۆڤینی ئەوروپیش ئەوی سووک و ئاسان ناو نا "ئەلشارح"ی ئەرستۆتالیس. هەندێک جار ئەم پابەندبوونەی هەندێ زەرر کە ئیدی لەدژی مەئریفەی نوێکانی تۆژەرانی ئەرەبی-ئیسلامی بەرگری دەکات لە بیرکەکانی ئەرستۆتالیس لەمەڕ فەلسەفەی سروشت و فزیک، جا گەرچی ئەو تۆژەرانە بەئاشکرا باشتر لە مامۆستاکەی ئەنتیکە وەکامی پرسیارەکانیان دابوو. ئیبن ڕوشد بەهەی ئەم خەباستزانییەوە تانوتی ئەوەی لەدرا کە تەنیا لاسایکەرەوەیەکی گریکەکەیە. وەلێ ڕاستییەکەی فەلسەفەی ئەو زەر لە فەلسەفەی ئەرستۆتالیس تەدەپەڕێت: ئەو، لەپاڵ شارحەکانی ئەرستۆتالیسدا، هەروەها هەزری فەیلەسوفانی دیکەی ئەنتیکەی ڕاڤە کرد، وەک بە نموونە "کەمار" (Politeia)ی پلاتۆن (ئەم کارەی تەنیا بە وەرگێڕانێکی حیبری بەدەستگەیشتووە)، ئەوجا "ئیساگۆگە" (Isagoge)ی پۆرفیریۆس یان "ئالماگەست" (Almagest)ی پتۆلەمیۆس. ئیبن ڕوشد هاوکات هەوڵستێکی دووفاقی بەرانبەر ئیبن سینا وەردەگرێت: لە کارە سەرکییەکەیدا بە ناونیشانی "تەهافوت ئەلتەهافوت" بەرگری لە

ئیبن سینا دەکات لەدژی هەرشەکانی غەزالی، وەلێ هاوکات زۆر هەڵوێستی خۆی بە هزری ئاوەوە خۆریک دەکات و بەرپەرچی هەندێک لە تێزە کرێکیەکانی دەداتەوە. ئەم بۆتایبەتی زانینومای ئیدەکانی پلاتۆن دەگرێتەوە کە لە چەرخی نۆڤینداوە ناو دەنرا ڕیالیزمی یونیڤەرسالەکان. شتەکان کە بەرجەستانە شیاوی دەرککردنن و بە ئەزموون کراون، لە ڕیالیزمی یونیڤەرسالەکاندا بە ڕیالیتی دانانرێن، بەڵکو لە پشتیانەوە گەوهەری سەربەخۆ لە شێوەی "ئیدە" یان "یونیڤەرسال"دا (گشتیدا – و) خەیان دەبینن. ئیبن ڕوشد بە پێچەوانەوە وای دەبینێت کە یونیڤەرسالەکان کاریگەریی زەینی چالاکن لەسەر دەروونەکانی مرۆڤ و هەبوونی خەییان لە دەرەوەی دەروون پێنادات. زەین خۆی تەگە یونیڤەرسالەکان (گشتیەکان) چەدەکات، ئاوێش کاتێک فەرمەکان لە تاکە شتەکانی ئەزموون دادەبڕێت. فەرمەکان کە توخمی جیهانی هەشکین، لەنێو شتە کرێسەیەکاندان. بەم پێیە ئیبن ڕوشد هەڵوێستێکی ناوگرایی (nominalistisch) ی میانەیی وەردەگرێت، واتا: یونیڤەرسالەکان لە ڕاستیدا تەگەی دروستکراوی زەینن، وەلە لەبەر ئاوەی فەرمەکان گشتین یان "دیارداوی ئیدەیی"ن لەنێو تاکە شتەکاندا، ئاوا زەین نزیک تەنیا پاوێستی بە نەزەری تاکە شتە بەرجەستەکانە بە ئاوەی بە "ئیدە"ی فەرمەکان بگات، بەڵکو هەروەها خودی جیهانی هەشکیانەی فەرمە پەتیەکان پاوێستیی بە شتە بەرجەستەکانە بە ئاوەی خودی خۆی بهەنێتەدی. مرۆڤ دەتوانێت لەم هزرەکی ماتریالیستی تێبگات، وەک چۆن ئەرنست بلۆخ لەی تەدەگەیشت. وەلە ئاوەی ڕاستی بێت ئەمەیە مژاری ئیبن ڕوشد: مەئریفەی هەشکی هەمیشە تەگەیشتنە لە گشتێتیی ڕیال، کەواتە دەشێت بوونی شتەکان لەنێو خودی شتەکانی ئەزموونکردنی بەرجەستەدا ئاشکرا بکرێت بەبێ ئاوەی پاویست بێت لەتەک پلاتۆندا گریمانەی دووبەشاندنی شتەکان بەسەر دیاردە و کرەکدا بکرێت. ئەم بیرەکانە سەرلەنوێ لە فەلسەفەی ئەوروپیی چەرخی نۆڤینداوە لە ناوگرایی میانەییدا سەرهەڵدەنەوە و لەڕشدا هەڵوەستی ئەیستەتلیزم بەهێز دەکەن.

ئاو کارانە کە تیاندا هزری خەیی ئیبن ڕوشد بە ڕوونترین شێوە خویا دەبێت و ئەمە زەرترین گرنگیان پێدەدرێت، بەزەریی خەریکبوونە ڕەخنەییەکانی بوون بە هەرشی تیەلگەکانەوە بە سەر فەلسەفە، بە نموونە بە "تەهافوت ئەلفەلاسیفە"کەی غەزالییەوە. ئیبن ڕوشد لەبارەی ئەم نووسینە شرۆحکی مەزن دەنووسێت و تیدا ئەرگومێنتەکانی غەزالی وەک خەیان دەخاتە ڕوو، پاشان بە شێوەیەکی سیستەماتیکی بەرپەرچیان دەداتەوە. "تەهافوت ئەلتەهافوت" بە (Destructio destructionis / Die Inkohärenz der Inkohärenz)

کار سەرکییەکەی ئیبن ڕوشد دادەنرێت. ئەو لەم نووسینەدا هەروەها هەخنەیانە بە تێگەی هاوئەنجامیی (کاوساڵیتیی) غەزالییەوە خەریک دەبێت، لەرشدا ڕووداوەکانێ نموونەکەی غەزالی لەمەڕ پارچەیەک لەکە کە دەکەوێتە نێو ئاگرەوە. غەزالی سەبارەت بەم نموونەیەی خەی دەبڕێت: مەرەف دەتوانێت تەنیا گریمانەی پەیوەندییەکی دوای-یەکییانە (post hoc)ی نێوان ئاگر و سووتان بکات، وەڵێ هەرگیز ناتوانێت گریمانەی پەیوەندییەکی بەهۆیی (propter hoc)ی نێوانیان بکات. ئاگر بە غەزالی تەنیا هەیەکی "خوازەیی"ی سووتانێ. ئێستاش ئیبن ڕوشد بە پوختی پرسیار دەکاتەوە: ئایا مرۆڤەک کە بەهەکەوت دەکەوێتە نێو ئاگرەکەوە، تەنیا بە شێوەیەکی خوازەیی دەسووتێت؟ بە ئەو ڕوون و ئاشکرایە کە سەرجەم شتەکان هەروەها خاوەنی ئەدگارانن. هەی ئەوە کە شتەکان چی بن، هەر ئەوەش بن، دەگەڵێتەوە بە ئەدگارەکان. ئەمە لە ڕوانگەی ئاگردا بە نموونەی سووتانی ئەو شتەیە کە بەر ئاگرەکە دەکەوێت، بەگوێرەی ئەمەش دەبێت ئاگرەکە بە هۆ دابنرێت، چونکە گەر ئەوها نەبێت، ئەوسا ناتوانین هیچ گەتیەک نە لەبارەی شتەکان و نە لەبارەی دەستووری جیهان دەربەین، کە ئیدی هەروەها ئەو شیمانەیە نامێنێت بە ئەوەی لە خودا یەکەم هۆ تێبگەین و بەمەش هەبوونی بسەلمێنین.
ئیبن ڕوشد لەپاڵ "تەهافوت ئەلتەهافوت"دا چەند توێژینەوەیەکی بچووکی لەبارەی پەیوەندیی نێوان ئاوەز و ئیمان نووسی کە بریتین لە: "فەسڵ ئەلمەقال" (لەتوێژینەوەی بنەڕەوە) و "ئەلکەشف عەن مەناهیچ ئەلئەدیللە" (لەتوێژینەوەی بگەکان لە ڕووی پشبینییەکانی ئیمانەوە). ئەم نووسینانە ساڵی 1875 وەرگێڕران بە ئەڵمانی و لەژێر ناونیشانی "فەلسەفە و تیەلۆگیی ئافڕۆس"دا دانران.

ئیمان و ئاوەز

چەن لە "تەهافوت ئەلتەهافوت"دا، هەر ئەوها تەواو لە "فەسڵ ئەلمەقال"دا، ئیبن ڕوشد هەوڵ دەدات ئەو تەماتی دەرچوونە لە ئیمان لەکاربخات کە غەزالی دابوویە پاڵ فەیلەسوفەکان بگشتی و فارابی و ئیبن سینا بتایبەتی، لەرشدا لەسەر ئەو پرنسیپە دەڕوات کە هەروەها فەیلەسوفانی پێش خەی پەیڕەویان کردبوو، واتا: ڕاستیەکانی ئایین و فەلسەفە دژبەڕیی یەکدی ناکەن. ئیبن ڕوشد دەبڕێت:
"لەبەر ئەوەی ئەم یاسا ئایینییانە (ئەم شەریعەتە) ڕاستین و داوای نەزەری گەیەنەر بە ڕاستی دەکەن، ئەوا ئەمەی موسڵمان بتەواوی

دەزانین، نەزەری بورهانی (دەمەنستراتیف) گەیەنەر نییە بە شتێک کە پێچەوانەی یاسای سروشتیە (شەرعە). ئاخر ئاستی دژبەژیی ئاستی ناکات، بەڵکو پێی دەگونجێت و گەواهیی بە دەدات.(…)
وەڵە گەر سەرچاوەی ئایین خۆی لێی بدوێت، ئەوا گوزارشتی دەرەکی دەگونجێت یان ناگونجێت بەو شتە کە بورهان گەیەنەرە پێی. گەر پێی بگونجێت، ئەوسا پێویست ناکات زیاتر بگەترێت، وەڵە گەر پێی نەگونجێت، ئەوسا تەئویلکردنی پێویست دەبێت. (…)
واتای تەئویل ئەوەیە کە لە مەغزای ئاستینە مەغزای پێیش دەربهێنرێت و بکرێت بە مەغزایەکی خوازەیی، بەبێ ئەوەی بەو ئیمانەوە زیان بە زمانی باوی عەرەبەکان بگەیەنرێت" (1).
کەواتە تەنیا بڕواڕێت دژبەژییەک هەیە لە نێوان ئاستییەکی فەلسەفەیی سەلمێنراو و مەغزای وشەیی تێکستێکی ئایینیدا، ئەم دژبەژییەش هەڵدەوەشێتەوە گەر مرۆڤ خوازەییانە (مێتافەریانە) لە تێکستی ئایینی تێبگات. وەڵە ئەم هەروەها واتایەکی ئەوتە دەگەیەنێت کە فەیلەسوفەکان خەیان لەسەر هەمان ئاستی هزرماندانەی (ئینتەلێکتوەلیی) "یاسادانەرانی ئایینی" و فەلسەفەش خۆی لەسەر هەمان ئاستی ئایینی سروشی دەبینێتەوە، هەر وەک چۆن ئیبن ڕوشد لە شەرحی "کۆمار"ی پلاتۆندا پێشانی دەدات: مەبەستی پێیامی بە هاتوو (پەرفێتیی) "لەخۆدا هەمان جەر و مەبەستی فەلسەفەیە" (ئیبن ڕوشد، 1996 و 93). بەگومان چەند ئاشکرایە کە "ناشێت ئاستی دژبەژیی ئاستی بکات"، ئەوەندەش توانستی مرۆڤان بە ناسینی ئاستی بەگشتی ئاشکرایە، ئەویش چونکە "هەموو مرۆڤان بەهەی سروشتیانەوە توانایان بە بورهان (دەمەنستراسیۆن) نییە، تەنانێت بە گێتە (الأقاویل) دیالێکتیکیەکانیش، جا نەخوازە بە گێتە بورهانییەکان"، ئەوجا لەبەر ئەوەی بە پێچەوانەوە "مەبەستی شارع تەنیا فەرکردنی هەمووانە، ئەوا پێویستە شارع هەموو جەرکانی هەگەگەلی ئاستاندن و هەموو جەرکانی هەگەگەلی تەواونین (التَصَوُّر) لە خۆ بگرێت" (2)، لەرشدا زەرترین بەشیان لە فەرمی سیمبۆلی و ڕەوانبێژیدا (الخطابیة) ئاستەی جەماوەری ئیمانداران دەکرێت و تەنیا بەشکی کەمیان لەسەر سوورەتی 59، ئایەتی 2ی قورئان دەڵێت: "ئەوە کە تەواونینتان هەیە، هەروەها بهزرێن!" (3). کەواتە ئاستییەکانی فەلسەفەی تیریانە (سپێکولاتیف) تەنیا تایبەتن بە هەندێک زانا. ئەم جێکردنە لە بەربژێریی فەلسەفە ئاڤکارانی ئەوروپیی سەردەمی بەو تەواونینە گەیاند کە گەیا داواکارییەکەی ئیبن ڕوشد بە ئازادیی هەش تەنیا هەڵوەستەکی دەستبژێرانەیە و لەرشدا زانین و تەواونینی فەلسەفەیی دەستوێز نین بە ڕزگارکردنی مرۆڤ. ئەم نرخاندنە پێشانی دەدات، لەرەدا چەند کەم توانستی هەستکردن بە

دەخی هزرمەندەکی نەو کولتوورەکی چەرخی نۆقین هەیە کە تێیدا ئایینداریی ئۆقیدەگەرا و دەسەڵاتداریی دەسپێتی سەروەر بوون.
خودی ئیبن ڕوشد بە پێیقی تەواو ڕەشن ڕوشە سیاسییەکانی سەردەمەکەی دەردەبڕێت. ئەو لە شەرحی "پلیتیا" (کۆمار – و) ی پلاتۆندا پێیوندییەک لە نێوان دەسەڵاتی سیاسی و پاساوبەهێنەرەوانی ئایینیدا چێدەکات: لە دەوڵەتی "تیرانی"دا "دەسەڵاتداران پێیوەست بە جەماوەرەوە تەنیا مەبەستی خێیان هەیە، بەڵێ هاوشێوەیی نێوان دەوڵەتی پیاوانی ئایین (priesterlich) و تیرانی زۆر جار ئەنجامەکی ئەوتۆ دەهێنێت کە بەشەکانی پیاوانی ئایین لەنەو ئەو دەوڵەتدا دەبن بە بەشە تیرانییەکان و ئابووی ئەو کەسە دەبن کە مەبەستی ئایینیی هەیە، وەک چۆن ئەمە لای ئەو پیاوانەی ئایین دەبینرێت کە خێیان لەنەو دەوڵەتەکانی ئەم سەردەماندا دەبینەوە". پاشان ئیبن ڕوشد ئەم ڕەخنەیە کە بەئاشکرا لە عولەمای ئایینی ئیسلامی دەگرێت، بەبەرجەستەیی دیاری دەکات: "نموونەیەک بۆ ئەمە بریتییە لەو دەسەڵاتداریە کە لە کەردەبای وەاتماندا هەیە" (ئیبن ڕوشد، 1996، 119 بەدووا وە). ئیبن ڕوشد لە شەرحەکەی پلاتۆندا ئەم تێزە بەرنگاری پێیوندییە هەبووەکان دەکاتەوە: دەبێت یاسا ئایینییەکان هەمیشە بگوەڕێ گونجانیان بەو یاسایانە بنرخێنرێن کە مرۆڤان دایاننەاون. مەرکەکانی ئەو پێگونجانە بریتین لەو ڕەسایانە کە پێناسەی ئەوە دەکەن، داخۆ چ ڕەکخراوەک (ی سیاسی) بە کرێکی مرۆڤ بگونجێت، ئەمە بگومان لەو شەوێدا کە چۆن فەلسەفە وەک زانستی ئاوەز ڕەساکان دادەنێت. کەواتە سەروەریی فەلسەفە هەڵوەستەکی دەستبژێرانە نییە، بەڵکو سوورە لەسەر پێشتریدان بە بناغەشتنی ئاوەزیانەی یاساکان و ڕەکخراوە سیاسییەکان، تەواو بە پێچەوانەی ئەو داواکارییەوە کە دەبژێت پێویستە یاساکانی مرۆڤ هەمیشە پابەند بن بە یاسا ئایینییەکانەوە.

ئەوە سەروەریی هزرە بەسەر ئیماندا کە ئیبن ڕوشد پشتگیریی لەدەکات، ئەو هەروەها بە "ئەرکی فەلسەفە"ی دادەنێت "کە ئایین لە بەردەم زەینی کەسانی پێشکەوتوودا بپشکنێت و بەمەش دەرفەت بدرێت بە ئەوەی بەگەڵ لەبەریی ئیلهام بدوێت"، هەروەک چۆن ئەرنست بلۆخ دروست ئاڤێی کردووە (Bloch 1972, 484). کەواتە "لە ئایینداهیچ پاشماوەیەکی سروشییانەی سەر-ئاوەزی" نامێنێتەوە "کە زەین لە بەردەمیدا ئاگنۆستییانە شکست بهێنێت" (هەمان سەرچاوە). هەر بەتەواوەتی ئیبن ڕوشد ئەم کاریگەرییەی لەسەر فەلسەفەی چەرخی نۆقینی دەمەو کۆتایی ئەوروپا نواند و ئەمەش سەرلەنوێ لە فەلسەفەی عەرەبی-ئیسلامیی سەردەمدا ڕەچاو دەکرێت. جگە لەوە ئیبن ڕوشد لەبەریی ئەو ڕەشبینییە کە غەزالی بەرانبەر ئاوەز هەیبوو، گەشبینییەکی تەواو ئاشکرای مۆرێفە دادەنێت.

زینی نەمر

ئەم گەشبینییەی مائریفە هەروەها لە تیاریی زینی ئیبن ڕوشددا کارا دەبێت. تیاریی زین هەیەکی سەرەکی بوو بۆ ئەو پاڵەمیکە کە لە فەلسەفەی ئیسلامی و کریستیانیدا ئاماژەی ئەو کرا. ئەیستەتلیس مرۆڤی وەک زیندەوەرێک پێناسە کردبوو کە بەهەی زینی خۆیەوە لە سەرجەم زیندەوەرانی دیکە جیادەبێتەوە و هەروەها بەتوانایی بۆ ئەوەی لە فەرمە گشتی و نافانییەکان تێبگات. وەلە لەم تێوانینەوە کۆشێک دەکەوێتەوە: پێویستە ڕوون بکرێتەوە کە چۆن زینی مرۆڤێک لە لایەک لە فەرمە گشتی و نافانی و سەرکەسییەکان تێدەگات، وەلە لە لایەکی دی تەنیا زینی کۆنکرێتی تاکە مرۆڤێک. ئەیستەتلیس لەم کۆشێدا جیاوازیی لە نێوان دوو زیندا کرد: زینی ناچالاک (پاسیڤ) کە فانی و بەمرە، بەمەش بریتییە لە هەزی پێشبینیی هەر تاکەکەسێک، هەروەها زینی چالاک (ئەکتیڤ) کە لە وێنەکانی هەزی پێشبینییەوە فەرمە هۆشکییە ئەزەلییەکان دەرئەنجامەنێت (abstrahiert). زینی چالاک دابەاوە لە لەشی بەرجەستە و نافانییە، وەلە بۆ ئەوەی بتوانێت پێشبینییەکانی زینی ناچالاک بکات بە کردەکی (ئەکتوالیزە بکات)، پێویستیی بە نوێندیاریی زینێکی شیمانییە (intellectus possibilis). ئەم زینە شیمانییە تەنیا توانستی مائریفەی مرۆڤە و لە ڕووی نوەرەکەوە هیچ دەبێت گەر هاتوو زینی چالاک کاریگەری نەنوێنێت. وەلە بەمە ئەو کۆشییە چارسەر نەکرا کە داخە چۆن جیهانی پێشبینیی بمر و سنووورداری تاکە مرۆڤان پێیوەندی بە جیهانی هۆشکییانەی زینی چالاکەوە بکات، بەکو کۆشکە تەنیا گوزرایەوە بە جێیکی دی. وەلە بە تێگەیشتنی ئیبن ڕوشد زینی شیمانیش نافانییە. ئەو ناوی دەنێت "زینی ماتەریەل"، ئەوجا ئەرگومێنت دەهێنێتەوە: ئەم زینە ماتەریەلە بەشدارە لە چەکردنی فەرمە هۆشکییەکاندا، ئەویش کاتێک فەرمە هۆشکییەکان بە زینی ناچالاک دەگەیەنێت، وەلە ئەو خێی هاوکات زینی کۆنکرێتی مرۆڤێکی پێویستە، کەواتە پێویستی بە زینی ناچالاکە پێکەوە لەتەک پێشبینیی و وێنە خەییەکانیدا لە بارەی جیهان. لەمەوە ستاتە تایبەتییەکەی زینی ماتەریەل ڕوون دەبێتەوە. زینی چالاک لە دەرەوەی مرۆڤ و فەرمە هۆشکییەکان لە خۆ دەگرێت. زینی ناچالاک بەشکە لە گرێدراویی لەش و دەروون و هاوشێوەی هەردووکیان فانییە. وەلە گەر مرۆڤێک بمرێت، ئەوسا هیچ گومانی تێدا نییە کە یەکێتیی لەش و دەروون و لەتەک ئەویشدا زینی ناچالاک لەناودەچێت، وەلە زینی ماتەریەل لەناوناچێت. ئەم زەرەتی نییە و سەر بە تاکە مرۆڤان بێت، بەکو وەک یەکانە سەر بە ڕەگەزی مرۆڤ. کەواتە گەر زینی مرۆڤ بەشی زینی ماتەریەلەوە بە مائریفەی

فەرمە هەشکییەکان بگات، واتا بە مەئریفەی ڕاستییە ئەزەلییەکان بگات، ئیدی بەم ڕێیەوە کارەکتەرەکی گەردوونی وەردەگرێت.
وەلە بەوابوون بە نەمریی تاکە دەروون سەر بە دەگمە بنەڕەتییەکانی ئیسلام و کریستیانەتییە. کاتێک ئیبن ڕوشد تاکە دەروونە کەسییەکان بە بمر و تەنیا زەینی ماتریەل کە شوێنکی "دەروونی ڕەگەزی"یە، بە نەمر دادەنێت، ئیدی فەلسەفەکەی دەکەوێتە ناکێکییەوە لەتێک دەگمە ئایینییەکانەدا، هەر بۆگوڕەی ئەمەش پەرچەکردارێکی ئەقیدەگەریی ئایینی لە هەردوو ئایینەکەدا دوژمنانە بوو. بە نموونە مەترانی پاریس ساڵی 1270 نەفرەتی لە سیازدە تێزی فەلسەفەیی کرد، لەڕشدا زانینومای ئیبن-ڕوشدییانەی دەروون یەکێک بوو لەو تێزانە. تەماسی ئێکوینی کەشنامەیەکی بە ناونیشانی "لەبارەی یەکانەی زەین لەدژی ئاڤەرێستەکان" (De unitate intellectus contra Averroistas) نووسی، کە ڕاستییەکەی کەمتر ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە ئیبن ڕوشدەوە هەیە، بەڵکو ڕوودکاتە فەیلەسوف سیگەر فەن برابانت کە بۆئاشکرا لایەنگریی خۆی بە زانینومای زەینی ئیبن ڕوشد ڕاگەیاندبوو. دەنگدانەوەی زانینومای ئاڤەرێستی هەروەها لە "دی مەناشیبا" (De Monarchia، 1313)ی دانتەدا دەبینرێت: تەوانینی ئیبن ڕوشد بە زەینی ڕەگەزیانەی نەمر ئاوێە کە ئەم زەینە بەردەوام بە گشەسەندنی زانین و توانستی پەرچاندن پشقدەچێت؛ دانتە ئالیگیری لەم تەوانینەی ئاوەوە زەرووڕی ڕەکخراوکی سیاسیی دەرئەنجامانەد کە دەرفەت بە پرسێکی هاوشوێی گشەسەندن دەرخسێنێت و خێیشی تەنانەت سوود لە پرسکە دەبینێت. وەلە ئێستا بەم ڕێیەوە ڕەکخراوی ئاکاریانەی جڤاکی مرۆڤ چیدی ئەنجامی دەستورکی ڕاگەیەنراوی خودا نییە، بەڵکو بەرهەمی ئاوەزی مرۆڤ و تەنیا بەڕەی ئەم ئاوەزەوە ڕەوایەتیی پەدەدرێت. تێزەکەی ئیبن ڕوشد لە هەڤرایەڵکی هاوشوەدا هەروەها لە ڕەوتی ڕەشنایەکانی ئەوروپاشدا دەتەوە نەوان. هەردەر لە نووسینەکەیدا بە ناونیشانی "چەند ئیدەیەک لەبارەی فەلسەفەی مەژووی مرۆڤایەتی" (91/1784) هەرش دەکاتە سەر ئەو تێزە: "فەلسەفەی مەژووی ئەمە ناچێتە سەر ئەم ڕەگەیەی فەلسەفەی ئاڤەرێستی کە وایدادەنێت سەرجەم ڕەگەزی مرۆڤ تەنیا یەک، بەڵکو یەک دەروونی زەر نزمی هەیە و خۆی تەنیا تا ئەندازەیەک بە تاکە مرۆڤ ادەگەیەنێت" (Herder 1989, 338). ئەم چزووە کە بە ڕووکەش ڕووەو نووسینەکەی لەسینگ بە ناونیشانی "پەروەردەی ڕەگەزی مرۆڤ" ئاڕاستەدراوە، بەبێ هیچ گومانێک ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی کانت کراوە. ئاخر کانت لە "ئیدەی مەژوویەکی گشتی لە ڕوانگەی هاوڵاتێتیی جیهانییەوە" (1784) نووسیبووی: "لای مرۆڤ (وەک تاکە مەخلوقێکی

ئاوەزمەند لەسەر زەمین) ئەو توانستە سروشتیانەی کە ئامانجیان بەکارهێنانی ئاوەزی ئەوە، تەنیا لەنێو هێگەزدانێک لەنێو تاکەکەسدا بەتەواوی گەشەدەسەنن" (Kant 1968, VIII 18). ئەو گریمانەیەکی سەرنجڕاکێش دەبەت کە داخڵ کانت لەردا بەهاستی "ئاقڵریستیانە" ئەرگومەنت بهێنتەوە یان داخڵ بە پێچەوانەوە بتوانین دەربئەنجامەنین، کە مەبەستی ئیبن ڕوشدیش لەهزرینەکی هاوشێوە بووە. بەگومان دوائەنجامی مژاری کانت بریتی نییە لە فیگورەکی کلاسیکی ئەیستەتلیانەی زانینومای دەروون، بەمش پرسیار نییە لەبارەی نەمریی دەرووننی کەسەکی، بەکو مژاری ئەو کارەکتەری مەژووە وەک پشقچوونی ماف: کاتێک مرۆڤان وەک بوونەوەری ئاوەزمەند خۆیان دەستدەنە چاکسازیی پێوەندییەکانیان، ئیدی ئەوان وەک بوونەوەری هێگەزی بەشداری لەوەدا دەکەن کە لەنێو پرسەی مەژووییدا مەرجەکان بە شیمانەی گەشەی ئاوەز و ئاکار لەنێو تاکە مرۆڤدا چاکبکرێن و لە کۆتاییشدا بەتەواوی گەشەبسەنن.

> ئیبن ڕوشد پێناسەی ئاوەز دەکات وەک یەکانەی زەین لەنێو هێگەزی مرۆڤدا، ئەمش کەمتر واتایەکی تیۆریانە، بەکو پتر واتایەکی پراکتیکی-مۆرالیانەی هەیە. ئاخر چیدی ئێستا ئایینی بەماوەیی بناغەی یاساکانی ئاکار نییە، بەکو ئاوەزی گشتیی هێگەزی بریتییە لەو بناغەیە. ئەمە پێویستە بە تێوانینی ئیبن ڕوشدەوە سەبارەت بە بادەستیی فەلسەفە وەک زانستی ئاوەز بەسەر دەگمەکانی ئیماندا.

بەگومان نابەت ئەو ئۆتۆنامییە کە ئیبن ڕوشد لەردا بە مرۆڤی ئاوەزمەند ڕایدەگەیەنێت، بەسەهوو لەمان بگەڕێت بە بیرکەی ئوتۆنۆمی لای کانت: ئیبن ڕوشد دەستبەرداری بەوا بناغەییەکەی پارادیگمای ئەنتەلەگی نابەت کە ڕاستی وەک مەئریفەی بوونەوەری ڕاستینە دادەنێت، وەلە ئۆتۆنۆمیی سەبژەکت لای کانت وایدادەنێت کە مرۆڤ ناتوانێت ڕاستییەکی بەو چەشنە بناسێت، هەر لەمشدایە بناغەی ئۆتۆنۆمییەکەی مرۆڤ و تەنانەت ئۆتۆنۆمیی ئاکاریش. بەمش ئاوەز بە کانت ئۆتۆرێتییەکی بەسنووری دادەرێیە و هەر خەیشی دەتوانێت سنوورەکانی خۆی دیاری بکات. ئاوەز بە ئیبن ڕوشد میدیەمی بەشداریکردنە لە دەستوورەکی بوونداکە خۆی لە دەرەوەی ئاوەزی سنووردار مرۆڤدا دەبینێتەوە. کەواتە تانوتی ئاقڵریزم کە هەردەر دەیگرێتە کانت، بەهەڵەتگەیشتنە، وەلە تانوتەکە هەروەها پشانی دەدات کە تا چەند ئادیەک ئەم فەیلەسوفەی چەرخی نۆهێن دەتە نێو هەزری مەدەرنەوە و بەشداری دەکات لە ڕشتنی بناغەکاندا بە وەرچەرخانە پارادیگماییەکە ڕووەو فەلسەفەی نوسەردەم. ئەمە

بگومان تنیا لە فەلسەفەی ئەوروپیدا ڕووی دا. فەلسەفەی ئیبن ڕوشد لە جیهانی عەرەبی-ئیسلامیدا دەرک کرا، وەلە ئەوە بە دواوە زۆر کەمتر وەک لە ئەوروپا و بەزەریش لە شوێی ڕەتکردنەوەدا.

سەرچاوە

Geert Hendrich, Arabisch-Islamische Philosophie, Frankfurt / M 2005

پەراوێز

١) بە وەرگێڕانی سیتاتەکەی ئیبن ڕوشد هەروەها گێڕاوینەتەوە بە سەرچاوە عەرەبییەکە. بڕوانە:
ابو الوليد بن روشد: فصل المقال فيما بين الحكمة والشريعة من الأنصال. دراسة وتحقيق: د. محمد عمارة. المؤسسة العربية للدراسات والنشر. بيروت 1981. ص 31-32
٢) هەمان سەرچاوە، لا 55-56.
٣) "فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الأَبْصَارِ". لە وەرگێڕانی هەژار موکریانی: "سا ئەوە دەرس وەرگرن، ئەی گرۆی خاوەن ئاوەزان".

فەرهەنگۆک

ئاگنۆستیک: جۆرە تێڕوانینێکی فەلسەفییە کە دەبڕێت هەرگیز مرۆڤ ناتوانێت مەئریفەی دوایمین بوونەوەرێکی هەبێت. ئاگنۆستیک دژێت وەک سینیومی ئاتەئیزم (ئیلحاد) دابنرێت.
پەلەمیک: هەرشی زانستی، فەلسەفەیی یان سیاسی.
تیرانی: دەسەڵاتداریی ستەمکار.
دەسپۆتی: دەسەڵاتداریی تاکەکەسێکی ستەمکار.
دەمۆکراتی: دەسەڵاتداریی جەماوەری.
ناوگەرایی: (نەمینالیزم) ڕێبازێکی دژبڕی ڕیالیزمە (بڕوانە خوارەوە) و وایدادەنێت کە یونیڤرسالێکان (گشتییەکان، تێگە گشتییەکان) هیچ ڕیالێتییەکیان لە دەرەوەی هۆشی مرۆڤدا نییە، بۆکو لەنێویدان و تەنیا بە دەرئەنجامادن یان دامایین لە پێشبینییە وێنەییەکان چێدەکرێن – وەک "ناو"ی شتەکان.
ڕیالیزمی یونیڤرسالێکان: لەڕە واتای ڕیالیزم جیاوازە لە واتای مەدەرنی تێگەکە. لەم ڕێبازە هزرییەدا کە لە پلاتۆنەوە دەردەچێت، بوونی ڕاستینە دەدرێت بە تێگەکان، گشتییەکان (یونیڤرسالێکان) و پابەند بڕوانەوە شتە تاکەکان دەئافرێنرێن. یونیڤرسالە / گشتی نیشانەیە بۆ هاوبەشییەک کە دژێت بوونەوەرانی جیاواز هەیانبن، بۆ نموونە زیندەوەر، سوور-ێتی، خولگەێتی و هتد. ئەم گشتییانە

چواندنیان بە سەرجەم یونیقەرسوم / گەردوون و بەمەش بە مرۆڤان هەیە.
زەین: توانستی تێگەیشتن.
فۆرم: ئایدەس، ئیدە، گشتیتی.
کردەکێتی و شیمانەیی: بە گریکی "ئینەرجیا"، بە لاتینی "ئەکتوالیتاس"، تێگەی گشتگیری ئەوەیە کە بەاستی لێگەیە، هەروەها تێگەکە هەوودکاتە کرەکی لێگەبووکە، وەلە شیمانەیی (پۆسیبیلیتە) ئاماژە بە توانستێک دەدات کە جارە نەبووە بە کردەکی.
کەنزەرفاتیف: پارێزەری بەها کەنە کاراکانی نەو سەردەمێک کە وەک هەقیقەتی نەشیاوی گەان دایان دەنێت.
ئەیستەکراتی: دەسەاتداریی دەوەمەندە بەگزادەیەکان.

خوێندنەوەیەک بە رەمانی تیەرییەکی گشتی بە لەبیرچوونەوە.. ئەردەان عەبدوەا

لە ماوەی پێشودا رەمانی (تیەرییەکی گشتی بە لەبیرچوونەوە)م خوێندەوە، کە لە نووسینی نووسەری ئینگلیی (جوزیە ئیدواردو ئاگوئالوسا)یە، حەمە کەریم عارف کردوویەتی بە کوردی و ناوەندی رەهەند چاپی کردووە. نووسەرەکە بە من نوە بوو، بەام کاتێک رەمانەکەم خوێندەوە، خۆشحاە بووم کە بەرهەمی ئەم نووسەرەم خوێندەوە، بەتایبەتی کە زانیم نووسەرەکەی خەکی ئەفریقایە، دەمکیشە بە دوای ئەدەبی ئەفریقادا دەگەام، چونکە کەمتر ئاگاداری ئەدەبی ئەفریقام.
ئەم رەمانە لە رەگەی باسکردنی ژیانی ژنەکەوە، کەمەک پرسی گرنگی وروژاندووە لەپێش هەموشیانەوە باسی شەشی سەربەخۆیی ئینگەلا و جەنگی ناوخۆ و شەشی چەپەکانی پورتوگال دژی رژەمی سالازاری دیکتاتۆری پورتوگال.

ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە

لودڤیکا لەگەڵ ئودیتی خۆشکی دەژی، ئەوان لە سەرەتادا لە پورتوگال دەژین، ئودیتی خۆشکی مامۆستای زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانییە، پاشماوەیەک ئودیتی خوشکی ئەرلاندە دەناسێت، کە ئەویش ئەندازیارێکی ئینگلیزییە لە یەکێک لە کانەکانی ئەڵماسدا کار دەکات. پاشماوەیەک لودڤیکا و ئودیتی خۆشکی بەرەو لواندا پایتەختی ئینگلاند دەڕۆن و لەوێ دەژین، ئودیتی خوشکی هیچ کاتێک لودە بە تەنیا جێناهێڵێت، هەربۆیە بەیار دەدات کە خوشکەکەشی لەگەڵ خۆی بەرێت بۆ ئینگلاند. نووسەر لەم ڕۆمانەدا باسی قەناغێکی ئەجگار هەستیار و گرنگی ئینگلاند و پورتوگال دەکات، کە ئەویش شۆڕشی چەپەکانی پورتوگالە لە دژی ڕژێمی سالازاری دیکتاتۆر، بە کۆتاییهێنانی ڕژێمی دیکتاتۆری سالازاریش، چەپەکان دان بە مافی چارەنووسی گەلی ئینگلیدا دەنێن و سەربەخۆییان پێدەدەن. بەڵام وەکو دیارە هەر لە پاش سەربەخۆبوونی ئینگلاند جەنگی ناوخۆ دەستپێدەکات و ئینگلاند دەبێتە مەیدانێکی گرنگی جەنگی ساردی نێوان ئەمریکا و ڕوسیا، هەروەها کەمێک دواتر ئیقلیمیش ڕۆی خراپ دەگێڕن لە پاش هەموویانەوە ئەفریقای باشوور، کە ئەوکاتە ڕژێمێکی ڕاسیزم حوکمی دەکرد.

لە پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی چەپەکانی پورتوگال و سەربەخۆبوونی ئینگلاند لە ساڵی 1975، هاتنە سەرکاری ڕەوتە شۆڕشگێڕەکان، بارێکی ئارامی و پشوویی هەموو وڵات دەگرێتەوە، ئەمەش وا دەکات کە ئەرلاندە سندوقێک ئەڵماس بدزێت، شۆڕک بەدزییەوە ماڵ بەجێبهێڵێت، لەم سەفەرە کتوپڕشدا، ئودیتی خزانی لەگەڵی دەواتە، بەڵام لودە بە ماوەی 30 ساڵ، لە شوقەکەی ئەواندا خۆی زیندانی دەکات. هەتاوەکو ساباڵو پەیدا دەبێت، کە منداڵێکی هەتیوە لەسەر شەقامەکان دەژی، ئەم ژنە لەو زیندانەی خۆی دەردەهێنێتە دەرەوەو دووبارە دەیگەڕێنێتەوە بۆ ناو ژیان.
ژیانی تەنهایی و گۆشەگیری پانتایی گەورە لەم ڕۆمانەدا داگیر دەکات، لەپڕنا ئەوشدا ڕووشی سیاسی و ئابووری گشتی ئینگلاند لەو قەناغە گرنگەدا باس دەکات، هەروەها باسی ساڵانی پاش سەربەخۆبوون دەکات، لەڕشدا پانتایی بە گەندەڵیی و دزی سیاسییەکان تەرخان دەکات، کە چۆن ئەو شۆشگێڕانەی دوێنێ، دەبنە بەرپرس گەندەڵ و دز.

« هەمان ئەو کەسانەی کە سۆسیالیستیان بونیاد نابوو، ڕووخاندیان، سەرمایەداری بە هەموو دندەییەکی خۆیەوە، لەهەمان خەڵمێشی ئەوەوە، سەری بەرزکردەوە. ئیتر هەموو ئەوانەی تا چەند مانگێک

لەوپێش لە ئاهەنگەکان و رۆژنامەکان و کەبوونەوە سیاسییەکاندا، زۆر بەتوندی دژایەتی دیموکراسی بەرجوازیان دەکرد، نها بە جلی پێشتە و پێرداخەوە، کە دیزاینەری تایبەتی بۆیانی دیزاین کرد بوون، لە شاردا بە ئۆتۆبیلی کۆشخەوە دەسوڕانەوە. بەوانە ل82

شەوازی نووسین

یەکێک لەو شتە جوانانەی کە سەرنجی منی بە لای ئەم رۆمانە راکێشا، شەوازی نووسینیەتی، نووسەر زۆر شارەزایانە رۆمانەکەی نووسیوە، بەتایبەتی ڕەگەزی « بیرەوەریی و گرێی ئەدەبی» زۆر بە باشی بەکارهێناوە. زۆرجار رووداوێک باس دەکات، دوای چەندین لاپەڕە، ئینجا هەکار و دەرئەنجامەکانت پێدەڵێت، ئەم یاری چاوشارکێیەش لەگەڵ خوێنەر، نووسەری بەتوانا نیەت، ناتوانێت بەکاریبهێنێت، چونکە پێویستیی بە شارەزایی زۆر هەیە، لە ڕەگەزەکانی ڕەماندا.

هەنگاوی یەکەم بۆ یەکسوا کردنی خەسڵەتی بورژوازیانەی ئێمە و هەڵبژاردنەکەیەتی لە هەڵبژاردن!.. موئەیەد ئەحمەد

هەر چەند ساڵ جارێک کە کەمپەنی هەڵبژاردن دەست پێدەکات لە هەرێمی کوردستان، حزبە بورژواکان بە قەومی و ئیسلامی و نیولیبرالەکانیانەوە کەمەگەر سەرقاڵ دەکەن بەخەیانەوە و وای نیشان دەدەن، بە تایبەت هەڵبژاردنی ئەپەرلەمان، و ئەمساڵیش (یەکێتی)، کە گەنجانکاریەکی گەورە ڕووبەڕووی ئەوەی شۆشێک بڕیابێت. (گۆران) و (ئیسلامیەکان) و (نەوەی نوێ) ئاوایان کرد و ئیستاش ئۆپۆزسیۆنەکانی تر و تەنانەت (یەکێتی) یش وادەکەن. لە ئاکامیشدا هەمووشت لە جێگەی خۆی مایەوە و ئێمەکەش گەندەڵ تر و ئادەی سەرکوت و قەرخکاری و بێدەرەتانی جەماوەر زیاتر گۆشیسەند.

زربەی جەماوەر بە ئەزمونی خۆیان بۆیان دەرکەوتووە کە ئەم سیناریۆیانە لە چەواشەکاری و دەستخەڵەکردنیان زیاتر شتێکی تر نییە. هەروەها ئاشکرایە بۆیان کە ئەوەی ناگەدرێ لە ڕێگەی پەرلەمان و هەڵبژاردنەوە لە هەرێم، هەمان ئەم ژەمە گەندەڵ و میلیشیایە و ئەم سیستمی چەوساندنەوە و بەمافیەیە، و هەمان دەسەڵاتی ئەو دوو حزبەیە (پارتی و یەکێتی) کە بونەتە مۆتەکەی سەرسنگیان، و هەمان باری سەختی ژیان و گوزەرانیانە کە هەر جارە خراپتر دەبێت.

ئەوە ڕاستیەکی بەرجەستەیە کە هەڵبژاردنی پەرلەمانی و بانگەشەی ئیستا هی حزب و لایەنگانی سەرەوەی کەمڕێگەن، و لەناو بازنەی نێنەرانی سیاسی و حزبگانی چینی بورژوازی و تونژە جەراوجەرگانی بەڕێوەدەچێ جا چ لە دەسەڵاتدا بن یان لە ئۆپۆزسیۆن، و خەسڵەتی سیاسی چینایەتی بورژوازی و کەشمەکەشی پەوە دیارە لەبەرامبەر چینی کرێکار و کەمنیزمدا.

لەلایەک سەرمایەدارنی ملیاردەر و ملیۆنێری بەڕێچەڵەک سیاسی و سەرگ حزبگان و بەرپرسانی حزبی و حکومی، و بەرژوا ئۆپۆزسیۆنی دەروون ژەمی لە ئیسلامی و قەومی و نیولیبرالگانەوە دەبینین، بەخێیان و دەستوتاقمی ڕۆشنبیران و چالاکەوانە سیاسیەگانیانەوە، بە پارەوپول و ئیمکانیتی بۆئەندازەوە، و لە لایەکی ترەوە، نەبوونی دەنگوسەدای سەربەخۆی پرۆلیتاریای کوردستان و ژنانی چەوساوە و لاوانی کچ و کوڕی ئەم هەرەمە، دەبینینن. لەم بانگەشەیدا تەنانەت وشەیەک لەسەر سۆشیالیزم و یەکسانیخوازی و ئازادیخوازی و ژگاری ژنان نییە، و قسەیەکی بەبایخ لەسەر چارەسەری کێشە ئاسیەگانی کەمڕێگە و ژگاربوون لەدەستی بێکاری و بەدەرامەتی و بێخزمەتگوزاری، نییە.

نەک هەر ئەوانەش بڕێکو قسەیەکیش لەسەر کەتایەهێنان بەدەسەڵات و ژەمی میلیشیایی و ئیستبدادی سیاسی و سەرکوت و دوو ئیدارەیی نییە لە هەردوو زۆنەکەدا، کە کێشەیەکی هەرە سەرەکی سیاسیی کەمڕێگەیە. ئەمەش بەسادەیی لەبەرئەوەی کە هەڵبژاردن هی هەمان ئەم ژەمەیە و بە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی بڕێخراوە و بڕێدەخرێت. قسەیەکیش گەرەبە لەم بارەیەوە لەم بانگەشەیدا لەڕوانگەی ئۆپۆزسیۆنی قەومی و ئیسلامی و نیولیبرالەویە کە بە خێیان پایەکانی خودی ژەمەکەن، و شڕیانە لەسەر پشکەکانیان. دیارە ئەوەش بەمانایە گەر قسەکانی (یەکێتی) بەجیدی وەربگەریت لەم بارەیەوە چونکە جەوهەری کەمپەنەکەی گوێنی پارسەنگی هێزە بەلای خێیدا تا پشکی لە دەسەڵات و سەروەت و نەوت و گاز زیاتر بکات.

ئەوەی هێیە لەم بانگەشەیدا جێنجاکردنی خەڵکە نەک بە سیاسەت و

مانیفیستی ئینتیخابات کە ناوەندکەک و مانیکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕوون و ئاشکرای هەبێت بۆ جەماوەری دانیشتووی کوردستان، بەکو جێنجاکردنیانە بۆ وەهمی ناسیونالیستی و ئیسلامی و نیولیبرالی و خورافاتکانیان و بۆ پێیامی سوکایەتی بۆ ئازادی و شکۆمەندی ژنان و مرۆڤی دژە ئینسانی ئیسلامیزم، ئەم سەرباری شەڕە جنۆیان بۆیکتر.

هەشتا بزوتنەوەی شورایی و کۆمۆنیستی، کە هەوڵ و تێکۆشانی پرۆلیتاریای نەوەی ئۆوسای هەرەمی کوردستان بوو، لە ئاووهەوای هەڵچوونە سیاسیکانی (۱۹۹۱)دا، نەچووبووە دواوە، و هەشتا لەچۆلەنجدا بوو لەبەرامبەر بورژوا ناسیونالیستی کوردی و هێزچەکدارکانی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و چارەنوسی کۆمەڵگە لە پگەی چینایەتی خۆیەوە لەم هەرەمدا، حزبە ناسیونالیستەکان هەبژاردنی کوردستانی ساڵی (۱۹۹۲)یان بەیخست و هەر یەک لە (پارتی) و (یەکێتی) بە نیواونیو دەسەڵاتیان دابەشکرد کرد لە ناوخۆی خۆیاندا و ژمەکی سیاسی دوو ئیدارییان پاش شڕی ناوخۆیی و کارساتکانی دامزراند.

لەو قۆناغەدا هەبژاردنی ساڵی (۱۹۹۲) بە بورژوا ناسیونالیزم سوودورگرتن بوو لەوەهمی ناسیونالیستی لەناو جەماوەردا تا بیگەیێ بە شتکی سیاسی کۆنکرێت کە جێگیرکردنی دەسەڵاتی حزبە چەکدار و مڵیشیاکانی ئەم بزوتنەوەیە بێت بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا، و هەگەیکێش بێت بە دابەشکردنی دەسەڵات لە نیوانی خۆیاندا. ئەو هەبژاردنە جیانەبوو لە هەوەندی کێشمەکێشیی سیاسی چینایەتی ئۆوسای کۆمەڵگە و بەئاشکرا سیمای دژە شورایی و دژە کۆمۆنیستی لەخۆدا هەگرتبوو، و وەهمی ناسیونالیستی مانیکی چینایەتی سیاسی دیاریکراوی لەخۆدا عەکس کردبووەوە، و نەک هەر ناکک بوو لە بەرامبەر داوکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی جەماوەری کارەسات بەسەرداهێنراوی ئۆوسای خەڵکی کوردستان، بەکو کۆتبووە بەرامبەر چاوەڕوانی سیاسی جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان و هەڵکخراوکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی، کە پێداگریان لەسەر دەسەڵاتی شورایی دەکرد.

لە دوای (۲۰۰۳)وە هەبژاردن و پەرلەمان هەم لە هەرەم و هەم لە سەرئاستی بەشکانی تری عێراق بەشکە لە پاکجی ژمەکی میلیشی کۆنەپەرستانەی سیاسی ئیسلامی و قەومی کە لەدوای داگیرکردنی عیراق لەلایەن بورژوا ئیمپریالیستی ئەمریکیەوە دامزرێوە، و هەبژاردن بە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەم ژمەم سیاسییە نەک فەراهەهێنانی هەر ئاوگۆرێکی جیدی تیایدا.

کۆمپێنی هەبژاردنیش لە هەرەم هی (پارتی) و (یەکێتی) و حزبەکانی

تری ئەپەزسیونە کە نوێنەرانی سەرمایە و سەرمایەدارین. پاش (٣٣) ساڵ لە دەسەاتی میلیشیایی ئەم دوو حزبە بەسەر هەرێمدا و (٢٠) ساڵ بەسەر تاڵانوبڕی نەوت و گاز و داهاتی ناوچەکە و قەرغی پشکی مالیەیان کە لە بەغداوە دێت، و پاش گۆشەسەندنی هەرچی زیاتری سەرمایەداری لە عیراق و کوردستان و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئابوری نیولیبرالیزم بەشێوەیەکی هەمەلایەنە و خێرا، و لە گۆڕیشیدا هەرچی زیاتری لکەپێکرانی سەرمایەداری لە عیراق و هەرێمی کوردستان بە بازاری جیهانی، و کڕینی سەرمایەی جیهانی و ناوچەییەوە، ئیتر باس کردن لە سیاسەتی هەڵبژاردن و پەرلەمان بە بە نیشاندانی ئەم خەسڵەتە چینایەتییە سەرمایەداریەی، دووریە لە واقع و خزمەت بە هوشیاری پرۆلیتاریا و ستەمدیدەکان ناکات.

هەر بەم پێیەش، سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی دەسەاتی (پارتی) و (یەکێتی) وەک دوو حزبی میلیشیای بورژوازی دەسەاتدار لە جیەپڕۆلیتیکسی ناوچەییدا و پێوەستبوونی هەریەکەیان بە جەمسەریکی دەوڵەتی ناوچەییەوە؛ ئیران و تورکیا، واقعێکی سیاسی و ستراتیژی سەربازییە، و پێوەندی هەردوکیشیان بەکەمەگەوە پێوەندی ژێم و دەسەاتی سیاسییە وەک دەسەاتیکی چینایەتی بورژوازی بە دژی کرێکاران و زەحمەکێشان. هەوڵ و تەقەلاکانیان بە گۆڕینی پارسەنگی هێز لەنێوان ئەم دوو حزبەدا و هەوڵدان بە شکاندنەوەی لە بەرژەوەندی هەر لایەکیان لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانییەوە کارێکی سیاسی گرنگە بۆیان و کەمەگەیان پێوە سەرقاڵکردووە. هەر بۆیە بەبایەخ کردنی ئەم مەسەلە سیاسییە بەبۆنەی میلیشیایی بوونیان و کارتێنیەتی هەڵبژاردنەکانیان سەرگەژی دروست دەکا بە جەماری نەداری کەمەگە و ئاستییە چینایەتییەکانی ئەم دوو حزبە و ستراتیژیان لە نەزەر ناگرێ.

ئەم هەڵبژاردنە چەند گاتجارییە و یاریکردنە بە ئامانج و ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان، بەتام بە خێی ووداوەکی سیاسییە و بەشکە لە درێژدان بە هەمان ژێمی زاڵی سیاسی و هەمان سیستمی ئابووری سەرمایەداری و زیاتر و زیاتر تێکەڵبوونیەتی لگەڵ سەرمایەی ناوچەیی و نەودەوڵەتیدا و درێژە دانە بە باری سەختی جەماوەری زەحمەتکێش و بێکاری و بێخزمەتگوزاری.

لە سیستمی پەرلەمانی بورژوا دیموکراتیکیشدا نە قسە لەسەر گۆڕینی سیستمی دەوڵەت و ژێمی بورژوازییە، نە تەسلیم بوونە بە داوکارە ئادیکاڵەکانی جەماوەری کریکاران، بەڵکو دەستا و دەستاپێکردنی حکومەتە لەم حزبی بورژوازی بە ئەوی تریان.

ئەرکێکی سیاسی کۆمۆنیستەکان لەبەرامبەر بانگەشی هەڵبژاردنی ئەمەدا لە کوردستان گرتنەبەری سیاسەتێکی چالاکانەی کۆمۆنیستییە

بەرامبەری و هەنگاوی یەکەمی ئەمڕۆ پێویستە لەسەر هەموو لایەنەکانی ترى خەباتی چینایەتی بورژوازیانەی ئێمەی سیاسی کوردستان و حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، و لەرشۆڕ چوونەسەر هەموو لایەنەکانی تری خەباتکردنی و بەکخستنی خەباتی چینایەتی و سۆشیالیستی پرۆلیتاریا لە دژۆی کایەی پەرلەمان و هەڵبژاردن.
هەر لەم ڕاستایەشدا نەک هەر بانگەشەی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و لاوان بکات کە بەشدار نەبن و بایکۆتی هەڵبژاردن بکەن، بەڵکو ڕوونیبکاتەوە کە چۆن هەڵبژێرادن و پەرلەمانی کوردستان ڕێگرە لەبەردەم بەرەوپێچوونی هەر ئاڵۆگۆڕکی شۆڕشگێرانە کە تاکە ڕێگەیە بۆ ڕزگاریان.

١٧ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤

چۆن سەرنجێک لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان.. سامانی وەستا بەکر

1. هەموو حیزبەکان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنا ئەیانووت، ئەم هەڵبژاردنە جیاوازە و بواری تەزویرکردن کەم، هەربۆیە نابە لە ئەستایا هیچیان پرتەوبڵا یانبە.
2. ئەو ئەنجامەی کە هاتە قەبارەی هەمووانی دیاری کرد ئەگەر بەشێک لە خەڵکی ڕەشنبیر و نوسەر و نوخبە بەچوونێکی تری هەبە.
3. چیتر ئەوە ڕاست نییە بوترێ حکومەت و دەسەڵات خەریکە سەپاندن و گەندەڵی لە شێوازی حوکمڕانی هەرەم بکرێ، خەڵک چووە سەر سندوقی هەڵبژاردن و قسەی خۆی کرد.
4. نەنگیە خەڵک گەڵی بە مووچەی و کەمی خزمرتگوزاری بکا.
5. شەرمە لە ئەستاوە خەڵک هەبە نازای لە ئەنجامە

پێشبینیکراوەکەی هەڵبژاردن دەربڕێ.
6. نەنگیین چیتر باس لە دزی گەندەڵی بکرێ، مادام بڕیاری وتەی حیزب و زەربەی چاودێر و ئەوانەی بەشداری هەڵبژاردنەکەی بە تەزویر بووە.
7. دەرکەوت کە خەڵکی هەرێمی کوردستان حەزیان لە گۆڕانکاری نییە و ئازی بەو شێوازی حوکمڕانییەی کە ٣٢ ساڵە هەیە.
8. ئەنجامی هەڵبژاردنەکە پەیمان ئەوە کە خەڵکی هەرێم مووچە هەبە یان نەبێ، گەرەنتی بژێوی ژیانیان بەشێوازیتر بە دابینکراوێ، ئەگەروانییە کۆتایێ ئەبێ خەڵکی هەرێم تووشی نەخۆشی "ستەکهەم سیندرەم" بوون و ئاشقی جێلاد و دزەکان بوون، وەک مێژە زمان ئەهێنن بە چەقۆی سەبەتەکانا.
9. دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە ئەوە ئەگەیەنێ کە خەڵکی هەرێم بە لەشکرکێشی و داگیرکای و بەردومان و کوشتنی خەڵکی سڤیلی کورد لەلایەن تورکیاوە ڕازین و کەشێیان نییە.
10. هەر دەرئەنجامەکە ئەوە ئەگەیەنێ کە بەووتی قەرارگا و دەستوەردانی ئێران لە وردودرشتی سیاسەتی هەرێما بەڵای خەڵکەوە ئاسایی.
11. دەرئەنجامەکە پەی وتین کە پێشتر بە ئاگابووین لە بووتی تورکمان لە سلێمانی و مەسیحی لە شارباژێڕ.
12. دەرکەوت کە بادینان کەیفیان هەر بە بادینی یەت و حوکمی سەرانی گیراناکەن.
13. ئەنجامەکە ئاماژەئ گرنگی تیایە لەوەی دەگەڵ سنورەکی تەکمەیە و بەینی ئاستەمە.
14. دەرئەنجامەکە بەی ڕوونتر کردینەوە کە خەڵکی هەرێم سەزداری بەسەریان زاڵە و بە دە دەنگ ئەیەن و هەڵبژێرن نەک بە بیر و هزری سیاسی.
15. ئەکرێ بە ئاسانی پێپلیست و بازرگانەکانی ناو سیاسەت گەمە بە ئاستی هۆشیاری خەڵک بکەن و بە بەرژەوەندی خۆیان بەکاریانبهێنن.
16. وەڵامی ڕوونی بە حیزبە ئیسلامییەکان پێیەو پەیان ئەوە لە سیاسەتا شوێنی دین نابێتەوە، بەنەوە ناو پەرستگاکان و دەست لە سیاسەت هەڵگرن، بەرەکی ژن و کچی کورد بەردەن و بازار کلتوری عەرەب مەسۆپۆتامیا بەسەریانا، خانمی کورد هەر دەر زەمانەوە سەرپۆشکی سپی یاوە بەسەریا بە بازار لەچکی تورکی، سعودی و ئێرانی ئەسۆپۆتامیا بەسەریانا.
17. پێیوتین کە جارێ هۆشیاری خەڵک نەگشتەتە ئاستی ئەوەی کە کاندیدی سەربەخۆ دەرچێنێ.

18. ئاستی هۆشیاری خەڵک هێندە لاوازە ئەگەر چوار ساڵ بیچووسڵنیتەوە و بە ٢٠ هەزار بانگەشەی هەڵبژاردن هەموو ستەکی لە بیربەریتەوانە. ماسیش هەروایە ئەگەر لەجاری یەکەما ڕزگاری بوو لە قولاپی ماسیگرەکە، ئەوا تەنها پاش ٢٠ چرکە جاکیتر ئەگەڕێتەوە بۆلای قۆلاپەکە، هەتا لەدەمی گیربێ و ئیتر بەکاڵا و خۆراک هەروەک ئەوەی ماسیگرەکە پلانی بۆ داناوە.
19. تەنانەت لەناو کاندیدی حیزبەکانیشا ئەوانە هەڵبژێرن کە لای حیزب پێسانە نەک ئەوەی کە شیاوترینە بە بوون بە ئەندام پەرلەمان.
20. پەی خوراو و قوربانی دەستی خەڵکانی هەڵپەرست و ناجۆر بزووتنەوەی گەلانە، کە ئەگەر سوێی ژیانی بە سوێی ژیانی جاجاکە بچونێرێ.
لەکاتی دوو گیان بوونی جاجاکەیا، مەینەکە نەرمکە ئەکوژێ فەیئیاتە دەرەوە. پاشان دوای تروکان مناڵکان دەستەکان بەخواردنی لاشەی دایکیان و لەسەری ئەژین تا گەورەئەبن ئەکەونە سەرپێ. ئەمە کتومت لە گەلان ڤوویا، سەرتا ناکۆکیکان و باببانن و خۆ بەکەسی یەکەمزانی کاک نەوشیروانیان شکەت و مانوو کرد تا ئاستی دووركەوتنەوە، پاشان مشخۆرەکان گەلانیان کرد بەخۆراکی حەزە کەسیەکانیان و بە پلیکانەی گەلانا سەرکەوتن بە دەسەڵات، دواتر هەندێکیان بە هەڵگەڕانەوەی ڕاستەوخۆ و چوونە ناو پارتی و کەمێک بەگەڕ و نهێنی گەلانیان هاوشوەی سیخوڕ گواستەوە بە پارتی تا جێی خۆیان بە باشی بکەنەوە. بەشکیان کە هیچیان دەستنکەوت وەک ئەوەی چاوەڕێی بوون گەلانەوە ناو یەکێتی. بەشکیشیان بەرنامە و ڕێبازی کاک نەوشیروانیان بەکارهێنا بۆ دروستکردنی حیزب و دروستکردنی لیست بۆ پەرلەمان.
ئەمانە هەموویان گەلانیان وەک ماسیە گەورەکە وشکردەوە و هاڵیان و کردنیان بە خۆراکی ماسیە بچوکە چاوچنۆکەکان.
ئەگەرچی بزووتنەوەی گەلان ئازایەتی نوان و داوای لێبوردنی کرد لە هەڵەی ساڵانی ڕابردوو بەڵام
بوونی دوو مەکەی سەرەکی و دوو گەلان لە گردەکەو و لە کوردسات وە دواکەوتنی گەلان لە کشانەوە لە حکومەت و لاوازی مەدیای گەلان بوونە فاکتەری سەرەکی پاشکشەی کەمەرشکێنی بزووتنەوەی گەلان چونکە ئاستی هۆشیاری میلەت زۆری ماوە بۆ جیاکاری و تێگەشتن لە پێزش هەنانەوە، بەڵام ئەگەر گەلان

ئەم شکستە بکاتە سەرەتای هەستانەوە وگەڕانەوە بۆناو خۆک.

سامانی وەستا بەکر
٢٠٢٤-١٠-٢١ سوید-ستۆکهۆڵم

خاتوو ریپین چیرۆکنووسکی ئۆسترالییە بۆ منداڵان.. ڕزا شوان

خاتوو (سالی ریپین) نووسەرکی بۆناوبانکی ئوسترالی و جیهانییە، لە بواری وێژەی منداڵان. لە ماوەی (٢٥) ساڵی ڕابردوودا، زیاتر لە (١٠٠) پەرتووکی بۆ منداڵان و بۆ نەوجوانان نووسیوە و چاپیانی کردوون و بڵاویانی کردوونەتەوە. پەرتووکانی پەفڕەشترین پەرتووکن لە ئوسترالیادا. زیاتر لە (١٠) ملیونیان دانیان لە (١٨) وڵاتی جیهان و بۆ (١٤) زمانی جیهانی لەفڕەشراون. لە زۆربەی پەرتووکانیشی خۆاتی لەیان وەرگرتوون. تا ئەمەش درێژە بە نووسین دەدات.
سالی ریپین، لە شاری (داروین) لە ئوسترالیا لەدایک بووە. بەڵام لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا گەورەبووە. بە هۆی کارکەی باوکییەوە، چەند ساڵ جارێک لە دەرەوەی ئوسترالیا ژیاون.
سالی ئامادەیی هونەریی لە مەلبۆرن تەواوکردووە، دوایش بۆ ماوەی (٣) ساڵ چووە بۆ چین، لە شارکانی شەنگهای و هانگژۆ، هونەری وێنەکێشانی کلاسیکی چینی خوێندووە. فێری نووسین و خوێندنەوە قسەکردن بە زمانی چینی بووە.
سالی ریپین دەڵێت:"بە بە بەختیم. زۆر منداڵ بووم، لەگەڵ وێنەکێشکی فەرەنسیدا هاوسەرگیریم کرد. زۆری نەخایاند، بەم ڕوون بووەوە، لە پانتایی ماکەدا، شوێنی دوو وێنەکێشی لێنابێتەوە. ڕووم لە جیهانی وێنەکێشانی وێنەی ڕوونکردنەوەی پەرتووکی منداڵان کرد. بە هاوەتی وێنەکانیشم

چیرۆکیشم بۆ منداڵان دانووسی. ئەمەیە کە منی گەیاندە ئەو ناوبانگ و ئەو پایەیەی کە ئێستا لێیم".
سالی ریپین، لە تەمەنی شەش ساڵییەوە، دەستی بە نووسینی پەرتووک کردووە. تا ئێستاش درێژە بە نووسین دەدات. زمانی ئینگلیزی و هونەر، بابەتی دڵخوازی بوون. لە قوتابخانەی بنەڕەتیدا، چیرۆکی دەربارەی ژیانی خۆی و خەزانکەیان دانووسی، بە زۆریش خۆی وەک پەریەک یان شازادەیەک پێشان دەدا. ئەو چیرۆکانەی کە دەیانی نووسین، پێشانی مامۆستاکانی دەدان، ئەوانیش دەستخۆشیان لێدەکرد و بە دەنگەکی بەرزەوە، لە پێلدا بە قوتابیەکانیان دەیانخوێندنەوە.
دەڵێت:"من زۆر حەزم لە نووسینە، ئایا من بەختەوەر نیم، کە ئەمە کاری منە؟.
دەشڵێت:"ئەوەم بە ئەندێشەدا نەدەهات، کە نووسین دەبێت بە پیشەم، بەڵام شتێک نەبوو، کە هەرگیز بتوانم دەستی لێ هەڵبگرم. لە سەرەتادا، لەو باوەڕەدا بووم، کە دەبێم وێنەکێش".
سالی ریپین. دوای تەواکردنی خوێندن و گەڕانەوەی لە چین، دەستیکرد بە یارمەتیدانی منداڵانی چینی ـ ئوستڕالی، لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی قوتابخانەکانیان. ئیلهامیش لە یەکێک لە خوێندکارەکانەوە وەردەگرێت و بە بۆنەی سەری ساڵی چینییەوە، بە زمانی چینی پەرتووکێک دانووسێت، بە ناونیشانی (سەری ساڵی چینی ڤانگ ڤانگ).
یەکەمین پەرتووکی بە گەورەساڵان، بە ناوی (شتە کۆییەکان) ەوە نووسیوە، کە باس لەوە دەکات کە چۆن فێری خوێندن بوون.
یەکەمین پەرتووکی بە منداڵان، زنجیرەی پەرتووکی (بیلی بی براون)ە بە منداڵانی تەمەن (٦ ـ ٨) ساڵان. لە ساڵی (٢٠١٠) دا، لایەن خانەی بڵاوکردنەوەی (هاری گراند) ەوە چاپکراون و بڵاوکرانەتەوە. هەر پەرتووکێکیش لەم زنجیرەیە. بابەتی جیاوازیان لەخۆگرتوون. بیلی بی براون لە بە ناوبانگترین پەرتووکانەتی بە منداڵان، تەنیا لەم پەرتووکەی، چوار ملیۆن و نیو، دانەی لە لەفرۆشرا. بەجگە لەم پەرتووکەی، پەرتووکی (هەای جاک) یەکێکی تر لە پەرتووکە بەناوبانگکانی بە منداڵان.
لە مانگی (فبرایەر/ ٢٠٢٤) واتا لە ئەمساڵدا، دامەزراوەی (خێاتی منداڵانی ئوستڕالیا) (سالی ریپین) ی وەک براوەی خێاتی منداڵانی ئوستڕالیا بە ساڵی (٢٠٢٤ ــ ٢٠٢٥) راگەیاند. ئەم خێاتەش بە (خێاتی نەبەی منداڵان) لە ئوستڕالیا

دەزانرێت، کە لە ساڵی (٢٠١٢) ەوە دەستی پێکرد. دوو ساڵ جارێ دەدرێت بە نووسەرێکی لیهاتووی بواری وێژەی منداڵان یان بە وێنەکێشێکی وێنەی رووبەراوی پەرتووکێ منداڵان.
ساڵی ریپین هەشتەمین براوەی ئەم خەڵاتەیە. براوەی خەڵاتەکەش، پێستی باڵیزی منداڵانی نیشتمانی هەیە. دەبێت بڵێداریەکی گەورە لە کەمەڵەک چالاکیی وێژەی منداڵانی ئوستراڵیا بکات. بە مەبەستی یارمەتیی منداڵان لە ئوستراڵیا، گەشت بە هەموو شارەکانی ئوستراڵیا دەکات.
ئەم خەڵاتە، دەرفەتێ بە ساڵی ریپین رەخساند، بۆ ئەوەی گەشت بە هەموو شوێنەکی وەاتەکەی بکات. قسە لەسەر ئەو شتانە بکات، کە بۆ ئەو واتایەکی زەریان هەیە. وەک: خوێندەواری، داهێنان، پشگیریی منداڵانی تووشبووی دەمارگرژی لە پڵەدا.
پەیامی ساڵی ریپین ئەمەیە:" هەموو منداڵان دەتوانن خوێنەربن".

ریپین بە شۆیەکی تایبەتی، حەزدەکات یارمەتیی ئەو منداڵانە بدات، کە تووشی دەمارگرژی و هەڵچوون و دەخەکی دەروونی بوونە، یان ئەو منداڵانەی کە کەشیان لە گرانی خوێندنەوە هەیە. بەیەکاری لە پێشینەی ریپین، بریتییە لە بیرکردنەوەی ئاستی هۆشیاری، سەبارەت بەوەی کە چۆن گرانییەکانی فێربوون و دەمارگرژی، کاریگەرییان لەسەر خوێندنەوە و نووسینی منداڵان هەیە.
ریپین تیشک دەخاتە سەر ئەو ئاستەنگانەی خوێندنەوە، کە ڕووبەڕووی ملیۆنان منداڵی ئوستراڵی دەبنەوە.
ساڵی ئامادەکار و پێشکێشکاری بەرنامەی تەلەفزیونیش بوو. لە چەندین کەڵ و فێستیڤاڵی وێژەیشدا، بڵێداری کردووە و بابەتی وێژەیی منداڵانی پێشکەش کردووە.

ساڵی ریپین، کاتەکیش کە سارقاڵی نووسین و وێنەکێشان نەبێت، لەگەڵ سەگەکەیدا، بە ناو دارستانەکانی نزیکی ماڵیان، پیاسە دەکات. بیر لە بیرکەی چیرۆکی نەی دەکاتەوە. هەموو بیرکەکانیشی لە تەکەکردنی ئەندێشە و ئەزموونکانییەوە سەرچاوەدەگرن. زنجیرە چیرۆکەکانی: پەڵی و پاستەر، زیاتر فانتازین، چونکە بەڵایەوە جادووگەر و ئەهریمەن و جنۆکە بوونیان نییە. زەریش لەو ڕووداوانەی لە چیرۆکەکانیدا ڕووددەن، لەو شتانەوە سەرچاوەیان گرتوون، کە لە جیهانی ئەمەدا ڕوویان داون. ساڵی لە ناخی دەیەوە چیرۆکەکانی دەنووسێت. پاڵەوان و

کارەکتەرەکانی چیرۆکەکانی، لەلای منداڵان و دایکان و باوکان و لەلای مامۆستاکان، پۆستەندن و دڵنگدانەوەیەکی زۆریان هەیە. لە ئوستڕالیا و جیهاندا ناوبانگیان هەیە.
بەشێکی زۆری پۆرتووکەکانی سالی ریپین، خەڵاتی وێنەکانی بە کەشاون. چەند پۆرتووکێکیشی بە هاوبەشی، لەگەڵ نووسەرانی ئوستڕالی تردا نووسیویانەتی.
تاستاش چەندین ڕۆزلەنان و خەڵاتیان پێی بەخشیون.
سالی ریپین، سێ کوڕ و سێ کچی هەیە، لەگەڵ هاوسەرەکەی و منداڵەکانیدا لە خانووە کۆنەکەیان، لە مەلبەرن دەژین. لە ئێستادا سەرقاڵە بە نووسینی زنجیرەی تەلەفزیۆنی ئەنمەیشن، بە منداڵانی پێش قوتابخانە. سەرەڕای نووسینی چیرۆک، لە کەمپانیایەکی ئوستڕالی بەرهەمهێنانیش کاردەکات.

(*) بە نووسینی ئەم بابەتە سوود لە چەند سایتێکی ئینگلیزی وەرگرتووە.
ڕزا شوان
نەرویج: ٢٠٢٤

تازە کردنەوە.. شیعری نوێ

بەندی

لە کۆتاییدا ،
مژوومان
دیسان ، دووبارە کردەوە ..
دەردی دەمان ،
دیسان بڕچارە کردەوە ..

⋆ ⋆ ⋆

ناسنامە کۆنەکانتانمان
(ئاوەی پیس و خوێناویی بوون)،
وا ئەمجارەیش نوێ کردەوە..
ئاگری دڵی هەتیو و

هەژارانمان ،
جارێکی تر پێ کردەوە ..
دەستمان لە خەوی غەفڵەتا ،
جەرگی تۆ تۆی
هەمدیسان تۆ تۆ کردەوە ..

پێنج هەوڵەریوەکانمان ،
لە زەلکاوا
کەکردەوە و ..
فڕی چەپەڵمان کردنەوە ..
ئەو کەترانەی کوشتبووتان ،
فڕی تەقڵەمان کردنەوە ..
لولاقە شکاوەکانمان ،
بوونەوە قوربانی سەما ،
ژانمان لە بیر بردنەوە ..

بە ئوتووی سارد ،
تووڕەیی ەوخسارمان
جوان و لوس کردەوە ..
لە بەرامبەر ەاستی و
ویژدان ،
زوو خەمان عەبوس کردەوە ..
بە داەوخاویی ،
چووینەوە خەیاڵ پڕاو ..
تەنانەت شەیتانیش ووڕ بوو ،
وڕ بوو ، ئەیووت :
ئەمە مرۆڤن یان پڕاو ..!؟

لە کەتاییدا هەمدیسان ،
گەڕەکەمان کەوتە خوار و ..
شکا و ..
بە ئاو گەڵاینەوە ..
نە تینوەتیمان لە بیر بوو ..
نە برسەتیی ..
بە ئاسانیی ، دەڵاینەوە ..

پیرەزتان بێ ،
ەوە تەنکەر

گەلێ تاوەر
جوانکیلەی سپی و
ڕەش ئەسمەر ..
ملیارەها ملیار .. ملیار ..
دینار .. یەرێ ..
پاوەن .. دۆلار ..
ملیۆنەها مەترۆ دوجای
شارچکۆ و شار ..
پیرەزتان بۆ ،
بەینی شاخ
سووتانی دار ..
قوتدانی خەر و خەرات و
سەر و ژەرەوەی داهات و
جادۆ و بازاڕ ..
زەوی .. ئاسمان ..
قوتی کافر و خواناسمان ..
خەمتان نەبێ ،
ئەوەی وورتەی لێ بێتە دەر
ئەیخەینە ژێر پێی جەماوەر

ئێستا ئیتر ،
دوای ئەوەی بە زەرینەی دەنگ
ڕازی و ڕەزامەندین لێتان ..
چاوەڕوانین ،
بمانخەنەوە ژێر پێتان ..
بەڵام بۆ لیست دایبەزنن ،
با مافمان نەخوڕێ ،
بزانین
کەمان بۆ پەڕاوی کێتان ..

ئەزموون وەك ئاخاوتنێك لەناو ژیان.. سەباح هەنجەر

ناسین

قەت بیرم لەوە نەکردووەتەوە لە شیعردا بەدوای چیدا دەگەڕێم، بەڵام دەزانم خەیاڵم پەروەردە دەکا؛ شێوە بەرجەستە بکەم و نەرم وودواوەکانی جیهانی هاوچەرخ ببینم. بە سەرەتاناسی و ئاسۆ و دووریيەکی پڕ ئەمەك و ناسین، کە ناواخن و کاکڵەی ژیان تێیدا دەسکێ و ئاراستە وەردەگرێ. لە چاوانی زمان و شیعر و شێوازخوازیم وانیوە، پێن لە خەمی هونەری و پرسیاری بوونیی، ئیلهامیش بیرەوەرییەکە و هیچی تر نییە. لەناکاودا دێتەوە بیرت و دڵخی نووسینت لا دروست دەکا.

زمانم بەهۆی زمانەوە ناسی، شیعر بەهۆی شیعرەوە، ژیانیش بەهۆی ئازیيەکانی. مرۆڤ بوونەوەرێکی دەوروبەری خۆیەتی. هەست بە چی بکات هۆشیارییەکی پڕ دەبەخشێ و دەری دەبڕێ، پاشان گفتوگۆ لەگەڵ خوداوەند دەکا. گوێشنبیری من گیراوەیەکی کوردی و پەتییە. ئەم گوێشنبیرییە وای لێکردووم پەی بە زمانی کوردی ببەم. خۆم بە فێنکبووەوە و گەرمبووەوەی سێبەر و هەتاوی کلتووری کوردی بزانم. خۆم بە بەش و نیمچەتەواوکەری وێستگە و گوێچکەی پێشینانم زانیوە. نیشانە و ئەدگار و ماك و کەسایەتیم ناسیون، ئازادی هەهام تێیدا بینیون، بە سانایيش بەسەریان تێنەپەڕیوم.

ساتی شیعریی خۆی بەدوامدا دێ، سەرەتا سەرەقەڵەمی خولیا و خرۆشان تێماردەکەم، پاشان بە کۆمەکی خەیاڵ چاوەڕوانی کاتی گونجاو و کەشوهەوای هونەری نووسین دەبم، وردەکاریی گەردوونیی تێدا بەکاربهێنم، خۆشم لە بەدبەکارهێنان لابدەم.

بە شیعری بڵێ دەنگ ووبەووی کارەسات و جەنگ بوومەتەوە، بەڵام وێنەم نەکێشاون. پەیبردن و کاردانەوەیانم کردووەتە فۆرمی ناەزایی و قووبوونەوەی ئاخاوتن. شیعری بڵێ دەنگ بۆشایی نێوان وانین و وێنە و چییەتی و مەسیقایە، هاوسەنگی ئەندازەیی شیعری بگەڕدە. لە ئەندازەیی شیعری بگەڕدا؛ حیکمەتی بیناسازی زمانەوانی و داهێنان دەناسم. لە ناسینکیاندا واتا دام دەڕژێ. لە ناسینکیشیان ئازادی ئێستێتیکا و وێبوون بەدوای ئەو دەقانەی ابەران بەدوایدا وێبوون و نەیان دزیيەوە.

نوبەخشی

لەناو کۆمەڵگای کوردیدا هیچ سەرچاوە و وزەیەکی ئەدەبی بە ئاستی شیعر نەبووەتە بنەمای پەیوەندی و مایەی بەرهەمهێنانی بیرکردنەوەی چالاك، واتە: ئەندێشەی چاك، کرداری چاك، گوتاری چاك. هەروەها بەو پایە کۆمەڵایەتی و هۆشبیرییەش پەسند نەکراوە و نەدروشاوەتەوە.
گیانی زمانی دەربڕینی کوردیش، تا ئێستا هەر بە تەنیا لەناو پرۆژە شیعرییەکاندا زیندووە، کوردیش ویستی شیعر نووسین و هەستیاریی شیعری زۆر بەهێزە، تواناکانی خۆی تێدا تاقی دەکاتەوە، هەڵگوتە کۆمەڵایەتییەکەشی وەریدەگرێت و ڕۆڵایی بە بەردەوامبوون و پەرەسەندنی دەدات، داهێنان بە وەرگرتنی قووڵاییەکانی ژیان بەرهەم دێ، لێم بەرهەمهێنانەشیدا ژیان دەخاتە ناو پرۆژەی دەزینەوە.
ئەگەر دەربڕینەکیش لە فەرمی ئاستدار و تیشکۆی خەماڵییەوە دانەچەقابێتە ناو بوون و زەمینەی تەواوی دەربڕینەوە، بەهیچ شێوە و کۆشەوایەك ناتوانێت نوێبخش بێت و بێتە ناو پرۆژەی دەزینەوە.
بە شاعیری نوێبخش وەرگرتنی قووڵاییەکانی ژیان زیندووبوونەوەی زمانە، زمانی دەزینەوەش زمانێکی یەك ئاراستەیی نییە، بەپرسیاری زۆرەوە لە ئاستە هەمەچەشنەکانی خۆی دەکۆڵێتەوە، قووڵاییەکان هەزی وشە و ئەزموونی تێدا نوستووە، لە دەربڕیندا ئێم هەڵە تاقی دەکرێتەوە و دێتە ناو پرۆژەی دەزینەوەوە، لەو چرکە زیندووەی مرۆڤ خۆی لە ئاشکرا دەبێت و دەزانێت کێیە، لێم چرکەدا: زمان دەبێتە هەست و سۆز و مۆسیقا و خوون.
بەشێوەیەکی سەرەتایی نوێبخشی لە ژیان و بیر و بیرکردنەوەی کۆمەڵگا دەرکەوتووە و هەنگاوی بە نراوە، بنەماکانی گۆڕان بەرەو پێداویستییە هاوچەرخەکان و هەشیاری دەبێتە پێوەری دەزینەوەی ئەدەبی، هەروەها نوێبخشی هێ و ئامانجە بە پێوەندیکردن بە چالاکییەکانی ژیانەوە، بەشەك، بەشکی لابەلاش نییە لە ژیان. ئاستەوخۆ ناوکی ژیانە، مرۆڤ لە باروبواری بەختەوەریدا وەك خوداوەندکی ئاستەقینە دەژمێرێت، ئەفسانە و ئەفسوونکی واشی تێدایە گیان و جەستە لە بەندی بحەوێنێتەوە.
بابەت وروژاندن و شەوازی شاعیر هەستکردنە بە چرکە زیندووەکانی ژیان و شڵەبووەوە بە ناو ناواخنی سروشت و لەدایکبوونی وەرزەکان و گونجان و تەبایی نەوانیان. واش بەرانبەر ئابهێنە هەست بەم شڵەبووەوە و گونجان و تەباییەی نەوانیان بکات.
هەستی نووسینیش بە ساتەوەختی زۆر ناسك، یان زۆر دژوار تێدەپەڕێ. تەوانینەکان ئاوگۆڕیان تێدەکەوە و دەسکەن.
شیعری ئاستەقینەی خاوەن جیهانبینی، کە خودی مرۆڤ دابڕێتەوە، لە

ژیری و پەند و سۆز و تاسە و ترپەی گەرمیی دڵ و خوونی مانسیانە بەدەر نیە، ئەگەر شیعریش ووت کرایەوە لە ژیری و پەند و سۆز و تاسە و ترپەی گەرمیی دڵ و خوونی مانسیانە بە هیچ جۆرێك ناستەقینە و خاوەن جیهانبینی نیە، کە خودی مرۆڤ دابڕێژتەوە.
شاعیری نوێبەخش هیچ کاتێك چاوەڕوانی هاندان و ستایش ناکات، هەر کاتێکیش چاوەڕوانی هاندان و ستایشی کرد، ئەوە بەوای بەوە نیە ئەوەی کە نووسیویەتی خەبوونی و داهێنان بێت. دەربڕینی نایاب بەهەی کرداری گیاندن و هۆشیاریی زمانەوە لە ئاستی ئاسایی دەپەڕێتەوە بۆ ئاستی ئەستێتیکا و خەبوونی، دەبێتە خاوەن پرسیار لە نەوان وریاییی زمان و وریاییی ئاخاوتن.
زمانی ئەستێتیکا، شەواز و ئەدگاری خۆی لە دەربڕینکردن و دەربینەوە وەردەگرێت. لە ئەزموونی گیانی جەستەیەکە شەویکی دیاریکراوی چرکە زیندووەکانی بە ژیان و نەشونما دەزیوێتەوە، شەوازیش ناوەند و گیانی نووسەر، هیچ گیانێکیش بە جەستەیەکی دیکە وەرناگیرێت.
شەواز و شیعریبوون و زمان، ئەزموون بە دیاردەکانی ژیان و وێناکردنی کەمەگا پێشنیازیان دەکات، دیاردەکانی ژیان و وێناکردنی کەمەگاش پێوەندی بە هەموویانەوە هەیە، بەشدارین لە چالاککردن و بەرەوپێشبردنی، پێیامی هونەریی مرۆڤگەلێکە، کە هەوڵی سەینەوە و لەبەینبردنی ئەو شتانە نادات، کە ژیان دەخنە باروبوارێك بەرگری لە بە ژیانبوون و ئازار و ئازادیی خۆی دەکات.
ژیان و بوون و دنیاش لەناو شیعری نایاب و ئەستێتیکی و خەبووندا نوێن، لەناو هۆشبیریی کوردیدا نوێبەخشی هەشتان بە هوونی شوێنی شیاوی بە نەکراوەتەوە، ئاخاوتن لەبارێوە دەبێتە هەرا و زەنا، پێویستە ئەو بەیارانەی لەم بارێوە بوونەتە مایەی سەرنجی کەمێکی کەم، بە ئاستێکی دیکەوە بخرێنە ناو ئاخاوتنەوە.
ئایا ئاخاوتنەکانمان لە خودی نوێبەخشیی دەقەوە دەرچوون، یان لە دەرەوەی دەقەوە وەرگیراون و لە جەستەی تەنك و ناسکی دەقدا پراوەی پێدەکەین، کە جەستەی تەنك و ناسکی دەق هیچ پراوێك وەرناگرێت جگە لە پراوەی گیان نەبێت.
نووسینێك گەیشتبێت بە ئاستی دەق، پێوەندیی ئاستداری چارنووسسازی بە ئەستێتیکا و خەبوونییەوە هەیە، کە هەمیشە وەك سەرچاوەیەکی هوون، هەزمکە بە بەرهەمهێنانی سەرچاوەی دیکە، بەرەنجامی خودێکی هەژاو و هەشمەند و وریایە. بەشکیش لە خودی هەژاو و هەشمەند و وریا گەیشتوون بەو هەقیقەتە، کە شیعر بگەڕێتەوە ناو سۆز و هەست و هوونی و ئاشکرایی لە دەربێندا، ئەمەش وەك دیاردەیەك پێویستە بخرێتە ناو ئاخاوتنەوە. زەر جاران

گەنجانکاریی ڕۆچاونەکراوەکان کاریگەریی ئاستەوخۆیان لەسەر چۆنیەتیی بیرکردنەوەی کەمەگا و بیر و دڕبڕینی تاکی نووسەرەوە هەیە. دەبێتە بابەتی نووسینەکانیان، بەڵام نابێتە ماناى ژوون و دیار، بگرە لە چۆڕدا دەبێتە سروشی مانا و چالاکیی وێنە، سروشی مانا و چالاکیی وێنەش شاعیر لەوە نزیک دەخاتەوە بچێتە ناو جیهانبینیی تەسەوفەوە و لەو جیهانبینییەوە پەی بە نهێنییەکان ببا و بە هەقیقەت بگات، واتە: شاعیر پێیبڕ و شیعریش پێپێبڕاو.
سەنگەک هەیە ناوی مەژوو، هەموومان وەک شیر دەکوەنێت، بەی دڕدەکوەت چەندمان هەوەن دەبین و چەندیشمان هەدەبزەکەین.

جیایی

پانتایی جیاکارم لە بڕهەمەکانمدا خوەقاندووە، لە پانتاییەکدا دەستنیشان ناکرێم. ئڕە لە پانتاییە شیعرییەکاندا، دەچمەوە سەر چ پانتاییەکی خە تایبەتیکردن. تایبەتکار بەی هەیە تەواوی هەبووەکانی، کە توانای کاریگەرییان تەدا دڕکەوتووە، ئاکەشتە ناو بیرکردنەوەی چالاکی، کە بڕدەوام هەما و هەماپەکراو بڕهەم دەهێنێت. لە یەک کاتیش لەناو هەموو پانتاییەکاندا کار بکات و دەستیان بە ببات.
بڕانبڕ بە ئاگایی خەم جەنگاوەڕکی مەشقکردوو و ئەهلی زیندووەتی دە و یەکەتیی ئەشقم، پانتایی ئەستێتیکا و هەبازی وردبوونەوەم لە ژیانمدا هەبژاردووە، دەمەوێت بە ئاناوی نادیار زمانی تەدا هەستیار بکەم، هەستیاریی تەواوی زمانی کوردی لە شیعری کلاسیکیماندا تواوەتەوە و دڕکەوتووەتەوە. کاتێک شیعری کلاسیکی دەخوێنمەوە هەست دەکەم تەواوی زمانی کوردی هووبەووم وەستاوەتەوە. دەمباتە ناو جیهانێک، کە قسەی لەبارەی دەزینەوە و چرکە زیندووەکانی بوون کردووە، نەک گەڕانەوە. خەون و ناوەندی وشە: هەوەدانن بە خەناسین. لە مانی گەورەی شیعردا هەموومان پێکەوە داوای شیعریبوون و زمانێکی نەرم دەکەین، ئەو داوایە وزەی گەشکردنی کرێکیجوانی و بەرزکردنەوەی ئاستی هەقیقەتی گیانی و درامای ژیانە. نەرمیی زمان لە نەرمیی ئەو کڕستەوە دێت، کە دڕبڕینی لەدەکات، زمان شانۆیەکی زیندووی زەر قووڵە لە جەستە و پێکهاتەی مرۆڤ لە گەڕانی دید و پێوەندییەکاندا.
جیاییی تاقیکردنەوەی من ئەوەیە: جیهانی پارچە پارچە دەخوەقێنم و پێوەندیی هەما و هەماپەکراویش دەپچڕێنم و دەستنیشانیان ناکەم. سەرچاوەکانی نووسین و ئاستەکانی دەنگ و تێبینیکردن و سەرنجدانم، لە جوانیی بگەڕد و بە هاوتای ژیان وەردگرم، دەگمەن و تاقانە دەبن بە هەما و هەماپەکراو.

شیعر چەند بچەتە ناو ژیان و دنیای خودایی و هەقیقەتی ڕۆژگارەوە، هەندەی دیکە گیانی تا هەتایە پەروەردە دەکا و دەیپارێزێت و ئەفسانە و ئەفسوون لەخودی خۆیەوە بڕو پەدەدا.
شتێك لە نووسین، کە وەك ئەزموونێك پێشکەشم کردبێت، بەکاربردنی زمانی خۆنە بە زمانی نووسین و ڕاچەنادن و چالاککردنی ناخی پە توانایی و یادەوەری. دواجار تواندنەوەی چالاکییەکانی بیر لە هەستیاریی نووسیندا.
چامەی درێژی فرە دەنگ و ئاستدار، پرۆژەیەکی کامڵ و لەسەر ئاستی بوون و کرانەوەی بەردەوام ئادەوستێت، سروشتی دایکی هەستەکانمە، ئاسایەکی ئەفسانە و ئەفسوون ئاساییە، ناتوانم لەی دەربازبم، بە کامڵترین فۆرمی شیعریی دەزانم و پێیوایە دەکەم، لە ڕایەڵ و تانوپۆی هەستەکانیدا توانای جووڵاندنی فرە دەنگی و فرە پێیوەندی دەسکەت. مانا و زمان دەگۆڕێتەوە ئەو ئاستاریەی هەزی نووسین ئاشکرای دەکات و دەیهەنێتە گۆڕێ، واتە: قووبوونەوە بە ناخی بینرا و شێلی کات و شوێن سیمای بوون.
سەنگێك هەیە ناوی مەژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەدەبزەکەین.

فرە دەنگی

ڕوانینی گەردوونی بار و بوار بە گۆشەسەندنی شیعر دەڕخسێنێت، بەڵای ببە پێیوەندیی بە شێوشی گیاندن و فۆرمەکانییەوە نییە. خەیاڵ و ئەو ئاسۆیەی جیهانی بەهێزەوە وێنا دەکەیت، لە دەرەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کاری شیعریبوون بەرەو دەبەن، لە کێك وەرگرتن: دەست واڵا و دیموکراسین، سەرسامیی خۆشیان بە نۆشونمای نوێبەخشیی گیانی ژیان ناشارنەوە.
دەتوانین لەو دنیابین، کە شیعر هەموو سەنگایی ساتە وردەکانی بە تەنیا خستە سەر هەڵقوڵانی خەیاڵ، وەك بەرزایی و ناوەندی کاریگەر چووە ناوی و کرۆکی ژیانی بە هێزەوە وێنا کرد. بگومان لە باروبارێك نزیك دەبینەوە، شیعری تاك دەنگی دەبێتە خەنیشاندانێك و دەربڕین لەو باروبارە بەهێزدا.
دەکرێ لە بچووکبوونەوەی دنیا لە بینینی شاشەدا، یان هەر فۆرمەکی گیاندنەوە، شیعری فرە دەنگ لە چنین و ڕایەڵ و تانوپۆی توند و تەڵی بەستە جگرەوەی خەیاڵ، وەك بەرزایی و ناوەندی کاریگەر.
لە شیعری فرە دەنگیدا خەیاڵ ڕاگەزی سوودبینینە، بەرزایی و ناوەندی کاریگەر نییە. نیشاندانی باوەڕ و گیانی کراوە و دووڕەندیی ئەم شێوازە، بەئەندازەیەك لە چیرۆك و شانامە و ڕەمان و داستان و ئەدەبی پەخشاندا بە ئاشکرایی دەگاتە لووتکەی

بینین و تێگەیشتنی ووون.
لە شیعری درامیدا گفتوگۆ لەگەڵ هەست و ئەقڵی خوێنەر و شاکەس و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان دادەمەزرێنێت، هاوتاییەك دەدەستەوە لەباری نووسیندا پێیەوی دەکات. لە پێکهاتە و بنەمای منی شیعریدا پێکدێت و دەبینرێت، خۆی لە منی تاکە کەسی شاعیر دەکشێتەوە، ئاستی شاکەس و کەسایەتییە جۆرا و جۆرەکان و چڕبوونەوەیان، چڕی ئاراستەکراوی شاکەس و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان و واتاسی.
زۆرێك لە شیعری ئیمەماندا، لەسەر سیستمی تاکدەنگی منی شاعیر وەك هەگزەکی کارپێکەر بەهێز دەچێت، ئەم شێوازەش وەك هونەر هەرچی پێبوو بەخشی، چاوەڕوان ناکرێت هونەرێکی کاریگەری پێ مابێت بە بەخشین و سەرسامی، چونکە هیچ شتێك ووناداتە قسەکەر یەك قسەکەرە و پانتایی نووسینەکەی داگیرکردووە، هەروەها بوونی شیعریش وەك شێواز و شێوە دەخاتە مەترسییەوە. لە کارایی و زیندوویی و هێز دووری دەخاتەوە، کە کارایی و زیندوویی و هێز بارووبارێکن هەمیشە زیندووماندەکەنەوە و سەرچاوەی سەرسوڕهێنەرن.
یەکەمین کردەی هەستیارکردنی زمان، ڕستەکان بە مەبەستی گێڕانەوەی چاوگە دەنگییەکان دەڕژێ دەکاتەوە، چاوگە دەنگییەکانیش هەمیشە ئاگایی زمان تێدا دەبێتە باروبواری ڕاستەقینەی نووسین و وزەی ترپە و ئاواز، لەم بارووبارییەوە هەستیاریی زمان ڕوو دەدات. چەند ترپە و ئاوازێکی لە دەبێتەوە بەناو خۆیدا دووبارە پەخش دەبێتەوە، جۆراوجۆریی ترپە و ئاواز: خێرایی و مەرك و ماکی ناسینی ئەم چەشنەن، پشت بە وێنەهێنانەوەی یەك لە دوای یەکیش نابەستێت، زیاتر گۆڕانەوە دەکاتە خۆبووژانەوە و دەرکەوتن و ئاراستە وەرگرتن.
سەنگێك هەیە ناوی مەژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بەی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەدەبزەکەین.

دەستکاریکردن

دەقەکانم، ئاوانەی چاپم کردوون و ئاوانەی چاپیشم نەکردوون، هەمیشە لەسەر مێزی کارکردن دەستیان بە دەبەم، هەر چەند ڕستەیەکیان دەستکاری دەکەم و چەند لاپەڕەیەکیان دەخەمە سەر و چەند لاپەڕەیەکیشیان لە لادەدەم. تا ئێستاش نەگەیشتووم بەدوا داشتنیان. ئەو هونەر و دەڵاوکێیەی دەستکاریکردنەش لە کارکردنی بە وچانی کاتژمێر، گواستراوەتەوە ناو باروبواری دەروونیی شاعیرێتیی من.
کاتژمێر تەکان دەدا بەرەو ناو دەقی کات. دەقی کاتیش هەمیشە ئەو چرکەیەی جوانە تێدا چاوەڕوانیت، کە هێز دەخاتە ئەو چرکەیەی بەی دەڕوات، زیاتر منیش هەمیشە بەرەو دەقی شیعرییە. هەموو شتەکانی کاریگەرییان بە نەشونمای ژیانەوە هەیە. لە زێنمدا ئامادەیان

دڵنیانکەم بە بەشێك لە چالاکییەکانی بیرکردنەوەم.
دەستکاریی بەردەوامیش کارێکی دروستە بە نووسەری پڕ توانا و ئازموونی پێینەوە، بە ناو پرسیارەکانی، کە بوون بەیەك جار دەستنیشان ناکەن، بەرگری و دەربڕین لە داهێنان دەکەن، چونکە هەر جارێك، کە دەستکاری دەکات، بەو نیازە بە تەواوی ژیان لەناو دڤەکەیدا ببینێت، یان ژیان بە تەواوی بهێنێتە ناو دڤەکەیەوە و بیگەیەنێت بە ئاستی خۆنی نووسین. ئەویش یەك لە مەحاڵکانی نووسینە، نووسین هەوڵدەدات بە مەحاڵ، مانەوەش لەناو ئەو مەحاڵە سووربوونی نووسەرە بە بینینی ژیان بە تەواوی لەناو دڤەی بگەڕددا.
سەنگەك هەیە ناوی مەژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بەی دەردەکەوێت چەندمان هەوەن دەبین و چەندیشمان هەدەبزەکەین.

شاعیر

شاعیر، سەر گەرمییەکانی خەی لە سنووری بیرکردنەوە و جیهانبینییەوە دەست پێدەکات و گیان و هەستەکانی چالاکە بگشت جوانییە هاوبەشکان. ئاراستەی ئاڕزکردنی جوانییە هاوبەشکان نییە. سادەکردنەوەیەتی، بەرپرسە بەرانبەر بەرزبوونەوە و هسکاندنی هوانینی پە شیعریبوون و جووڵەی ئاخاوتن لە زماندا، پێویستیشە بەوەی پێویندییەکانی نێوان جوانی و فەرمەکانی کەمەگا وەك پرۆزەیەکی پەرەپێدان و پەرەپێدراو وەربگرێت.
کاری گوتار دامەزراندنیش لە پێویندییەکانەوە بکاتە وێنەیەکی هاستەقینەی ئازموونکراوی هەقیقەت و بەهای مرۆڤ. لە هەمان کاتدا لە تواناکانی دەربڕیندا بەرزیان بکاتەوە ناو هایەڵ و تانوپۆی هستە و ترپە و ئاوازی ویژدانیان، لێیەوە وەك نیشان و نیشانە پیشانیان بدات، هەروەها دەسەڵاتی هەستیاریشی بەسەر ئاشکراکردنی چارنووسی جوانی لە شەوازی نادیاردا، پشتگیر و پاڵپشت لە بەرزبوونەوە و بەهێزکردنی و داکەکی لە مانەوەی بکات.
تەوەرەکانی هەست و سۆز و خەون بخاتە گەڕ بە هەشتنەوەی بەردەوامیی چێژی گیانی. جوانی وەك هەگبزێکی چالاك و بنیادنەر، لە پێکهاتەی دڤقدا بکاتە ناوەندی بەیەکگەیشتنی پێویندییەکان و باوەهێنان بە هەقیقەت و تواناکانی ژیان. بە واتای هاستەقینەی لەناو دەوروبەرێکی بە هەز لە هەشیاریی فیکریدا، ئاکار دابڕێت. بەدواداچوونی مەژووی گیان و ئەوانی دیکە و چاونەترسیش بەرەو ووی ئەم ئاکار داشتنە بکاتە مالی هەر هەموومان و گەوهەر و ناوکی هونەری مانا دەرنەکەوتووەکان لە چرکە زیندووە دەگمەنەکان هەداتەوە.
کردەی نووسین وەك سەرتایەکی هەمیشەیی و خاڵ یەکتربڕکانی کات و

شۆن بپارێزێت. بە فراوانییەکی ئاستدار و کاریگەریش بانگەوازی لایەنداریی تەواوی ئابگەیەنێت، دواجار بە ئاستی بەهای مرۆڤ بیناسێنێت، بپرسێت ئەڕێ ئاستداریەکانی شیعر و مرۆڤ چین، لە واقیعدا جێبەجێیان بکات و جێی پەسندی بن. تا چەند توانیویەتی جوانی و هونەر بگەیەنێتە ئاستی ژیان و درکاندن و بەهای مرۆڤ.
سەنگێك هەیە ناوی مێژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بەی دەردەکەوێت چەندمان هەوەن دەبین و چەندیشمان هەدەبزەکەین.

فەرهەنگ

وشە لەناو فەرهەنگدا بە یەك مانایی سنووردار و پابەندە، باروبواری هەکەینی نەماوە و چەسپاو و جێگیر و نەگۆڕ، لەسەر ئاستێکی چەسپاو و جێگیر و نەگۆڕیش پەیوەندی بە دەستنیشان کراوە، واتە: لەناو ژیان و بزووتنەوەی بەرەو پێشچوون کار و چالاکی لە وەرگیراوەتەوە و خانەنشین و لاکەنار و ئاستداری لە وەرگیراوەتەوە.

شاعیر لە وشەکانی ناو ژیاندا دەچێتە کێشی زاڵ و هەشتی خەیاڵ، وشە لە ساتێکی وردەکارانەدا لە ژیان ئەزموون دەکات. شیعریش، هەڵ لە خودی زمان وەردەگرێت، بەزمانی ناو ژیانیش شیعریبوونی دەژێتە و پەیوەندییەکانی بە جیهان دەبەستێتەوە، کار و چالاکیی وشە گرەکانی ناو ژیان، وشە بە هەڵەکانی ناو فەرهەنگیان لە خەیاڵگەی نووسەری خودوریا دەربەدەر کردووە. هەست بە نائومێدییەکی ترسناك دەکەم لەو وشانەی لەناو فەرهەنگانەدا وەنەوز دەدەن. دوای گواستنەوەیان بە ناو هێستی شیعریی کتوپڕ خۆی دووبارەکردنەوەی لە دەکەوێت. لەباری دووبارەکردنەوەشیانەدا، بچووکتر دەبنەوە. دەستواژە لەناو فەرهەنگدا خەشباوە و بە ئومێدە، بەیەك مانایی دەی داکووتووە و فەرمکانی کۆتایی پەهەناوە.

شاعیریش لەناو فەرهەنگدا سێ دەبەت و وێناکانی کورت دەهێنێت، نەك سەرسام. لە وشەکانی بەردەست و زەینی خەیاڵە دەست پێدەکات و ئاسەی هاندان و فەزای زاڵ دەبەت. هەشتبیرانی ئەکادیمی و فەرهەنگنووس و زمانەوان لە وشەکانی ناو فەرهەنگدا کار و چالاکییەکانیان بەرهەم دێنن. لە فەرهەنگدا ئاستی جیاکاری زمان نییە. هەموو داهێنانێکی زمان لە ئێدەبدا لە دەرەوەی فەرهەنگ هوودەدات، دەقی نایابیش لە کرەکدا لە پەیوەندیی زمانەوە هەز و سەرکەوتن وەردەگرێت، ئاسەیەك هاندەریەتی، ئاسەی ئاستداری و پەکهاتە و پەکهاتن.

لەناو مێژووی ئێدەبدا، ئێدەبەك نییە لە وشەکانی ناو فەرهەنگەوە سەرکەوتنی بە دەست هێنابێت، بەیە فەرهەنگ لای من بووە تەلیسمێکی بکوژ، زوو خەم لە قەڵەمڕەوی دەستاتی دەرهێنا. ژیان فەرهەنگی شیعرە، هەر شاعیرێکیش هانا بە وشەکانی ناو فەرهەنگ ببات، نامەیی

و دەستپاچەیی خۆی بۆ شیعر ئاشکرا دەکات. مامۆستای لێگەڕ وشەی ئامادەکراوە، بایەخی ساتە هۆشیارییەکانی ناوەوەی خۆی لە دەست داوە، واتە: ئێستا بەکارهێنانەوەی لێبیرچوونەتەوە و هەست بە کاریگەریبوونی ناکات. ئەگەر نووسینەکی ئەدەبیش ساتە هۆشیارییەکانی ناوەوەی نووسەر، خرۆشانی تواناکان و چالاکیی نەبووبێت. دەقێکی بەتاڵ لە ئەفسانە و ئەفسوون و هۆشیاریی نووسین.
سەنگێك هەیە ناوی مێژوو، هەمووماڵێك شیر دەکوێنێت، بۆ دەردەکەوێت چەندمان هەوڵ دەبین و چەندیشمان هەدەبزەکەین.

ناونیشان

زۆر نییە لەناو ئاخنە و لەکەینەوەی ئەدەبی کوردیدا ناونیشان وەك بابەتێکی سەربەخۆ و گرنگ، بەهای پێبەخشراوە و مامۆستای لێگەدا دەکرێت. لە هەموو باروبارەکانیشدا ناونیشان و ناونیشانێك دەچنەوە سەر یەك ماك و بنەما، ئاویش ناوێندە، واتە: دەقەکە، ئەگەر ناونیشان داهێنان بێت، دەبێتە هەستگەرمی و سرووشتێك، داهێنانێکی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت. هەبژاردنی لەسەر بنەما و بیرکەی: ئەفسانە و ئەفسوون هەبژاردنێکی هەشمەندانە و داهێنرانەیە، لە وێنە و سرووش و دەربەینەدا بەدەردەکەوێت و وزەی ئاو هەستە دەدزێتەوە، کە لە ناونیشانەکدا بەدواداچوون و هەنگاو هەڵێنانە بە کەکردنەوەی تاڵ تیشکەکان و وزەی ئاستەقینە و هەوێنی شیعرەکە. لە ناونیشانەکدا دەقی نوێبەخش یەکەیەکی یەکگرتووی تەدا نییە، چونکە ژیان پارچە پارچە بووە و جارێك هەڵوەشێنراوەتەوە. هەندێك جار پارچەکان لەك دوورن و هەندێك جاریش لەك نزیك. گرنگ ئاوێتە لە هەردوو باروبواری لەك نزیکی و لەك دووریی پارچەکان هەرەم و دەربەینی ژیانن و بنەمایەکی پێوەندییان هەیە. هەست بە پچڕانی پێوەندیی نێوان ناونیشان و ناونێرك ناکەین. ئەم دوو باروبارەی لەك نزیکی و لەك دووری دابەش دەبن بەسەر دوو خاڵدا:
خاڵی یەکەم: ئەو دەقەی، کە دەقێکی نوێبەخشە یەکەیەکی یەکگرتووی تەدا نییە، ناونیشانەکە دەبێتە تاڵ تیشکێك لە ناونێرەکەدا.
خاڵی دووەم: ئەو دەقەی، کە دەقێکی ئاساییە یەکەیەکی یەکگرتووی تەدایە، ناونیشانەکە دەبێتە ئامانی سەرەکی و بە تەواوی جێستەی دەقەکەدا شۆڕ دەبێتەوە و دەبێت بە ئایەڵ و تانوپۆ، لە ناونیشانەوەش درێژ بە شیعرەکە دەدات ناونیشانەکانی من وەك تاڵ تیشکەکن بە ماناو ناونێرەکی دەقەکان. نەك وەك ئامانی سەرەکی بەتەواوی جێستەی دەقەکەدا شۆڕ بووبێتەوە، هەروەها تاڵ تیشکەکان لێخۆیدا کە دەکاتەوە.

ناونیشان ناتوانێت ڕایەڵ و تانوپۆی ناو دڵ ڕکبخات، لەبەر ئەوەی ئەو خۆی هەوڵدەدات بە زمانێکی نەرم لەگەڵ ڕەگەز و توخمەکان پەیوەندی دروست بکات و هاوگونجان پەیدا بکات، لە ناوەڕاستی هێشتاکاندا: (ئەحمەدی مەلا) زێدی خۆی: (زەردك) بە ناونیشانی کێشیعرێکی بەکارهێنا. ئەم دەستپێشخەری و دیاردەیەك بوو لە ناونیشانی کێشیعری کوردی، زۆریش بەجوانی گەیشتووە بە ناوەندی خۆبوونی داهێنان.

بەشێك لەناونیشانی کێشیعری کوردی بەڵامەو وردبوونەوە و مەودایەکی هونەری و دڵخۆشن و سەرسامبوومە پێیان، نەشمتوانیوە سەرسامیی خۆم بەرانبەریان بشارمەوە، ئاستێکی باڵایان بەدەستکان داوە و هەکارێك بوونە لە هەکارەکانی داهێنان و گەلێك پنتیش لە ناوەڕۆکدا ووندەکانەوە، ئەو ناونیشانەی سەرسامیان کردووم ئەمانن:

یەکەم: سەمای بەفری ئەواران – ی جەلال بەرزنجی.

دووەم: ووڵبوونەوە- ی ڕەفیق سابیر.

سێیەم: تەمە سپییەکانی ڕەح – ی کەریم دشتی.

چوارەم: هەڵانەی نغرە – ی مارف عومەر گوڵ.

پێنجەم: تاڤگەی مەند – ی نەژاد عەزیز سورمە.

شەشەم: کاتێ قامیش بەئاگا هات بووبووە بلوێر – ی سامان دزەیی.

ناونیشان بەڵای منداڵ بەسەر سەر دڵخ و ئاستدا دابەشدەبێت و تێدەپەڕێت: ئەوەی لەردا وەك بار و بوار و دڵخۆشین، بەجێش و ئەمکەوە دەمەوە ئاماژەی پێبەدەم. ناونیشانی: (خەون وا خۆی گەڕایەوە) یە. سەرووشی ئەم ناونیشانەم بەجێش و سەرووشکی دووربەدووری ناونیشانی: (زەردەشت وا دوا)ی نیتشەوە لا دروست بووە و لە داشتنیدا هاوگونجانکم بەکارهێناوە، هەروەها ناونیشانی: (کاتێ قامیش بەئاگاهات بووبووە بلوێر)، لە سروشت و سرووشی دڵڕەشیعرێکی: (مەولانا جەلالەدینی ڕومی، لە سروودی نەی) وەرگیراوە. ئەوەی من گەرموگوڕییەکی زەر شاراوەیە، ئەگەر خەم ئەم گەرمی پێبەخشینەی ئەزموونی خەم نەهێنمە بەرباس، کەس هەستی پێناکات و خاڵکی هاودەقی لە نادەزرێتەوە، چونکە زەر بە ئاگاییەوە لە ناوەندی ناونیشانکەی نیتشەوە بەهەرەم وەرگرتووە و چووەتە دڕەوە، یان ناونیشانکە لە سەرسامیی خۆی وەستاندوومی و بڵێی خستووەوە بە دروستکردنی سەرسامی خۆبوونی خەم. هەرچی سامان دزەییە لە ناوەندی دڵخۆکی ڕەمی نەچووەتە دڕەوە و ماوەتەوە، هەروەها ئەوەندەی من ئاگاداربم، واشبزانم ئاگاییەکی ووون و وردم لە شیعری نوێی کوردیدا هەیە. وشەی (ئاو)، وەك ناونیشان یەکەم جار: (سامی شێش) لە ژمارە (1)ی بڵاوکراوەی (نبەڕە)، ساڵی 1970 بەکاریهێنا، شیعرێکی تێدا بڵاوکردەوە بە ناونیشانی: (بووکی ئاو).

ئەم ناونیشانە بۆ سەرەتای حەفتاکان ناونیشانەکی دەخگۆ و کاریگەر بوو، پاش چوار ساڵی: (عەباس عەبدولا یووسف) بەجۆرێك لە جۆرەکان وەریگرت، یان گواستیەوە، کردی بە ناونیشانی نامیلکەیەکی بەناونیشانی: (ئاو). جا نازانم ئەم شێوازی وەرگرتنە دەچێتە چ خانەیەك، وەرگرتن، یان گواستنەوە، یان... تاد، بەڵام هەندێك ناونیشان هەیە. دەقاودەق وەرگیراوە، یان گواستراوەتەوە، یان... تاد، (بەفری گەرم – الثلج الحار) لە بنەڕەتدا ناونیشانی ڕۆمانێکی: (یوری بوندارىف)ە، (غائب طعمة فرمان) وەریگڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی. (نەوزاد ڕەفعەت) لە ساڵی 1992، دەقاودەق وەریگرتووە، یان گواستوویەتیەوە، یان... تاد، کردی بە ناونیشانی کێشیعرێکی خۆی، هەروەها ناونیشانی بەزبەر زەمینەیەکی کاریگەر و تڕپە و ئاوازی مانوە لە مێشکدا دەهێڵێتەوە و واقیعی خۆی تێدەپەڕێنی، دەبێتە واقیعی خواستراوی نووسینەکی تر، یان دەخگۆینەك. نموونە: ناونیشانی کێشیعری: (گوڵ بەدەکان)ی بەدڵەر، ناونیشانێکی ئێجگار ناسراوە و کاریگەری و زەمینەی کاریگەر و تڕپە و ئاوازی مانەوەی لە مێشکی: (نەوزاد ڕەفعەت)دا جێهێشتووە و بە بە هیچ ئاماژەیەك لە شیعرەکیدا، جا بە ئاگایی بێ، یان بێئاگایی بەکاری هێناوە: (شەی گوڵ بەدەکانی باخی ئیرەم. گەڕاری ئامان، ژمارە 50. ل: 128) ناتوانین لەم بارەوە لە وردەکاری بڕاورد بکەینەوە، لەبەر ئەوەی دەخگۆین نییە.

گواستنەوەیە.

من هەروا بە سادەیی ناونیشان وەرناگرم و بە قووڵی و وردبینییەوە، فەزای زاڵی دەخوێنمەوە و جێگای بایەخم، ناونیشانی دەخگۆ واتای جیابوون و جیاوازییە. لەو دەخوە خوێنەری نموونەیی تێدەگات نووسەر قووڵبینە، یان ووکەش.

ویستم لە ناونیشاندا کارەکی تایبەتمەند پێشکەش بکەم، لە جێگای پیت و دەنگدا وێنەبکەشم، واتە: ئەگەر ناونیشانی شیعرەکم: (باڵندەی مەڵەوان) بێت. لە شوێنی ناونیشان وێنەیەکی ماسیگرێ، یان قورینگ... تاد، بکەشم. لەیەك کاتدا هەم شێوەی وێنە و هەم نیشانەی نووسین بدات. ئەو ویست و هەوەسم تێنیا وەك بیرکردنەوەیەك مایەوە و جێبەجێم نەکرد، پێکهاتەی شێوە کارکردنەکەشم بنیاد نابوو. جێبەجێ نەکردنەکەشم تێنیا لەبەر ناکارایی و ئاستی شارەزانەبوونی نەخشەسازەکانی ڕۆژنامە و گەڕارەکان بوو.

ساڵی 1993، هەوەکم لە شێوازی ناونیشان پێشکەش کرد. شیعرەکم بە ناونیشانی: (سەباح)، لە ژمارە (460ی پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ)دا بڵاوکردەوە. ماموستام لەگەڵ چوار توخمەکەی بوون، وەك پێکهاتەی گەردوون و جەستەی خەم کردبوو. (با، خاك، ئاگر،

ئاو). لە هەر بەشێکی سەربەخۆدا ناوی توخمە مامەڵە لەگەڵ کراوەکەم وەك ناونیشانی لاوەکی لەژێر بەشەکە دانابوو، نەخشەسازی ڕێزنامەکە هونەرمەند: (هێگورد جوندیانی)، ئەم شێوازی ناونیشانەی بە پیزپێ و نامە زانی، بەنابەدڵی کاری تێدا کرد، ئەنجام هەوڵەکەی منی بە تەواوی نەگەیاند. لە دوای بەاوبوونەوەیدا، بەم ئاشکرا بوو ئەم شێوازە سوریالیە فەرانسیەکان لە سەرەتای دروستبوونیان پێشکێشیان کردووە. ئەم هەوڵەشم وەك سەرەتایەك مایەوە و لەی دوورکەوتمەوە، بەڵام ناونیشان بەوننە وەك پرۆژەیەکی دواخراو لام ماوەتەوە و لە کێشیعرەکم تا بەم بکرێت و بتوانم پێشکێشی دەکەم، دەشزانم لە شێوە کارکردنەکەمدا بەرەو کۆە دەڕەم و چ هەڵە و هەمایەك دەکەم بە ناوەند.
سەرنگەك هەیە ناوی مەژوو، هەموومان وەك شیر دەکوەنێت، بەی دەردەکەوێت چەندمان هەوەن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزێکەین.

مانیفێست

وەك پرۆژەیەك مانیفێستی شیعریی خەم ڕاگەیاند، بە ئەوەی ئەم ڕاگەیاندنە ببێتە پاپشت و تیشکە بە ئەزموونی شیعریم. مانیفێست و خەووونکردنەوە، پەنجەمەر و ڕوانینی تایبەتیی نووسەرن، بە کەرستەیەکی خەمڵیو و ئەزموونکی ڕاستەقینەوە بەرانبەر نووسین و ئاسەی چاوەڕوانی نووسین. بە نووسین و گەڵاڵەکردنی، بە قووڵی سەرجەم دەقەکانی خەم بە توانای گەڕان لە ژیان و هونەر، هەنایەوە ناو زەینەم. لە مەودای خاڵی لاوازی، تا خاڵە سەرسوڕهێنەکانی ئەزموونم وەرگرت، بەوپەڕی هەشمەندی جیاکاریی هەستکردن لە مەوداکانی مامەوە و تێفکریم، تا بووە پرۆژەی باش بیرکردنەوە و گفتوگۆیەکی خۆشن. بەنماکانیم لە شەوق و کاکڵە و ناخی ئەو مەودایانە دەزیەوە، کە لە واقیعی نووسیندا هەناوەتە گۆڕ. ئەو واقیعەی چەنیشی بیر لە دەکەمەوە و دەیجووڵنم.
پێش نووسین بیر لە مانا ناکەمەوە، دوای نووسین مانا دەدەزرێتەوە، هەروەها بیر و ڕاکانی ڕامگەیاندوون، هەموویان لە دەقەکاندا شوێنی ژیربڕێی و ئەو ئاماژە و نیشانانەی تێیدا بەرهەم هاتوون، ئاشکران. چارەسەری هەندێك لە هەستە ڕەمانسیە سەرەتاییەکانیشم کردوون، هەم بە ژێر دەڕە لاواز و سەرسوڕهێنەکانی کێشاون. خەونم کردووە بە فەرمی دەستپێکردن و دووبارە گەڕانەوە بە واقیعێکی دامەزراوی خەونی.
سەرنگەك هەیە ناوی مەژوو، هەموومان وەك شیر دەکوەنێت، بەی دەردەکەوێت چەندمان هەوەن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزێکەین.

قەناغ

شیعر وەك درژبووەوەی قەناغی پێشتری وەرناگیرێت، لە هەندێك گۆڕدا یەك دەگرنەوە، لە زۆر گۆڕیش تەواو ئاستیان دەکەوێتە نێوان، دژی قەناغ و گۆڕباز و قوتابخانە و دابڕشکردنم، دەقی داهێنراو بەسەر تەواوی ژیاندا دابڕش دەبێت.

ژیان و خوێندنەوەی هووداو و دیاردەکان بەیەك ئاراستە نایەن، بە جیاکاری بیری یاخی و کڕستەکانی شیعری لە کشی شوێ گۆڕیندان، ئاستیش بڕەو گۆڕان و تێکۆڕاوبوون وەردەگرن. هیچ قەناغێکیش ناتوانێت قەناغی پێشخەی تەواو لەناو خۆیدا ون بکات، داهێنانەکانی لە گۆشەیەکی تەنگەبەر گەمارۆ بدات. جیاکارییەکان سروشتین. جیاکارییەکانی ئەو قەناغ و ئەزموونانەی لە داهاتووشدا دەبنە هۆ و مایەی گفتوگۆی گۆڕانکاری هەمدیس هەر سروشتی دەبن.

شیعر لە زماندا گۆڕەقی شیعریبوون بەدەست دەهێنێت، زمانیش بە ئاراستەی هاتنی، ئاستی گۆڕان و تێکۆڕاوبوون وەردەگرێت.

ئایا زمانی قەناغەکانی ژیان درژ پەدەر و دووبارەکردنەوەی یەکن. بە جیاکاریی ئەو دەستکەوتە هونەرییانەی لە ئاکامی پڕسەندنی بیر و پێویستییە کۆمەڵایەتی و شارستانییەکان ئەزموون کراون و دامەزراون، یان بابەت و مەبەستەکان شوازیان دگۆڕن و نیشانەکانی هەست پێدەکرێن. زمانی شیعر، شیعریبوون لە زمانی قەناغێکی دیاریکراو وەرناگرێت، واتە: زمانی شاعیرێك، لە زمانی شاعیرێکی تر وەك دەست پێناکات، هەموو سەردەم و مەوداکان ئادەکشێتە ناو بازنەی بۆچوونی خۆی، هێز دەژنێتە ناو تەکانەکانی بە بەکاربردن و ئاماژە ژیربەژییەکان.

هیچ قەناغێك نابینرێت، داهێنان تاجی لەسەر هەمایەکی دڵڕی نانابێت و ئەستێرەیەکی بڕەهەم نەهێنابێت. نموونە: قەناغی کلاسیکی تاجی داهێنانی خستە سەری: (نالی). قەناغی یەکەمی نوێبخشی، تاجی داهێنانی خستە سەری: (گۆران). لە قەناغی دووەمی نوێبخشیدا، ئاستەکی تر دەتە گۆڕێ و ناتوانرێت داهێنرێك وەك تاك و ئەستێرە دەستنیشان بکرێت و هەموو هونەرەکانی تەدا کەبووبتەوە.

نموونە: هەندێك فۆرم و شوواز و گوتاری شیعریی لای: (لەتیف هەمەت) هەیە. لای: (ئەنوەر قادر محەمەد) نییە. هەندێك فۆرم و شوواز و گوتاری شیعرییش لای: (شرکە بکەس) هەیە. لای ئەوانی تر نییە، یان هەندێك فۆرم و شوواز و گوتاری شیعریی لای : (فەرهاد شاکەلی) هەیە. لای هیچەکیان نییە، کەواتە: لەم قەناغەدا فۆرم و شوواز و گوتاری شیعری پڕی سندووق و ئاستی کەی وەرگرتووە، تاك وەك ئەستێرە و هەمایەك وەرناگیرێت. فرە هەمایی هاتووتە ناو داهێنانی شیعری کوردییەوە، بەڵام لە قەناغی کلاسیکی و قەناغی یەکەمی نوێبخشیدا،

هەموو هونەرەکان لە هەریەك لە: (نالی و گۆران)دا کۆبوونەوە. بۆیە توانرا وەك تاك و ئێستێرە دەستنیشان بکرێن. لەگەڵ ئەمەش قوتابخانە و قۆناغ و هێڵباز و تەوژم... تاد، لەناو دەچن. تەنیا شیعر، شیعری بەگێرد. بە پلەی یەکەم دەمێنێتەوە. درێژپێدان و مژووویی نین. هەندێ باری قووڵی سەرسامی تێسووف لە شیعری ئەمڕۆ دەبینرێن و دەربڕین لە ژیان دەکەن.
سیماکانی لە قۆناغی کلاسیکی هاوتەریبان بینراون، وەك پێویستییەك لەمڕۆدا ئەزموون دەکرێنەوە، ئەو پێویستییە وتبووێژی نوێبەخشی نییە لەناو کلاسیکدا، ئەو شتانەی لە هۆنراوە و هۆنراوەگاری خوێندا بەرهەم بە ئەدەبووون دەچن، شتەکانی لەناو کەمەڵگادا ئەدەبن و ئەوانی تواناشیان تەدایە ببنە ئەدەب، دەقئاوەزان بە جیاکاریی، بنیادی دامەزراندن. هەڵی هووڵی هۆنینەکان بخاتە باری قووڵبوونەوە و سیما هاوبەشەکان بناسێنێت. زمانی جیاکار، ترپە و ئاوازی جیاکاری لە دەبەتەوە. شێوەکانی دەربڕینیش لە ترپە و ئاواز وەردەگرێت. وەك فۆرم و پێکهاتەی هێستە بەندیش جیاکارییەکان بەرهەو چەندین ئاراستەی جیاکار هاندەکشن و بە کارامەیی بە گەڵمان دەخڕێنەوە بە دوانەخستنی ژیان، کە ژیان خۆی کردەیەکی دواخراوە. خاوەن فۆرم و توانایەکی سەرسوڕهێنیشە.
سەنگەك هەیە ناوی مژووە، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بۆی دەردەکەوێت چەندمان هەوەن دەبین و چەندیشمان هەڵدەبزکێین.

پێویستی

من چەژ لە سەردەمی خۆم، واتە: چرکە زیندووەکانی ئێستا وەردەگرم و بە ئاسە و دووریەکی گەرم و ئاسوودەی دەزانم، هۆنراوە و هۆنراوەگارەکانی تەدا بەناوێکدا دەچن و بەیەك دەگۆن، خۆم فریو نادەم بە ئابردوو و داهاتووەوە، ئەمە منی دوورخستەوە لەوەی شیعری خێسوورکردنەوە و هەوێستی دروستکراو بنووسم. ئەدەبێکی بە کاکە و زیندوو، لە گومانی ناوونی ئابردوو و داهاتووەوە بەرهەم نایێت. لەم لەوردبوونەوەیە هەستم بە ژیان و هەبژاردنی شتەکانی دەوروبەر، پێکهێنان و شیکردنەوە هەوێستی وەرگرت. شێپەلی هۆشیاری لە ناخمدا خۆی هەڵاوێشت و بەگەی ئەوەی پیشان دا، لە ناختدا پێیامبەرێك خوڤاوە پێویستی بە دەربڕین و نووسینی کتێبێکە بە هەمووان، کتێبی بە هەمووانی من شیعرە، شیعری بەگەردیش پێیامی نییە، بەڵام مانا و سرووشی هەیە، واتە: هەست بکەیت شتێك هەیە و بیرت پێدەکاتەوە.
لەو خرۆشانەی خۆن و واقیع و ژیان داوایان لە گیانم کرد، پێویستەکەمان بکەیتەوە، خاڵی بەیەکگەیشتنمان شیعرە. فەزای زیندووی پێیامبەریتی لە بوونم هەسکا. گەڵانێکی هێشیی لە هۆنینە

سەرتاییەکانم بەرپا بوو، بەڵام لە ڕووبووونەوەیەکی گیانیی یەکەمین ئامادەبوونی نووسین لە سەلیقە و چێژمدا چەخماخەی دا. خەیاڵ کاتێکی بەرجەستە لە بینین و نووسین پیشان دا. ژیان و مەرگم لەناودا کردە سەرمەشقی پایەداربوون.
سروشتی دەربڕینیش دوگیان، هەندە جار واقیع و ژیان جەدەلەم و دڵچەڕاو خوون. هەندە جاری دیکەش خوون جەدەلەم و دڵچەڕاو چرکە زیندووەکانی واقیع و ژیان. ئەم جۆگەکەکردنە بیرکردنەوە و گفتوگۆ و بینین و دەروونم ئازاد دەکەن و دڵچەڕاو کەشی نووسین، واتە: دەزینەوەی واقیعی نووسین. نووسینیش لە هەموو شوێنکدا هەیە، لە هەندێك شوێندا بەووونی و سادەیی، لە هەندە شوێنی تردا بە نیمچە ڕوونی، لە هەندە شوێنی تریشدا بە شاراوەیی. تا لە بەشاییەکانیش پەیستە شاعیربم، لە مردنیشدا وەڵامی پەداویستییە شیعرییەکان بدەموە. سوپاس بە خودا چارنووسی لەدایکبوونم لە وەاتێکدا بوو، شیعری تەداشتکی جوهەری و خۆشویستە.
سەنگێك هەیە ناوی مەژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بەی دەردەکوێت چەندمان هەوەن دەبین و چەندیشمان هەدەبزەکەین.

ڕەخنە

نووسین لەبارەی دەقەکانم ڕەکخراون، ئایا بوونەتە هەیەك لە دید و دیدگایانەوە بە خەمدا بچمەوە، ڕەخنە ئامرازێکە بە باش تێگەیشتن لە ئەدەب، جۆرە سەرلەشێوانێك بە خوێنەر بەدی ناهێنێت. سەربەخۆیی دەق و خوێنەر گرنگە، کردەیەکی شارستانی و زانستییە، ڕەشنبیر سەداسەد خۆشحاڵە پێی، بەڵام لەو ڕەخنانەی وەك مەبەست ڕایدەکێشمە ناو ئەو نووسینەوە یەکەکیانم بە دەستنیشان نەکرا پسپۆڕانە لەناو دەقەکم بە پڕۆگرامێکی ئەکادیمی، یان خەیاڵێکی داهێنرانە کاری کردبێت و بەشێك لە کردەی ڕەخنەیی لەناو خەیدا هەڵگرتبێت. کەم ئەزموونی و کەم و کوورتیی دەقی منی خستبێتە بەردەم کەمەڵێك نیشانەوە، یان خوێنەری خستبێتە خوێندنەوەیەکی تایبەتییەوە، کە پشت بە میتۆدەکانی ڕەخنەگر ببەستێت.
ئەو دیاردانە وامان لێدەکەن بپرسین، ئەڕە ئەم نووسینانە بە ڕەکدەخرێن. هەقیقەت لە کوێیە. ئایا هیچ لەو نووسەرانەی، کە ڕەشنبیریی خەیان ئامادەیی لە نووسینە ڕەکخراوەکەدا نەبینیوە، توانیویانە پەیوەندییەکانی نێوان دەقەکانم بخوێننەوە و خەیان تێیدا ئامادە بکەن بە کارێکی زانستییانە، کە توانای مانەوەی هەبێت، خاڵێك، یان چەند خاڵێکی قەناعەت پێکەر بخاتە ناو گفتوگۆوە، کە مەترسی بێت بە ئەو بیروڕا هونەرییانەی من پشکشم کردوون، ئاراستە و بەوای ئەدەبیی منیان پێکهێناوە.

ڕەخنەگرانی ئەکادیمی و خەیاڵ داهێنەریش، توانیویانە پانتاییەکی هەمیشە ئامادەی ئەزموونم پیشان بدەن. هەستیارییەکی قووڵی تەدابەت لەناویدا ئاسوودە بیر بکەمەوە و پێویست بم بە خۆنی نووسین. هەمیشە بۆچوونەکی پتەویشم بە جیهانی منداڵییەوە هەیە. ئەو هەستە پاکەی لە گیانی منداڵیەتی پەروەردە کراوە. هەمان هەستی پاکیش لە سروشتدا دەجووڵێت. منداڵی و سروشت ناوەندکن لە هەموو لایەکەوە بۆیان دەچم.
لە پێوەندییە برادەرییەکانم بە هەموو هەستەکانمەوە ڕێز لە بۆرانبەر دەگرم، کەچی زوو لەوە حاڵی دەبم بۆرانبەر پێویستە وەک گوڵێکی پووچ لە لەژاییدا فڕێ بدرێت. چەلەکە پشت و پێش و تانیشتی خۆی دەبینێت. خاوەنی بینین و مۆدایەکی بەشوماریشە. بە پێچەوانەی چەلەکە یەک ئاراستەی بینینم بە ژیان هەیە. ئاراستەی بینینی هەقیقەت و بەرزایی ڕەشنبیری و داهێنان، پێیڕەویشی دەکەم. چ زیانێکیش بۆ هەیەوە پەم بگات پەی زەرەرمەند نابم.
دیاردەی بەزراو لە ئەزموونی شاعیریەتیی من بینراە، هەبووە بە نووسینەك بردوومیەتە کشکڕان، دوای ماوەیەکی ئێجگار کورتیش هەر خودی هەمان کەسی خاوەن ئاراستەی کشکڕان، بوونی ئەدەبیمی ڕەت کردووەتەوە، کە ئەو ماوە ئێجگار کورتە ناتوانرێت وەک گۆران و ئەزموون لە دید و دیدگا تەماشا بکرێت.
ئەگەر نووسەر خۆی لە ئەنجامی ئەزموون و کارکردنی لەناو ئاماژە ئەدەبییەکاندا گەیشتبێت بۆ دوو ئاراستەیی کارکردنە و هاتبێتە سەر ڕەشنایی باوەڕەك، وەک ئاکامی وەرچەرخانەك بیر لە ئاستەکان دەکەمەوە و پەی خشحاڵ دەبم. ئەگەر مایەی سوودوەرگرتن بێت، سوودیشی لە وەردەگرم، بەڵام ئەگەر لەژەر چاوەونی و ئازیکردنی دژەکانم ئەو هەڵگەڕانەوەیەی کردبێتە داو و هەڵەك و کردەی نووسینی بەدوادا ببات، لەوانەیە بتوانێت لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا بە چەند ئاراستەیەکی دیکەشدا کەش و نیشانە و ئاراستەکردن وەربگرێت. کاری ڕەخنەگر لەسەر ئەم پایە دەوستێت سەنگی ئەدەب لە ڕەشنبیریی کوردیدا دەربخات. هەندەك نووسین لە ئاستی هەرە بەرز ئایانگرتووم. بەگومان ئەمیان زەدەڕەیی تێدایە. هەڵە بە شێوەیەك دایپەڕسیوم لە نزمترین ئاستی ئەدەبی دیاریکراوی کردووم. ئەمەشیان بەگومان ونکردنی ڕەشنبیریی تێدایە.
خۆشم لەو دوو بڕەی دژ بەیەکە باش حاڵیم، داهێنان لەو پاداشتە نییە، کە لە ڕەخنەگر، یان هەزی بادەستی سیاسی وەردەگیرێت. خورپەی دە فەرمانڕەوایی بەردەوامیی داهێنانە. دیاریەکە خودا و زمان ئەو خورپەی دڵەمان دەدەنێ و ئاشکرای دەکەن.
هیچ ئەستێرەك لە بارەی نووسینەك نامدروشنێتەوە، ئەگەر هەست و

دڕوونی نووسەرەکەی تێیدا ئازاد نەبێت، تا سەر ئەسکان گیر بخوات لە خۆقاندنی دوو دیوی و کلکایەتی، لەگەڵ هەموو نووسینەکدام، تەنیا لەگەڵ ئەو نووسینەدا نیم کە و بوغز و تاکتیکی سیاسەت تێیدا دەستەڵاتدار بێت. ئەو نووسینانەی هەشیاریی ڕەخنەیان تێدا بەکار نایەت. زیاتر چاودێریی نووسین و هەڵکوتانە سەر و پێلاماردانن. ئەم جۆرە ڕەتکردنەوانەش تەنیا شکست بە خاوەنەکەی تەمار دەکەن. شکستییەکەش دەبێتە بابەتی لادانی ڕەخنە لە میتۆدە ڕەخنەییەکان و ئەم و ئەو ڕازیکردن لەسەر ڕەنجی ئەو دەقانەی خاوەنی هەقیقیترین بنەمای شیعریبوونن.

هەندێك لە نووسینی بەرزراو، یەك لەوانە لە ژمارە(126)ی هەفتەنامەی: (پاشکەی عێراق – 28/2/1990)، بەناونیشانی: (عاجباتی هەشتەم لە جیهانی ئەدەبی کوردی)، بە شێوەیەکی گاڵتەجارانە ئاماژەیان بەو وتنە شیعرییە: (شەمەندەفەر گوڵەبژێری مژوو دەکرتنەت) داوە.

لە ئایندەشدا گاڵتەکردن بە ئەزموونی سەرکەشان بەردەوام دەبێت. پێش منیش گاڵتە بە ئەزموونی سەرکەشانی دی کراون، دواتریش بوونەتە هەمایەکی ڕوون و زەر دڕوشاوە. نموونە: گەران، کە توانیویەتی سیمای داهێنانی تاقانەی خۆی دەربخات، چووەتە ناو هەندێك کەس و کەرەسە، نیمچە ڕەشنبیری کەم ئەزموون و ناڕەشن بە: (هەلوور بەلوور تەکامە – زەرد و سوور و شەمامە) تانیان لێداوە. لەبەر ئەوەی شیعری لە دەرەوەی ژیان دەرهێنا و کردی بە ژیان، ئاسە و دووری و پانتاییەکیشی بە خوێنەری نموونەیی جێهێشت. ئەم دەربەینیان وەك بەهانەیەك دەهێنایەوە، کە لەسەر ئەم کێشە خەماڵییە سیماکانی شیعری کوردی دەرخستووە و بە کارامەیی و وردی هەوڵی تێگەیشتنی کێشە خەماڵییەکانی داوە، من لێرەدا سەرنجەکانم دەرخستووە و لەم نەکەیەوتووە، واتە: ئەم دەربەینەم تەنیا بە ڕوونکردنەوەیە. بەهەرحاڵ ئەرە ئەو ڕەزدارانە کە بوون و لە مژوودا چییان پێکرا. لەمێدا ئەمەمانان چەندیان دەناسین، وەك ڕێگ و سەرچاوەی چژبەخش پێوەندییە نادیارەکانی خەیاڵکردن و بیرکردنەوەمان لێك ئاشکرا بکەن. لە لێکجیابوونەوە و پێکەوەبوونیانیش هاوگونجانێك نیشان بدەن، یان لە پانەرامای داهێنان لە کۆندەر دەستنیشانیان بکەین. ئەوانەی هەقیقەتی داهێنانی مەزنیان زانیوە ئەوە دەزانن، کە (گەران) توانی دیوانی نوێبەخشی شیعری کوردی بنووسێت، لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگار پێگە و ناوبانگ و شاعیریەتی زیاتر بدرەوشێتەوە لەوەی، کە خۆی لە ژیاندا مابوو، هەیبوو، کەواتە: بەرهەمهێنانی شیعری بگەرد ئەفسانە و ئەفسوونی هەموو سەردەمەکان و بگرەخۆری هەزی ژیانە. لێکدانەوەی شیعر، یەك لەو گوناهانەیە، کە لەخشبوونی

بە نیە، لە لەدەستدانی ئەزموونی ئەستەتیکای بەشك لە نووسینی کوردی، لە لەکدانەوەی ئەم وەنە شیعرییەم، بەدە داوای بووردن لە گیانی بەهەزی ئەم گوناهە دەکەم، ەەنگە خوەنەر هەندەك جار تەگەیشتنی بە دەق بگاتە ئاستی تەگەیشتنی نووسەرەکە و قووەتریش بچەت.

دەقی من کەم تا زەرەك هەشیاریەکی جیاکاری هەناوەتە گەە و لەناو کلتووری کوردیەوە هاتووتە بەرهەم، ەەنگە هەیەکەشی ئەوەبەت ویستبەتم لەناو ئەم کلتوورەدا هەوە بە خەبوونی خەم بدەم. ئەم وەنەیش بەرهەمی بیری گەرمی منە، خەیالی شاعیریەتیم لە هەنانە پەشەوی منداڵی تاقی کردووتەوە.

یەك لە جەژنەکانی حەفتاکان، جەژنانەکانم پەنجا فلس بوو، لەگەە یەك لە کوەەکانی مامم چووین پەنجا فلسەکەمان خستە سەر هەی ئاسنینی شەماندەفەر بەو نیازەی، کە بەسەریدا بەوات پەنجا فلسەکە گەورە دەبەت و فەرمی سەد فلسی وەردەگرەت. بە ئەنجامی ئەو کردارە دەتوانین چەژ زیاتر لە جەژن وەربگرین. کەچی بە شەوەیکی وا هەردوو دیوی پەنجا فلسەکەی سەیەوە شوەنەوار و نیشانەی پارەی پەوە دیار نەما. جا شەماندەفەر لە چەژی جەژنەك بەبەشی کردووم و چەژی ساتەك لە منداڵیی کوشتووم و نەفەسبە دنیای ئەفسووناوی دەستکاری کردم.

لەم وەنەیدا سەینەوەکەم وەك کاردانەوەیەك کار پەکەردووە و جووانەدووم. بەڵای زەرەك شەماندەفەر هەی گەیاندن و گەشت و خەشحاڵی و بەاچەی ئاواتە، بەەام لە دید و دیدگای ئەو کاتی من وەك دەندەیەکی ترسناك تەماشا دەکەرا، هەروەها وەك وەنەیەکی ەووبەووبوونەوە و گرژبوون بەکار براوە. شەماندەفەر هاوتا کراوە بە کەسایەتیی دیکتاتەر و جووەنەراوە، کە نەشونماکردنی ژیان و زمان و نیشانە دەسەتەوە و دەوروبەرەکی نالەبار و بەربەستە بە گەشکردن و پەشکەوتن.

هەزی خود لەم وەنەیدا دەسەاتدارە، دەقئاوەزانییەکی نیشانە ناسیشم لە نەوان هەزی نووسین و هەشمەندیی کەمەگادا دەزیوەتەوە. دەزینەوەی ئەم دەقئاوەزانییە لە کەشی ەەخنەنووسەك نییە، کە خاوەنی پرەژەی دەزینەوە نەبەت.

کات و شوەن و هەما و هەزی خودی چالاك لە دەربەینەکانمدا وەنەیان زەرە، بەەام تا بەەی پە سرووشی هەمەچەشنی مرەف و شەوە و شەوازی تەقینەوەی خەرا.

لەبارخراپیی کەشە و گرفتی ەەخنەی ئەدەبی کوردیدا، هەندەك لە نەوەی پەش خەم و نەوەی دوای خەمی گوەەایەیان، بەهەوەی شانەیەکی لەك نزیك، نووسینم لەبارە ەەکدەخەن. بە ئاشکراش کار بە ئەم

هاوکارییەیان دەکەن. شانۆ دووبارەکردنەوەی هەڤتاری خۆایەتییە، بەهەمان جۆر و دەستووری سەلەفییانە بەرەو دەچێت. هەر خوندیدێك ئەفسانە و ئەفسوون و ناوندکی زاڵ و کاریگەر لە نووسیندا، ئەو ئەقڵییەتە کەنخوازانەی بەوایان بە بیرکردنەوەی ئەوی دی نییە. ترسی هەوشانەوە وەك عەلیشیشی گیفبووەوە دەیانباتەوە ناو قەبارەی سروشتیی خۆیان، کەواتە: دژایەتیکردنکە بە سروشتی و تەماکردنی ناکۆکیی ئەوی دی وەردەگرم. نووسەر بینینی ژیان و سێبەری دنیاکردنی، بووە کەنترۆکردنی ئەوی دی، لەگەڵ دەروون و بیرکردنەوەی خۆی گەیووەتە کۆتاییەکی بەزراو. نووسەرکیش لەگەڵ خودی خۆی گێشتە کۆتایی، گونەتەڵ و چۆنباز و منگەمنگکار و دەعبای پەلوپۆ شکاو و مردەخۆ، پۆیستە بچێت داوا بکات لە خانۆی پیر و پەککەوتووکان ناونووس بکرێت. بگرەوبەردەم لەگەڵ ئەوی دی نییە، بینینی ژیان و سێبەری دنیاکردنم لەگەڵ دەروون و بیرکردنەوەی خۆمدا، هەمیشە لە ئەزموون و نیشانە ناسیدایە. شانۆ دەستکردی دەستات و هەزی باڵا دەستی سیاسییە. کار پێکردنیشی بە نیازی پە بزرکردن و دووچاری گرفتکردنی ئەوی دی، خۆی ترسکی کەمەرشکێنە لە ئەزموونی پە شایەن بە ئاماژە، باوەڕ پتەویشم بەهەزی خۆنەبینیم بە نوبەخشی، وا دەبینم یەك یەك دەگەڵن و هووبەووی داهێنان شەرمەزار و چاو بەرەوژێر دەبن. خاوەن پرۆژەش دەبێت بە خاوەنی ئەو سەروەریە بەدەنگی کە دەق، هەروەها جیاکاریی نەوە جیاکارکانیش بە دیاردەیکی تەندروست دەزانم و هەزی لەدەنەم، بەڵام بەز لەو بارە ناسروشتییە دەکەموە لەسەر بنیادی هەوانین دروستی ناکەن و ئیرەیی و حوکمی پێشینەی بە سوود بەهەوەی دەبات. بە هیچ جۆرکیش بیرم لەوە نەکردووتەوە هەڵی هاوبەشی خەم لە شیعری کوردیدا جیا بکەموە، بەڵام هەردەم ئەو بیرکردنەوەیە دەمخواتەوە، کە هەنگاوکی چوست و بنچینەیی دیکەبم لە ئەزموونی قناعەت پێهاتووی خەم. لە هەموو ناوندکی بە گۆچێیش دوور دەکەومەوە، سەرگەرمی بەدیهێنانی خۆونی نووسین دەبم، جۆشکی خەسك و لەخۆ و باشم بە خوندنەوە و نووسین لا پەیدا بووە. لەگەڵ ئەمش: سەرجەم ئەزموونی هیچ شاعیرکی کوردم بەدە نەبووە، بەڵام شیعری تاك تاك و هەبژاردەم بەدە بووە و ماچم کردووە. ئەم بارەی خەم بە ئەزموونی ئەوانی دی، بەهەمان چێشنیش لای ئەوانی دی بە ئەزموونی خەم بە ڕەوا دەزانم.

لە سەرجەم دەقکانیشدا ئاراستەیکی خۆونیم، یان نیمچە خۆونیم دەربەیە، خۆون سرووش و سروشتی پەغەمبەرانە، خودا دەیدات بە کەسی پەیامدار. من وەك کەسایەتی، خۆنکم لە شیعرەوە بەرهەمهاتووم، خۆونیش ئادگەینم. نادیاریەك لە خۆندا هەموو گەمارکانی

شکاندووە، نووسین ەاوی ئەو نادیاریییە. خەون دڕوشانەوەی واقیعە، زمان لە دەقی خەونیدا ئامرازی گەیاندن نییە، ئامرازی سروش و چالاکیی وەنە و ناسینی ەەنگەکانە. ئاسانە بگەیت بە ئەوی دی، بەەام ئاسان نییە بگەیت بە خودی وریای خەت، کە گەیشتی بە خودی وریای خەت، دەرەوە و ئەوی دی بەلاتەوە دەبنە شتەکی لاوەکی، یان زەر لاوەکی. گەیشتووم بەو قناعەتە ەەیە، تەمەن و کات هەر هەندە باروبوار و ماوەم دەدەن بزانم من چیم لە ژیان دەوەت، بە گرنگیشی نازانم، بزانم دەرەوە و ئەوی دی چییان لە من دەوەت.
ئیلتیزامم بە بەوا هونەرییەکانی خەمەوە هەیە، کلتووری نیمچە تایبەت بە خەشم هەبژاردووە و کاری پەدەکەم. هەستیش دەکەم کەمەگای ئەمە چووەتە ناو نەریەت و ابەردووەوە، پەویستە دەربهەنرەت، مانەوەی توانا و ئەزموونی هەدەبزەکەنەت و زیان بە گەشەسەندنی دەگەیەنە و خەمەینی دوا دەخات.
لەو هەموو گەچەانەی پەم کراون، تەنیا وەك نموونە و ەوونکردنەوە: تیشکەك لە یەکەکیان وەردەگەرم و مەودایەك دادەمەزرەنەم: لە 6/3/1985 لە هەەی بەەەوبەرایەتی ەەشنەبیری خوەنەری هەولەر، یەکەتی نووسەرانی کورد – لقی هەولەر، کەەەکی شیعر خوەندنەوەی بە کەمەەك شاعیر ەەکخست، ەەکخەر و کەەگەە: (محەمەد خدر مەولوود) بوو، من بەشی پەنجەمی (زەوان)م خوەندەوە. کەپلەیەك لەم بەشەی خوەندمەوە ئەمەیە:
(من کەوتنی خەم خەش دەوە
باوەشمی تەوەردەنم) زەوان: ل41
کەەگەە بەم کەپلەیە کاریگەر بوو. تاسەی بەردەوامیشی بەی هەبوو، هەر چەند جارەك یەکتریمان دەبینی باسی ئەم کەپلەیەی دەکرد. ویستی کەچیرەکەك چاپ بکات. داوای لەکردم ئەم کەپلەیە وەك کلیل بەکار بهەنەت و ناونیشانی کەچیرەکەکەی بکاتە (کەوتن)، لە کاتەکدا ئامادەبوو هەموو دەربەینی ەەحی خەی لەژەر کەپلەیەکی زەواندا ناودەر بکات. دواتر ساردییەك کەوتە نەوانمان و زەوانیش وەك کتەب چاپکرا. لە ژمارە (15)ی ەەژنامەی: (ئاسەە – 14/11/1989)، نووسینەکی لەبارەی زەواندا نووسی بەناونیشانی: (دەقی مردوو: زەوان = جل و بەرگ = .)، کارەکی بە زەوان کرد، مەگەر ەەشەبا بە داری بەری کردبەت و هەر ئەەا ئەەا و دەستنیشانکردنی چییەتییەکی دیاریکراوی بوە.
سەنگەك هەیە ناوی مەژوو، هەموومان وەك شیر دەکوەنەت، بەی دەردەکوەت چەندمان هەوەن دەبین و چەندیشمان هەەدەبزەکەین.

خوەندنەوە

شەوازی خوێندنەوە بەشێك لە بەهای چێژی لێناو خێدا هەڵگرتووە، سەرەنجام ئەم گواستنەوەی چێژەش دەبێتە بەشێك لە هەڵشنبیریی گۆڕگر. شیعر وەك دەق، شیعر وەك شەوازی خوێندنەوە. دوو یەکێن لە یەك سەرچاوەو پەرەیان نەگرتووە.

وەك دەق دەسەاتی جوانی و بیرکردنەوە لە چێژدا دروست دەکات.

وەك شەوازی خوێندنەوەش، دەنگ و جووڵە و ئاوازی پیت و هەماکانی دەست و هەوخسار، هەڵی جوانی و بیرکردنەوە دەگەڵن و دروستی دەکەن.

ئەزموونی شیعر خوێندنەوەی ناو هەڵە و بەر میکرۆفۆنم هەیە، بەڵام شەوازی خوێندنەوە و دەنگ و جووڵە و ئاوازی پیت و هەماکانی دەست و هەوخسارم پەیوەندیی خەی لەگەڵە گۆڕگر نادەزێتەوە، نەتوانینی گواستنەوەی مانا و جوانی لە نائاگاییم دەجووڵێت و مەوداکانی بیرکردنەوەی خەم لەگەڵە مەوداکانی چێژی گۆڕگر سەرچاوەکانیان تا هادە و ئاستی هەژانە ناوێك لەك نزیك نابێتەوە.

لە 15/9/1985: (دەزگای هەڵشنبیری و بەاوکردنەوەی کوردی) نووسینگەی هەولێر، کە: (مەحموود زامدار) بەرپرسی بوو، کەکی شیعر خوێندنەوەی بە شاعیران: (فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی و قوبادی جەلیزادە و ئیسماعیل بەرزنجی و محەمەد حوسێن هەبجەیی و من) لە هەڵی بەڵەوە بەرایەتی هەڵشنبیری جەماوەری هەولێر هەڵکخست، من شیعری: (داباریین)م تێدا خوێندەوە. (حوسێن عارف) سەرنووسەری گۆڤاری (کاروان) بوو، دوای تەواوبوونی کەکە ئەم گۆڕەیییەی نواند و بە بزەیەکی باوکانەوە شیعرەکەی لە وەرگرتم و لە ژمارە (43) گۆڤاری کاروانیدا بەاوی کردەوە. ئامەژگاریشی کردم، شەوازی شیعر خوێندنەوەم باش نییە. ئەم ئارەزووە لەناخی خەم بمرێنم، کە لەبەر میکرۆفۆن دەربکەوم و بناسرەم. پێی گوتم: میکرۆفۆن بە گەرانیبێژ سەکەی تاقیکردنەوە و خەپەشکەشکردنە، تە شاعیری و بەرەو شیعری جیهانبینی و تەامان دەڵەی. لەم چوار شاعیرەی تر، کە شیعریان خوێندەوە جیابووی. لەم باروبوارەدا زمان و شەوازت بە هونەری جەراوجەر و قووبڕوونەوە دەوەمانەند بکە، بەردەوامبوونیش بەی سەلماندم ئەو چوار شاعیرە وەك سەرەتا و لە یەك شوێنپێ مانەوە. دوای ئەم گۆڕەیی نواندنەی هەمیشە وەك داهێنەرەك و مرۆڤکی گۆڕە تەماشام کردووە و هەز و شکەیە لە نەوانمان بەردەوامی هەیە.

شیعر شوێنی هاستەقینەی گرتووە. چەبوونەوەی چێژی کەمەگای کوردیش لە شیعردا بووەتە ناوەند. هیچ هونەرکی دی هەندەی ئەم بەشە پەروەردەی چێژی کەمەگای نەکردووە. هەندەك خورپەی بزربووی ناخ هەن، هەگزکانی دیکەی ئەدەبی نایدەزێنەوە. تەنیا شیعر لەباری درەوشانەوەیدا دەتوانێت بیاندەزێتەوە. نووسین و هونەر ئاراستەیان بەرەو ژیان و چێژە، بەڵام کردەی داهێنانی پێتی، ستایشی ژیان نییە

لە پەناوی چۆڕدا، تەوانینی نوێ لەبارەی ژیان و چۆڕ دەخوڵقێنێ و دەیکاتە قەناعەتی مرۆڤ، مرۆڤی نوێبەخش و بەخشندەش لەزکان دەدەزێتەوە.
سەنگێك هەیە ناوی مەژوو، هەموومان وەك شیر دەکوێنێت، بەی دەردەکوێت چەندمان هەوەن دەبین و چەندیشمان هەدەبزەکەین.

تێپەڕاندن

بە هیچ شێوەیەك بەوام بە تێپەڕاندن نییە، بگرە بەوام بەگەڕان و جیهانبینیی جیاکار هەیە. تا ئێستاش نەمتوانیوە بەوا بڵێم بهێنم: (نالی)، (باباتاهیر)ی تێپەڕ کردووە، هەروەها: (گۆران) جێستەی شیعری کلاسیکی بەتەواوی جێهێشتاوە. ئەمەمانیش خاڵی جیابوونەوەی هەهامان لەگەڵ نەوەی پێش خۆماندا نابێت. دەقئاوەزانییەکی بەهێز لە نەوان هەموو نەوەکاندا ئاشکرایە و لەوانەی دوای ئەمەمانیش بەردەوامی دەمێنێت. وا دەبینم هەر هێڵ و هێڕگارێك جیهانبینیی خۆی بەسەر کەسی خاوەن جیهانبینیی هێشنکار و هەمای هەمەچێشن دەسەپێنێ. وەك چۆن هەموو وەرزێك بە فراوانی سێبەری ئاو و هەوای تایبەت بەخۆی دەکات و دەیسەپێنێتیش، ئەم ئاو و هەوایش کەم و زۆرێك کاریگەری بە بارستی خۆی بەسەر نەشونمای درەختەکان جێدەهێڵێت. ئەوەی تێبینیم کردووە نەوەی پێش ئەمە ستوونی ژیانیان هەنایە ناو شیعر و ئەزموونیان کرد. ئەمە ستوونی و ئاسۆیی و بازنەیی ژیان و خەیاڵ و خەونمان هەنایە ناو شیعر و فراوانتر ئەزموونمان کرد و دڕوشاوە و دووەمەندتر ناساندمان.
نەوەی دوای ئەمەش کەمەڵێك جیهانبینیی زیاد دەکەنە سەر قەناغی شیعری ئەمە. ئەمە یاسای ژیانە و دەبێت قبووڵمان بێت. قبووڵکردنی ئەم هەقیقەتە ناوەندەکی چەسپاوە لە بەوابەخبوون و هەقیقەت بینین و دیاردەکانی پەیوەندیدار بە چییەتی بوونەوە.
پڕۆژەی تێپەڕاندنم نییە، زیاتر خوێندیدەی پەکهەنانی هەڵە و هەماکانی خەمم، شیعریبوون سیمای ووونی گشت نەوەکانە و شانیەکی زیندووی زەر قووڵە لە جێستە و پەکهاتەی مرۆڤدا.
دەقئاوەزانی دەتگەیەنێت بە فەرمی هێشنبیری و بیرکردنەوەی چالاك و دەتدڕوشێنێتەوە. ئەگەر هێشنبیرییەك دەقئاوەزانی لەگەڵ گیانی بەهێزی هێشنبیریی دنیا نەهێنێتە ئاستی هەست پێکردن، نەیتوانیوە لە پەیوەندی و گفتوگۆ و بیرکردنەوەی ئەوانی دیکەدا، ببێتە کەسایەتییەك: بتوانێت زانستی ژیان کە بکاتەوە. هێشنبیرییەکیش نەتوانێت ببێتە کەسایەتییەك. زانستی ژیان کە بکاتەوە، لەناو هێشنبیریی دنیادا خەیاڵی باش بەدەست نەچووە.
لە بەرزبوونەوەی هێڵی هونەری دەتوانێت لەناو هێشنبیریی دنیا

نیشتەجێ بێت و لە گەڵیان بە بنەڕەتیش چالاك و بەرهەمدار بێت، خەسڵەت و ئاسەی خەباوونی بدزێتەوە. چرکەساتی ئاسەی خەباوونیش، چرکەساتێکی گەرم و ئاسوودە و چێژ لێ ژیاندا.
سەرنگێك هەیە ناوی مەژوو، هەموومان وەك شیر دەکوڵنێت، بەی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەدەبزەکەین.

بەهرە
لە دامێنی هەر دەقەکم، مەژوویەك تەمارکراوە، بەڵی بەوام بوونی هەبێت نووسین هەڵچوون و کاتی تایبەتییە، یان بەهرە و سرووش ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام بەشدار و هاوکارم بن لە نووسینی بەشە پێکهێنەرەکانی دەق. لەو تەمەنەی نووسینمدا، کە نزیکە چارەگ سەدەیەکە بەکامی دە لەناو سنوورەکانی لە هاتوچۆدام، ژیان هاندەر و هەکاربووە بە وزەی خوێشان. ئاوی چەند دەقەکم کردوون، ئەوانەی نووسیوێشمن هەشتان لە نووسینیان تەواو نەبووینە و نەگەیشتووم بەدوا داشتنیان. بەواشم وایە بەهرە و سرووش کار لە ئامادەبوونی نووسەر دەکەن بە کەشی خوێشان، بەڵام وەك هاندەر و هەکار و خورپەیەکی شاراوە نەك شتێکی بنەڕەتی و تەواوکاری بنیادی بەردەوامیی نووسین، لە نووسیندا زیاتر تەماسان و خەون و ئەستەتیکای ویژدانی، بە پلەی یەکەم کاریگەری و بەشداریی بەردەوامیم دەدەنێ. ناخی وریام ئامادەی بنیادی بەردەوامیی نووسین دەکەن.
سەرەتاکانی نووسین لە هەشیاری و یاداشت و خەونمدا ئامادە دەبێت. چاوەڕوانی کەشی نووسین دەکات. لەوانەیە ئەم کەشە چێژبەخشە شکێ و بەهرە و سرووشی نووسین بێت و بنەماکانی بەرەوە ببات، کە ژیان و سروشت و دەبەر وەك تەیەکی گەردوونی ببینێ و مامەڵەی ئەستەتیکی لەگەڵدا بکات. تا ئادەیەکی زەر باش نووسین پەیوەستی بە ژیری هەیە، تا دەستت بەسەر ئامرازە هونەرییەکانیدا بشکێت، ئەفسانە و ئەفسوونی نووسین بەهەی بەهرەیەکی پەروەردەکراودا بچێ بهێنێت.
سەرنگێك هەیە ناوی مەژوو، هەموومان وەك شیر دەکوڵنێت، بەی دەردەکەوێت چەندمان هەوێن دەبین و چەندیشمان هەدەبزەکەین.

خوێنەر
لەناوەوەی خەم، بە بەچوون و تێگەیشتنی زاهیدەك ژیانم هەبژاردووە و بە چاوی دەمار و خوێن و پشت سەیری تەواوی شیعری کوردی دەکەم، شیعری: زمان و ئەستەتیکی و مرۆڤدۆستانەشم خەشدووێت، شیعر وەك توانا و ئەزموون هەڵگری وزەی ژیانێ. لەناو شیعریشدا ژیان دووچاری نەسرەوتن و هەندەك جەنگی پەویستی کردووم. بوێریەکانی

کوردایەتی بۆ شۆڕش لاپەسندە کە پاشکۆی سیاسەتکانی حکومەتی عێراقبن، پارتی و یەکێتیش لە چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆنی ململانێیانێی لە چەند ساڵی ڕابردودا لەبەرامبەر حکومەتی عێراقدا هەوڵیان بەداوە، نەک مایەپوچ مانەوە، هەنگاوبەهەنگاو ئایندەی بەرژوەندیەکانیان لە ژێر سێبەری سیاسەتی حکومەتی عێراقدا پێناسەدەکەنەوە پێگەی خۆیان دەپارێزن، بەڵام لەبەرامبەر خەڵک و ئۆپۆزسیۆنی وەک ئۆپۆزیسیۆن خۆیان پێناسە دەکەن، پارتی و یەکێتی بەداخەوە کە توانایان نەگەیشتووە بەردەوامی بەدەسەڵاتکەیان ئەدەن و بەهیچ جۆرێک هەڵبژاردن ناتوانێ ئۆپۆزسیۆنێت مانای کۆتایی دەسەڵاتکەیانی لێکەوێتەوە. لایەکی تریشەوە ئۆپۆزسیۆن بانگەشە بۆ ئومێدەکەوە دەکات کە گوایە لەگەڵی پشتیوانی بۆ حکومەتی عێراق و دادگای فیدراڵیەوە ئەتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن، بەڵام ئەوەی زۆر سەیرە حکومەتی عێراق و هەڵسیاسیەکانی عێراق بەهیچ جۆرێک حسابی لەسەر ناکەن، ئەو لایەنە بەناو ئۆپۆزسیۆنەی کوردستانێ کە جێگای متمانەی سیاسی و بڕوابردنی دەسەڵاتی سیاسی نین، ئەو ئەرک و کارەو پێشخزمەتیەی بارزانی و تاڵەبانی ئەتوانن بۆ حکومەتی عێراق ئەنجامی بدەن، ئۆپۆزسیۆنەکەیان کەمەڵە لایەنێی بەکارەو هیچ لێبارانەبون.

هەروەها شۆڕشی ئەم هەڵبژاردنە ٢٠/١٠ی ئەمسا بۆ هەر جۆرێک بەڵەو بەبڕەت و هەرلایەنێک بەڵگەوی بڕەت، مانای ئەوە نیە ئەتوانرێت دەرگای ساختەکاری بەرامبەر بەهەزی میلیشیا ببەسترێت، ئەوەش بەدوور نازانم کە لایەنەکانی حکومەتی عێراق یارمەتی پارتی و یەکێتی لە ساختەکاریدا بدەن، جگە لەوەش هەردوو هەزی دەسەڵاتدار نفوزێکی تایبەتی بەخەیان هەیە کە وەک دەنگدەری جێگیر حسابیان لەسەر کراوە، کە ناتوانن دەنگ بە کاندیدەکانی پارتی و یەکێتی نەدەن کە ژمارەیکی کەم نین، کە ئۆپۆزسیۆنەکان لەم جۆرە دەنگدەرانە بەبەشن، دەنگدان بەیان پێویستە بە مەزاجی دەنگدەرانەوە، بەیە داوا دەکەن زەرترین کەس بەشداری بکات.

نابێت فریوی ئەوە بخۆن کەبە دەنگدان ئەتوانن ئەم دەسەڵاتە ئاوگۆڕ پێبکەن، بەیە نەچون بە بەردەم سندوقەکان و دەنگ نەدان بەشێک دەبێت لە پیادەی ئەو ئاماستەیە کە خەڵکی ناڕازی لەڕاستای ئەو ئامانجەدان کە بە ڕاپەڕینی جەماوەری دەیانەوێت ئەم دەسەڵاتە کۆتایی پێبهێنن.

ئەوەی ئاشکرایە دەنگدان سەنگی مەحەکی مانەوە یان نەمانەوەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی نەبووە نابێت، هەڵبژاردن لەکوردستان ئەو تایبەتمەندیەی هەیە کە تەنها ئامرازێکە بەدەستی بارزانی و تاڵەبانیەوە کە بۆناوی هەڵبژاردنەوە شەرعیەت بەدەسەڵاتکەیان

بدەن، دەنا هەڵبژاردن بکرێت یان نەکرێت ژنی زۆردو و ژنی سوز باقیە، فرستدان بەبەشداری لایەنەکانی تریش بەهەر ناوەکەوە یان بەناوی ئۆپۆزسیۆنەوە، تەنها ئارایشکردنی شێوازی هەڵبژاردنەکەیە. ئاشکرایە کە ئەنجامی دەنگدانی ئەم هەڵبژاردنەش هەر جارێک بێت ناتوانێ ئاوگوێ لەدەستاتی بارزانی و تاڵەبانی پێشبینی بکرێت، بەڵام دیارە ئەم دەخی بەزاری و تورەیی و نائازایەتیە فراوانەی خەڵک لەبەرامبەر حکومەتی هەرێمدا، هێژای دەنگدەر کەمدەکاتەوە، ئەمەش زیاتر بەزیان بە لایەنەکانی بە ناو ئۆپۆزسیۆن تەواو دەبێت، چونکە ئۆپۆزسیۆنی بەشدار لەم هەڵبژاردنەدا، تەنها ئومێدیان بەدەنگدانە، نەچونی خەڵک بۆ دەنگدان، بێ ئومێدیان دەکات لەو چاوەروانیەی کە بە هەڵبژاردن بە بەدەست هێنانی چەند کورسیەک هەیانە، ئەمەش مایەی ئەو مەترسیەیە بۆیان کە نەتوانن کورسی پۆیست بەدەست بهێنن.
نەچون بۆ دەنگدان پۆیستیەکی گەشەسەندنی نارازایەتیەکانی خەڵکە، کە لە هێژای دەنگدانەدا نەچینە دەرەوە و نەچینە سەر سندوقەکانی دەنگدان، نەچون بۆ دەنگدان مانای نایەکی گەورەیە بۆ ئەم دەستاتە، چونکە تەواوی لایەنەکان بۆ ساختەکاری و بەسەرکەوتن گەیاندنی هەڵبژاردنەکەیان پۆیستیان بۆ نیشاندانی وەستان و ڕیزبونی خەڵکە لە بنکەکانی دەنگداندا، پۆیستە لەبەرامبەر ئەو ڕاستیەدا بەئاگابین کە دەنگی ئەمەیان ناوێت، تەنها وەک ئەکتەرێک بەکارمان دەهێنن، بۆیە یەکەم؛ نەچون بۆ دەنگدان ڕیسواکردنی تەواوی پرسەی گاڵتەجاری هەڵبژاردنەکەیانە، چونکە ئەوان بەهەر فرۆفێڵ و شێوازێکی ناشایستەو ساختەکاری بێت ئەتوانن یاری بەدەنگەکان بکەن. دووەم؛ ئەوان پۆیستیان بۆ کەبونەوەی خەڵکە بەدەوری بنکەکانی دەنگدان تانیشانی بدەن کە هەڵبژاردنەکەیان شەرعیەتی هەیە. بەڵام ئەوانەی بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا دەکەن و کاندیدیان هەیە، بۆ فریودانی ئەوەی دەنگی خەڵک نەستە لەخەڵک دەپاڕێنەوە بچن دەنگ بدەن، بەڵام کەسی ناڕازی بچێت بۆ دەنگدان یا نەچۆ دەنگەکەی هەرسوتاوە، نەچون بەهەڵزکردنی پرسەی ناڕازایەتیەکانمان نیشان ئەدات، چون بۆ دەنگدان دەنگی ناڕازایەتی دەسوتێنێت.
بانگەشەی ئەم جارەیان بۆ هەڵبژاردن، ناتوانن بە بێنی دابینکردنی خواست و موچەو پیداویستیەکانی ژیانی خەڵک فریوکاری بکەن، چونکە بە لاوازی پێگەیان لە بەرامبەر حکومەتی عەراقدا ئەو هەڵەیان لەدەستداوە کە وایان بێت بانگەشەیەکی لەو چەشنەبکەن، زیاتر لە گەشەیکەوە بانگەشەکانیان ئادەگەینن، کە ڕیسواکردن و تاوانبارکردن و شکاندنی یەکترە تائاستی دروشمی کەتایی دەسەات،

بەمجۆرە بانگەشەکەیان زیاتر نیشاندانی دڵخۆشییە تا ئاوەژووی بانگەشەی هەڵبژاردن بێت، ئەتوانم بڵێم هەڵخەڵاندنی دڵخۆشی لەم چەشنە زیاتر پاڵپشتی بە نەچوون بۆ دەنگدان و پەسواکردنی پرسەکیانە، گەر ئەپاڕسیارنەکیش هەستی دەسەزی و پشتیوانی بۆ خواست و ئایندەی خۆیک هەبێت، لەیزی ناڕازایەتیەکانی خۆکدا دەوستێت بۆ کەتایی هەنان بەم دەسەاتە لە ڕاگەی ڕاپەڕین و شۆڕشی جەماوەریەوە، نەک بەشداری لە هەڵبژاردنەکدا کەدەسەاتداران بە شەرعیەتدان بەدەسەاتەکیان بەکاری دەهێنن.

تانیشک بچووکترین وەرگری دکتۆرایە لە جیهان.. ڕزا شوان

(تانیشک ماتیە ئیبراهام) لاوێکی هیندی ـ ئەمریکییە، لاوێکی پێرجە و ناوازەیە. بچووکترین لاوە لە جیهاندا، کە لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا، بە پلەی نایاب دکتۆرای لە (ئەندازیاریی بایۆپزیشکی) دا وەرگرت. تەزی دکتۆرای تانیشک لەسەر پێڕەپەدانی سیستەمی زیرەکی دروستکراوە. کە لە نەخشیەکانی دەستنیشانکردندا بەکاردەهێنرێت. دکتۆر تانیشک ئیبراهام، شۆشەکی ئەندازیاریی بایۆپزیشکی لە جیهاندا بەرپاکرد.
باوکی تانیشک ناوی (بیجە ئیبراهام) ە، ئەندازیاری نەرمەکاڵا "بەرنامەسازی"یە. دایکیشی دکتۆر (تاجی ئیبراهام) ە. تۆژەری قوتابخانەی یە. خەڵکی شاری (کیرالا)ی هیندستانن. لە پەناوی هەڵی کارەکی باشتر و گوزارانێکی خۆشتردا، کۆچیان بۆ ئەمریکا کرد. تانیشک ئیبراهام، لە ساڵی (٢٠٠٤) دا، لە شاری (ساکرامنتۆ) لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لە ئەمریکا، لەدایک بووە. پەلەکانی خوێندنی بنەڕەتی لە کامپی پەنابەران تەواوکرد. لە ماتیشۆ، دایک و باوکی وانەی تایبەتییان پێدەوتەوە.
بەپێی ریزبەندیی ساڵکان، دکتۆر (تانیشک ماتیە ئیبراهام) ی پێرجەتان پێدەناسێنین.

١ـ لە تەمەنی (٢) ساڵیدا: دایک و باوکی بە تایبەتیش دایکی، تێبینی ئەوەیان کردووە، تانیشک لە تەمەنی (٤) مانگیدا دەستیکرد بە نیشاندانی بلیمەتی، کە زۆر حەزی لە پەرتووکی منداڵان بوو. پەکانیانی هەڵدەداوە و بە وردی سەرنجی وێنەکانیانی دەدا. لە تەمەنی دوو ساڵیدا، هەموو ئەو شتانەی کە بیستووبوونی یان خوێندبوویانەوە، بە یەری خۆی دەهێنانەوە. هەر لەم تەمەنەدا، پرسیارە سەرەتاییەکانی بیرکاریی جێبەجێدەکرد. کە زۆر کەس ناتوانن ئەنجامیان بدەن.
٢ـ لە تەمەنی (٤) ساڵیدا: پەیوەندیی بە کەمەی (مەنسا) وە کرد، کە رێکخراوێکی جیهانییە، تایبەتە بە کەسانی زۆر زیرەکی باڵا لە جیهاندا. لە تاقیکردنەوەکانی ئاستی زیرەکی ستانداردی مەنسادا (٩٩،٩%) پلەی بەدەستهێنا. بوو بە یەکێک لە بچووکترین ئەندامانی مەنسا لە جیهاندا.
٣ـ لە تەمەنی (٥) ساڵیدا: لە ماوەی (٦) مانگدا، بە پلەی نایاب، بڕوانامەی هەر (٥) کۆرسەکەی بیرکاری وەرگرت. کە پڕۆگرامکانی پڕۆردەیی بوون، بۆ فێرکردنی منداڵانی بەهرەمەند. زانکۆی (ستانفۆرد) ڕێکیخستبوون و پێشکەشیانی دەکرد.
٤ـ لە تەمەنی (٦) ساڵیدا: بڕوانامەی تەواوکردنی کۆرسی ئامادەیی و کاڵجی، لە بوارەکانیی: کیمیا، زانستی زینددەوەرزانی، بایاڵۆژی، جیاڵۆجی دا، وەرگرت. کە بچووکترین قوتابی بوو، کەمەی (فای تیتا کاپا) بە شانازییەوە وەریگرت.
٥ـ لە تەمەنی (٧) ساڵیدا: کورسێکی کیمیای بە پلەی نایاب لە ڕێگەی ئینلاین، لە زانکۆی کالیفۆرنیا، لە بیرکەلی تەواوکرد. هەر لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، کۆرسێکی تری لە بواری جیاڵۆجی و فاڵکناسی، لە کاڵجی (ئەمریکی ریڤەر) لە شاری ساکرامنتۆ، بە پلەی یەکەم دەرچوو.
٦ـ لە تەمەنی (٨) ساڵیدا: بوو بە جێگری سەرۆکی دامەزرێنەری یانەی فاڵکناسی لە کاڵجی ریڤەری ئەمریکی. هەر لە هەشت ساڵیدا، لە کاتی پشکنین و لێکۆڵینەوە لە سەدان وێنەی ڕوانگەی ناسای مەودا دوور ـ پڕۆژەکانی کیلەری ناسا. تانیشک بەرپرس بوو، لە دیزینەوەی هەساریەکی دەرکی و زریانێکی خەر.
٧ـ لە تەمەنی (٩) ساڵیدا: بچووکترین کەس بوو، کە لە ساڵی (٢٠١٢) دا، بەشداریی لە کۆنفرانسێکی ناسادا (ئایمس) کرد و وتەیەکی پێشکەش کرد. هەر لەم تەمەندا، بوو بە ئەندامی دوو سەی کەمەی ئابووەمەندیی زانکۆیی (تیتا کاپا)ی ئەمریکی.

هەر لە تەمەنی نۆ ساڵیدا، لە ساڵی (٢٠١٤ـ ٢٠١٥) وەک بچووکترین کەس هەڵبژرایەوە و بەشداریی لە کۆنفرانسی ناسادا کرد و وتەیەکی پێشکەش کرد.
٨ـ لە تەمەنی (١٠) ساڵیدا: بڕیارنامەی دبلۆمی قوتابخانەی ئامادەیی بەدەستهێنا. کە بچووکترین کەس بوو لە ئەمریکادا، لە دە ساڵیدا بەوانامەی ئامادەیی بەدەستهێنابێت. هەر لە دە ساڵیدا، دووبارە بە جێگری سەرکی پەیوەندییەکان هەڵبژرایەوە.
٩ـ لە تەمەنی (١١) ساڵیدا: لە کاڵیژی (ئەمریکی ریڤەر) سەبەوانامەی بەشداری لە زانستە بیرکاری و فیزیاییەکان، زانستە گشتییەکان، خوێندنی زمانی بیانی، بە نمرەی نایاب بەدەستهێنا.
١٠ـ لە تەمەنی (١٢) ساڵیدا:(سکۆلەرشیپی ریجێنس ـ هاوەتی) لە زانکۆی کالیفۆرنیا سانتاکرۆز وەرگرت. لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە شاری (دەیڤس) لە ئەمریکا وەرگیرا. بە ئەوەی درێژە بە خوێندنی بەکالۆریۆس بدات.
١١ـ لە تەمەنی (١٤) ساڵیدا: لە زانکۆی کالیفۆرنیا بە پلەی ناب و بە پلەی شانازی، بەوانامەی بەکالۆریۆسی لە (ئەندازیاریی بایۆپزیشکی) دا بەدەستهێنا. بوو بە دکتۆر دانیش ئیبراهام.
دکتور دانیشک، هەر لە چواردە ساڵیدا، دەستی بە خوێندی دکتۆرا کرد. گرنگی دا بە پەرەپێدانی زیرەکیی دروستکراو بە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان.
١٢ـ دکتۆر تانیشک ئیبراهام، لە تەمەنی (١٩) ساڵیدا، لە (٧/ حوزەیران/٢٠٢٣) دا، بە پلەی نایاب، لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە شاری دەیڤس لە ئەمریکا، بەوانامەی دکتۆرای لە (ئەندازیاریی بایۆپزیشکی) دا، وەرگرت. بوو بە بچووکترین وەرگری بەوانامەی دکتۆرا لە جیهاندا.
لە ئاهەنگی دەرچووندا، بەجگە لە دایک و باوکی و خوشکە بچووکەکەی، داپیرەشی دکتۆر (تانکام ماتیە)ی تەمەن (٩٠) ساڵ ئامادەبوو، کە یەکەم ژنی هیندییە کە بەوانامەی دکتۆرای لە پزیشکی ڤێتەرنەری لە هیندستاندا بە دەستهێناوە. باپیرەی کەچکردووشی، دکتۆر (زەکەریا ماتیە) تویژەری ڤێتەرنەری بوو. تانیشک ئیلهامی لە باپیرە و داپیرەیەوە وەرگرتووە. پەزانینیشی بە پشتگیریی دایک و باوکی هەیە.
١٣ـ دکتۆر تانیشک لە ئێستادا، تەمەنی (٢٠) ساڵە، تا ئێستا لە چەندین کۆنفرانس و هەرکشەپ و کۆنگرەدا، بەشداریی کردووە و باسی لە بارەی زیرەکیی دروستکراوەوە پێشکەش کردووە. وانەی وتووێژەوە، لە تاقیگاکاندا تاقیکردنەوەی ئەنجامداوە.

دکتۆر تانیشک ئیبراهام، لە چەندین بەرنامەی تەلەفزیۆنی و رادیۆیی، رۆژنامەیی، دەربارەی پسپۆریەکەی، دیمانیان لەگەڵدا سازداون. پێشتریش وەک بەڕێوەبەری سۆشیال میدیای تایبەت بە (تویتەر) کاری کردووە. تانیشک لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا، زۆر چالاکە. لە ئێستادا کۆمپانیای تۆژینەوەی زیرەکیی دروستکراوی پزیشکی، بە ناوی (میدبارک) دامەزراندووە و هەر خەی بەڕێوەی دەبات و سەرکردایەتیی دەکات. ئەم کۆمپانیایە گرنگی بە راهێنانی مەدەلی بنەڕەتی بە پزیشکی دەدات.
بەجگە لەو چالاکییانە، تانیشک گەلێک کار و چالاکیی جیاوازی تری ئەنجام داون.
تانیشک ئیبراهام، بووە بە نموونە و سەرمەشق بە لاوان لە جیهاندا، بە چاولێکردنی.
شایەنی باسە و جێی سەرنجە، خوشکەکەی تانیشک، کە ناوی (تیارا ماتیە ئیبراهام)ە، لە خەی بچووکترە، ئێویش نەوجوانێکی بلیمەت و پەرجەیە. لە تەمەنی (٤) ساڵیدا بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی مێنسا. لە تەمەنی (١٦) ساڵیدا، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە موزیک لە زانکۆی کالیفۆرنیا بەدەستهێنا. لە تەمەنی (١٨) ساڵیشدا، بڕوانامەی ماستەری لە موزیکدا، لە کۆلێژی جاکوب لە زانکۆی (ئیندیانا) بەدەستهێنا. لە ساڵی (٢٠٢٢) دا، خەاتی هونەرمەندە گەنجەکان، لە دەنگی کلاسیکدا، بە تیارا بەخشرا.
دکتۆر تانیشک ئیبراهام، ئاواتەخوازی ئێویە، کە ببێت بە براوەی خەلاتی نۆبڵ. ببێت بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بەگومان، لە بەردەم ئیرادەیەکی بەهێز و خەبات و کۆنەدانەدا، هیچ شتێک نییە کە ناوی ئێستەم بێت.

(*) بە نووسینی ئەم بابەتە، سوودم لە چەندی سایتی ئینگلیزی وەرگرتووە.
نەرویج: ٢٠٢٤

خوناوی شیعر.. ستار ئەحمەد

ئیتر تەواو
لەدەفتەری بوونا خەم دەسمەوە
سەبەرکەت دەشلەم و
قومك عەشق لەلەوانت دەخەمەوە
بەسەر شانی تەنیا ییدا سەردەکەوم
دەست لەبەرکی نامەیی گیردەکەم
لەگەڵ گۆشەی نەبوونیا دەبمە هاودەم
لەگەرانی دەئاڵەم و
گیتارەکان دەکەم بەدە
شەوانە هەناسەیەك
لەرەحی گوڵەکەوە دەرچەت
بەشنەی با خەم دەپچمەوە
لەبەرامە شیعرەك دەچنم
مەلەتکەی حەسرەتی
بە دەکەمە ریتم و
وێنەی پەیقەکان دادەگیرسێنم
تاریکی لەدورگەی ئەوین هەڵئەدەم
دەکەومە دوای زریان
بەتەرزە خەناوکەیەکت بە دەهەنمەوە
بەهەنسك خوناوی شیعر رادەماەم
نەتە بوویتە عاشقی من و
نەگەشەیەکی ئەم خاکەش
ژوانگەیەکی بە رەخسانم
هەتا بەەم فەرموو وەرە میوانم بە
منیش وەك تە خاوەن ماەم
نە بستە خاکەکیش هەتا ئەمە
بوو بەدادەو نیشتمانم

ستار ئەحمەد

خەڵاتەکانی ٢٩مین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بۆسان" دیاریی کران.. ئامادەکردنی: مەنسوور جیهانی

خەڵاتەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی پێشبڕکێی بیست و نۆیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بۆسان" لە وڵاتی کۆریای باشوور دەستنیشان کران.

هەوەسمی کۆتایی بیست و نۆیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بۆسان" Busan بە ئامادەبوونی ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشە جۆراوجۆرەکانی پێشبڕکێی، سینەماکارانی بەشداربوو لە فێستیڤاڵ، چالاکانی پیشەگەیی سینەمایی و هەروەها هەڵگرانی هونەری حەوتەم لە ناوەندی "سینەمایی بۆسان" لە شاری بۆسان لە وڵاتی کۆریای باشوور بەهۆوەچوو و براوەکانی بەشی پێشبڕکێی "هەوتە نوێیەکان" New Currents، بەشی "خەڵاتی کیم جیسئوک" Kim Jiseok، بەشی "خەڵاتی مەکێنات" Mecenat، بەشی "خەڵاتی سونجە" Sonje، بەشی "خەڵاتی نێتپەک" Netpac، بەشی "خەڵاتی فیپرێشی" FIPRESCI و … دیاریی کران.

باشترین فیلمی بەشی پێشبڕکێی "هەوتە نوێیەکان"
ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی "هەوتە نوێیەکان" New Currents لە بیست و نۆیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بۆسان" کە بریتی بوون لە؛ "محەممەد هەسووڵ ئۆف" Mohammad Rasoulof دەرهێنەر و سیناریۆنووس لە وڵاتی ئێران ـ سەرکی لێژنەی دادوەران، "لی مینگ ـ سێ" LEE Myung-Se دەرهێنەر لە وڵاتی کۆریای باشوور، خاتوو "ژوو دۆنگیۆ" Zhou Dongyu ئەکتەر لە وڵاتی چین، خاتوو "کاتی کەسرۆتی" Kani Kusruti ئەکتەر لە وڵاتی هیندستان و هەروەها خاتوو "ڤاتیا کاڵیەرسیج" Vanja Kaludjercic بەرپرسی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "ڕۆتەردام" Rotterdam لە وڵاتی هۆڵەندا، دەنگەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

خەڵاتی باشترین فیلمی ئەم بەشەی فێستیڤاڵ، واتە؛ خەڵاتی نەقدی بۆیی پارەی ٣٠ هەزار دولاری بە فیلمی سینەمایی "نیشتمانی سپێدەی

هەمنایەتی" The Land of Morning Calm لە دەرهێنانی "پارک ی ـ وونگ" PARK Ri-woong بەرهەمی وڵاتی کۆریای باشوور و هەروەها فیلمی سینەمایی "ما ـ گریانی بێدەنگی" MA – Cry of Silence لە دەرهێنانی "ماو نایِنگ" The MAW NAING بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی میانماڕ، کۆریای باشوور، سەنگاپوور، فەڕەنسا، نێوەژ و قەتەر بەخشرا.

باشترین فیلمی "خەڵاتی کیم جیسئوک"
ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی "خەڵاتی کیم جیسئوک" Kim Jiseok لەم ڕووداوە گرینگە سینەمایییە کە بریتی بوون لە؛ "کریستییەن ژوون" Christian Jeune بەرپرسی بەشی فیلمی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "کان" Cannes لە وڵاتی فەڕەنسا ـ سەرکی لێژنەی دادوەران، "پڕاسانا ڤیتاناژ" Prasanna Vithanage دەرهێنەر لە وڵاتی سریلانکا و هەروەها خاتوو "شین سەوون" Shin Suwon دەرهێنەر لە وڵاتی کۆریای باشوور، دەنگەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

خەڵاتی باشترین فیلمی ئەم بەشە، واتە؛ خەڵاتی نەقدی بۆیی پارەی ١٠ هەزار دولاری بە فیلمی سینەمایی "گوندی ئەستێرەکانی ٢" Village Rockstars 2 لە دەرهێنانی "ڕیما داس" Rima DAS بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی هیندستان و سەنگاپوور و هەروەها فیلمی سینەمایی "یەن و ئای ـ لی" Yen and Ai-LEE لە دەرهێنانی "تام لین شێ ـ یۆ" Tom LIN Shu-Yu بەرهەمی وڵاتی تایوان پێشکەش کرا.

باشترین بەرگەفیلمی بەشی "خەڵاتی مەکینات" Mecenat
ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی "خەڵاتی مەکینات" Mecenat، لەم خولەی فێستیڤاڵ کە بریتی بوون لە؛ "موحسین مەخملەباف" Mohsen Makhmalbaf دەرهێنەر، سیناریۆنووس و بەرهەمهێنەر لە وڵاتی ئێران ـ سەرکی لێژنەی دادوەران، خاتوو "ئاساکۆ فۆجیکا" Asako Fujioka جێگری سەرکی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "یاماگاتا" Yamagata لە وڵاتی ژاپۆن و هەروەها خاتوو "لی سووجِنگ" Lee Soojung دەرهێنەر لە وڵاتی کۆریای باشوور، دەنگەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

خەڵاتی باشترین بەرگەفیلمی کۆریایی و ئاسیایی ئەم بەشە، واتە؛ خەڵاتی نەقدی بۆیی پارەی ٧٤٠٠ دولاری بە بەرگەفیلمی "کارەکان و ڕۆژگارەکان" Works and Days لە دەرهێنانی هاوبەشی "پارک مینسۆ" PARK Minsoo و "ئاهن کیمی هایۆن" AHN Kearny Hyun بەرهەمی وڵاتی تایوان و هەروەها بەرگەفیلمی "ماڵێکی دیکە" Another Home لە دەرهێنانی "فرانکی سین" Frankie SIN بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی

تایوان، هۆنگ کۆنگ، چین و فەرەنسا بەخشرا.

باشترین کورتە فیلمی "خەڵاتی سونجۆ" Sonje
ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی "خەڵاتی سونجۆ" Sonje لە بیست و نۆیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بۆسان" کە بریتی بوون لە؛ "لیم دائ ـ هیوونگ" Lim Dae-hyung دەرهێنەر و سیناریۆنووس لە وڵاتی کۆریای باشوور، خاتوو "کۆنستانس تسانگ" Constance Tsang دەرهێنەر لە وڵاتی ئەمەریکا و هەروەها خاتوو "یاماناکا یۆکۆ" Yamanaka Yoko دەرهێنەر لە وڵاتی ژاپۆن، دەنگەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

خەڵاتی باشترین کورتە فیلمی کۆریایی و ئاسیایی ئەم بەشە لە فێستیڤاڵ، واتە؛ خەڵاتی نەقدی بڕیی پارەی ٧٤٠٠ دولاری بە کورتە فیلمی "یۆریم" Yurim لە دەرهێنانی "سۆنگ جیسئۆ" SONG Jiseo بەرهەمی وڵاتی کۆریای باشوور و هەروەها بە کورتە فیلمی"باگێک لە زستان" A Garden in Winter لە دەرهێنانی "ئەلئۆنۆر مەحموودیان" Eléonore Mahmoudian و "هیرۆشی ماتسوئی" Hiroshi Matsui بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی ژاپۆن و فەڕەنسا پێشکەش کرا.

باشترین فیلمی "خەڵاتی فیپڕێشی"
ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی "خەڵاتی فیپڕێشی" FIPRESCI فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕخنەگرانی فیلم لەم ڕووداوە هونەرییەدا کە بریتی بوون لە؛ خاتوو "تێرێز ڤینسێز" Teréz Vincze مامۆستای زانکۆ و ڕخنەگری سینەما لە وڵاتی هەنگاریا، "هسین وۆنگ" Hsin Wang ڕخنەگری سینەما لە وڵاتی تایوان و هەروەها خاتوو "سوئووون یی" Souewon Rhee ڕخنەگری سینەما لە وڵاتی کۆریای باشوور، خەڵاتی باشترین فیلمی ئەم بەشەیان بە فیلمی سینەمایی "چیرۆکی نیشتمان" Tale of the Land لە دەرهێنانی "لۆئێلۆ هیندرا" Loeloe HENDRA بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی ئەندوونێزیا، فیلیپین، تایوان و قەتەر پێشکەش کرد.

باشترین فیلمی "خەڵاتی نێتپەک" Netpac
ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی "خەڵاتی نێتپەک" Netpac "تایبەت بە پەرەپێدانی سینەمای ئاسیاپەسیفیک" لەم خولەی فێستیڤاڵدا کە بریتی بوون لە؛ "ئیگاڕاشای کوهای" IGARASHI Kohei دەرهێنەر لە وڵاتی ژاپۆن ـ سەرۆکی لێژنەی دادوەران، "هەرمان وان ئایکین" Herman VAN EYKEN مامۆستای زانکۆ لە وڵاتی بەلژیکا و هەروەها خاتوو "کئم میۆنگ" KIM Miyoung دەرهێنەر لە وڵاتی کۆریای باشوور، خەڵاتی

باشترین فیلمی ئەم بەشەیان بە فیلمی سینەمایی "نیشتمانی سپێدەی هەمنایەتی" The Land of Morning Calm لە دەرهێنانی "پارک ی ـ وونگ" PARK Ri-woong بەرهەمی وڵاتی کۆریای باشوور بەخشی.

خەڵاتی "هۆگرانی سینەما"
ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی خوێندکاران لە بەشی پێشبڕکێی "گۆشەی کراوە" Wide Angle لەم ووداوە سینەمایی پێکهاتوو لە خوێندکارانی جۆراوجۆر لە بەشەکانی پەیوەست بە سینەما لە شەش زانکۆ لە ناوچەی بۆسان، باشترین بەگەفیلمی کۆریایی و ئاسیایی فێستیڤاڵیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

خەڵاتی "هۆگرانی سینەما Cinephile Award بە بەگەفیلمی "نە نیشتمانێکی دیکە" No Other Land لە دەرهێنانی هاوبەشی "باسڵ ئادرا" Basel Adra، "حەمدان بەلال" Hamdan Ballal، "یۆڤاڵ ئابراهام" Yuval Abraham و "ڕاسڵ سزور" Rachel Szor بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی فەلەستین و نیپاڵ بەخشرا.

خەڵاتی بینەران
خەڵاتی بینەران لە بەشی پێشبڕکێی "هەوتە نوێیەکان" لەم خولەی فێستیڤاڵ، بە فیلمی سینەمایی "نیشتمانی سپێدەی هەمنایەتی" The Land of Morning Calm لە دەرهێنانی "پارک ی ـ وونگ" PARK Ri-woong بەرهەمی وڵاتی کۆریای باشوور بەخشرا. ئەم فیلمە، زۆرترین سەرپشکی لە لایەن بینەرانی فێستیڤاڵەوە لەم بەشە، بۆخۆی مسۆگەر کردبوو.

"بۆسان" یەکێک لە گرینگترین فێستیڤاڵەکانی کیشوەری ئاسیا
فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بۆسان"، یەکێکە لە گرینگترین فێستیڤاڵەکانی کیشوەری ئاسیا و یەکێکە لە ٢٢ فێستیڤاڵی باوەڕپێکراویی ئەنجوومەنی بەرهەمهێنەرانی جیهانی فیلم "فیاپف" FIAPF لە ئاستی دنیادا. ئەم ووداوە سینەمایی بە پشتیوانی وەزارەتی فەرهەنگ، شارەوانی و ئەنجوومەنی شاری بۆسان و ناوەندی فیلمی کۆریا بەڕێوەدەچێت.

دەزگەنانی "میگێل گۆمز" دەرهێنەری ناوداری پورتوگالی
بیست و نۆیەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "بۆسان" بە نمایشی کۆمەڵێک فیلم لە سینەماکارانی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان لە چەندین بەش لەوانە؛ ١٠ فیلمی سینەمایی لە بەشی پێشبڕکێی "هەوتە نوێیەکان"، ١١ کورتە فیلم کۆریایی لە بەشی "گۆشەی کراوە"، ١٠

کورتە فیلمی ئاسیایی لە بەشی "گۆشەی کراوە"، ١٠ بەگەفیلم لە بەشی "گۆشەی کراوە"، ٨ فیلمی سینەمایی لە بەشی "خەلاتی کیم جیسۆک"، بەشی "خەلاتی مەکەنات"، بەشی "خەلاتی سونجۆ"، بەشی "خەلاتی نێتپەک"، بەشی "خەلاتی فیپرێشی" و هەروەها بەشی دەرەوەی پێشبڕکێی، لەوانە؛ ٢٨ فیلمی سینەمایی لە بەشی "پەنجەرەیەک بەرەو سینەمای ئاسیا" A Window on Asian Cinema، ٥ فیلمی سینەمایی لە بەشی "گالا" Gala، ٧ فیلمی سینەمایی لە بەشی "سینەمای کراوە" Open Cinema، ١٧ فیلمی سینەمایی لە بەشی "دیاردەکان" Icons، فیلمێکی ژاپۆنی و ١٧ بەگەفیلم لە بەشی "ویترین" Showcase، ٦ فیلمی سینەمایی لە بەشی "شەیدای شەوانە" Midnight Passion، ٦ فیلمی سینەمایی لە بەشی "لەسەر پەردە" On Screen، ٩ فیلمی سینەمایی لە بەشی "تەرکیز لەسەر ڕەحی منداڵان، فیلمی منداڵان"، ٦ فیلمی سینەمایی لە بەشی ڕێزلێنانی "میگێل گۆمز" Miguel Gomes دەرهێنەری ناوداری پورتوگالی، ٦ فیلمی سینەمایی لە بەشی ڕێزلێنانی "لی سان ــ کیۆن" Lee Sun-kyun ئەکتەری کۆچکردووی کۆریایی، ٢٩ فیلمی سینەمایی لە بەشی "سینەمای جیهان"، ٢٣ فیلمی سینەمایی لە بەشی "سینەمای ئەمڕۆی کۆریا"، ١١ فیلمی سینەمایی لە بەشی "فلاش فۆوارد" Flash Forward، بەشی "ئاکادیمیای فیلمی ئاسیایی"، بەشی "نمایشی تایبەت"، بەشی ڤۆرکشۆپی فۆرکاریی "میگێل گۆمز" و "ئان هوی" Ann Hui دەرهێنەری هۆنگ کۆنگی ــ چینی، بەشی "سندووقی سینەمای ئاسیا"، بەشی "بازاڕی فیلمی ئاسیا" و چەندین بەشی دیکە لە ڕۆژانی ٢ تا ١١ی ئۆکتۆبەری٢٠٢٤ لە سینەما "بۆسان" و سینەماکانی دیکەی شاری بۆسان لە وڵاتی کۆریای باشوور بەڕێوەچوو.

بۆ زانیاری زیاتر:

https://www.biff.kr/eng/addon/10000001/page.asp?page_num=8417





بەهاکانی ژیان کتێبێك بۆ بەدەنگکردن و دەستەمۆکردنی گەنجان!.. سەدیق سەعید واندزی

بیرکرنەوە لە بری ئەوانیتر، یەکێکە لەو تێگەیشتنە خراپانەی لە کەمەڵگەی ئێمەدا زۆرباوە. ئێمە هەمیشە دەماندەوت، تێگەیشتنی خەمان بۆ سەر هەموواندا بگشتێنین، بۆ بۆ ئەوەی درك بەوە بکەین، کە مرۆڤکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە و خەم و کێشە و مەراقی هیچیان

لەویتریان ناچێت. سەرووشتی سایکۆلۆژیانەی هەر مرۆڤێك لەویتر جیاوازە، کاتێ کەسێك لە پەناو خۆشەویستەکەی خۆی دەکوژێت، یان دایکی و دواتر خۆشی دەکوژێت، ئەمە هەموومان ڕاخنە دەگرین، بەڵام دەبێ بزانین کەسمان ئەو نین و کەسیشمان ئەزموونی ژیانی ئەومان نەکردووە، بۆیە نابێت ژیانی خۆمان و تێگەیشتنی خۆمان بکەینە پێوەر بۆ تێگەیشتن و بیرکردنەوەی ئەوانیتر. دەبێ بزانین مرۆڤەکان بۆ جیاوازییەوە دژین و ژیان دەکەن، مەرج نییە ئەوەی من پێم پەسندە و دڵیەتی، لای هەمووان وا بێت و یاخود تەنها بیرکردنەوەی خۆم پێ ڕاست و دروست بێت. مرۆڤ ئاگادار کەسێکی لە ڕوحی خۆشی خۆشتر بوێت و خۆشی لەودا تواندبێتەوە، هەرگیز بۆ مانای جیاواز نەکەوتنەوە نایەت، مرۆڤ پێکهاتەیەکە لە هەست و ڕوانین و هزر و دنیابینی، بۆیە سایکۆلۆژیای مرۆڤەکان و جیهانبینییان، ئاگادار ئەوەندە نزیك و هاوشێوەی یەکتریش بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ پێنتەك هەر جیاواز دەکەونەوە، بۆیە دەبێت ڕێز لە بیرکردنەوەی مرۆڤەکان و ئازادی و تێگەیشتن و ڕوانگە و بیر و ڕایان لە بارەی هەر پرسێکەوە بگرین. ئەستا لە کەمێگەی ئەمەدا، بۆ ناوی پەروەردانی مرۆیی و کەمێایەتی و پەروەردەیی و گرفتی تاك و خێزان، جارە مەدەك لە نووسین دروست بووە، کە ئەویش مەدی بیرکردنەوەیە لە بری هەموان. بۆ جارێك کەسێك کتێبێك وەردەگێڕێت، یاخود دەنووسێت، مەبەستیەتی ئەوەی ئەو لەو کتێبەیدا لە ڕووی ناوەڕۆکەوە خستوویەتییە ڕوو، بۆ هەموو مرۆڤەکی ئەزموون بکات، وەك ئەو چۆن دەڕوانێتە مرۆڤەك، پرسێك، دیاردە و ڕووداوێك، هەموو کەمێگە لەگەڵ ئەودا بن و وەك ئەو بیر بکەنەوە، کە ئەمەش ئەوپەڕی تەنگەیشتنە لە واقیعی سایکۆلۆژی مرۆڤ. مرۆڤەکان، وەك چۆن لە ڕووی بایۆلۆژیەوە لە یەکتری جیان، بەو شێوەیش لە ڕووی کەمێایەتی و سایکۆلۆژی، ژیان و بیرکردنەوەیان جیان.

گەر گوزارێك بۆ نەو دنیای کتێب و بۆاوکردنەوە لە کتێبخانەکاندا بکەین، دڵیان ناونیشانی سێیر و سەمەرەی کتێب سەرنجت ڕادەکێشن و فریوت دەدەن، ئاگادار یەکجار هوشیار و بیرکەرەوە و خاوەن ناسنامەی کەسیانەی خۆت نەبیت. سەدان کتێب هەن، باس لەوە دەکەن (چۆن بۆژێك دەوڵەمەند دەبیت، چۆن کەنتەڕی تووڕەیت دەکەیت، لە ماوەی چەند چرکەیەك چۆن دەبیتە زمانزانەکی باش و قسەکارەکی لێهاتوو، بۆ ئاسانی واز لە دوو دڵی بێنە، بڕچی پیاوان گوێ ناگرن، چۆن زیرەك دەبیت، چۆن ژیانی خۆت لە چەند ڕۆژێك دەگۆڕیت، زاڵبە بە سەر ژیانت، بە یەك ڕۆژ ئەتەکەتی ژیان فڕێ بە، چۆن بە ئاسانی دەوڵەمەند دەبیت، چۆن بە ئاسانی دەبیە بڕوبارەکی سەرکەوتوو) ئەم ناونیشانانە و دەیانی تر، لە ڕاستیدا بۆ بۆهاکردنی کتێب و بۆ

بازاڕیکردنی کتێب، لە پێناو قازانجی کەسی و بەشێك لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە. بە ئەوەی ببینە بەرهەمهێنەرێکی سەرکەوتوو لە هەر بوارێکدا، ئەوا دەبێ چەندین ساڵ کۆشش بکەیت، فێر بیت، ئەزموونمان هەبێت، ئیدی نازانم چۆن بە یەك دوو وتاری نێو کتێبێکەیەك دەبینە بەرهەمهێنەرێکی سەرکەوتوو؟ بە ئەوەی ببینە زمانزانێکی باش، دەبێ هەزاران کتێب بخوێنیتەوە، زمانزانی و ڕەشنبیریی قسەکردن و هونەری دەربڕین، کاری یەك ڕۆژ و دوو ڕۆژ نییە. ئەم جۆرە قسە و بیرکردنەوە سادانە لە کەمەڵگەی ئەمڕۆدا، مەترسی گەورە و کوشندەن، چونکە هوشیاری زۆربەی هەرە زۆری تاکەکان لەو ئاستەدا نییە درك بە جیاوازییەکان بکەن و قووڵ ببنەوە و بپرسن، بۆ ڕاست چۆن مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێت بڕیتەوەر بێت؟ ببێتە دانا و زانا؟ ببێتە کاریزما و هەرچی خوێنی گەورەی هەیەتی بە دیبەنێت؟ ئەمە دەماڵەوێت بە فریودان، یان بە سادە بیرکردنەوە لە شتەکان و بینینیان، جیهانێك لە بڕیتەوەری و ئاسوودەیی ساختە و قریودەرانە بینا بکەین. جیهانێك مرۆڤ تەنها فێری بە دڕندگی، بوودەیی، دەستەمەیی و ترسنۆکی دەکات و هەرگیز ڕوحی بەرزنگاریی و یاخیبوونی لا دروست ناکات.

کتێبی (بەهاکانی ژیان) کە دکتۆر (فازڵ جاف) نووسیوێتی و وەك ئەزموون و ڕەسایەکی گەورەی ڕێنوینیکردنی ژیانی گەنجان، وەك ئەوەی لە ناونیشانەکەی نووسیوێتی دەیخاتە ڕوو، یەکێکە لەو کتێبانەی دەیەوێت بڕیتەوەرمان بکات، بەڵام فەرمان ناکات چۆن؟ دەیەوێت ببینە کاریزما و بە گۆشبینییەوە بڵوانینە داهاتوو، هەموو کات خوێنی گەورەمان هەبێت و دوور و گۆشبینانە بڵوانینە چارنووس و ئایندەی ژینمان، بەڵام پەمان ناڵێت ئەمە چۆن لە ژێر سایەی دەسەاتێکی گەندەڵ و نا بەرپرس، پێ لە جیاوازی چینایەتی و بە دادی دەکرێت؟ چۆن دەتوانین لە نێو ژیانێکی ئەو پەڕی ڕەشبین، بە ماف و بە بوونی سەرتایەترین پێداویستی ژیان، خوێنی گەورەمان هەبێت؟ مەگەر ئەمە لە فریودان و هەڵخەڵتاندنی مەشکی گەنجەکانمان بڵاوەی هیچی تر؟ ژاپۆنییەکان دەڵین:(ماسیمان بە مەگرن، فێری ماسی گرتنمان بکەن) دروست دکتۆر لەو کتێبەدا، ئەوە نیشانی گەنجەکانمان دەدات و گەمێیەکی بە سەوێیان لە نێو دەریایەکی گەاڵاو، گەورە و پڕ مەترسی دەداتە دەست و پێیان دەڵێت (دەریاکە ببڕن!) بە درێژایی ئەم کتێبە و بگرە نووسینەکانی دیکەشی، دکتۆر بڕدەوام جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێ گۆشبینانە گەنج و لاوەکانمان بڵوانینە ژیان و هەرگیز نا ئومێد نەبن، خوێنی گەورەیان هەبێت و کاری بۆ بکەن، بە ئەم مەبەستەش نموونە لە ژیانی سەرکەوتووی خۆی لە دەرەوە و هەروەها ژیانی گەنج و لاوانی کەمەڵگەی خۆر ئاوایی

دنتەوە، کە هەر لە دایك دەبن، هەموو مافەکیان هەیە ! ئەم جارە بیرکردنەوەیە، لە ئاستیدا بە ئاگایە و بازدانە بە سەر حەقیقەتەکی تاڵ ئەویش نادیتنی ئەو واقیع و ژیانە پڕ لە ئازیشە و بە مافیەیە، کە گەنجانی کورد تیایدا دەژین. لە وڵاتەکدا، کە گەنج و لاوەکانمان لە بچووکترین ماف و پەداویستی سەرەتایانەی ژیانیان بەبەشن، باسکردن لەوەی خەونی گەورەیان هەبەت، خەلادانە لە ژیانی ئەوان. نووسەر لەو کتێبیدا، هەموو بەهایەك فڕی گەنجان دەکات، بەتام گەورەترین بەها، کە ڕوحی یاخیبوون و بوێریی و هاتنەویە بە گژ دەسەڵاتی ستەمکار و گەندەڵکاران، خەی لە دەبوێریت و فڕیان ناکات. ئەو پەیمان دەڵێت کە دەبێ بە تەنزەوە بەوانینە ژیانمان، وەك وتم خەونی گەورەمان هەبەت، هەمیشە گەشبین بین، بایخ بە جەستە و خەراکی تەندروست بدەین، باوەش بە ژیانمان بکەینەوە، بەتام بە داخەوە ئەوەی فەرمانی ناکات و زەر پێویستیمان پێیە و چەقی هەموو گەڵانکاریەکیش لەوەوە سەر هەڵئەدات، ڕوحی بەرەنگاریانەیە. کەشی ئەو نووسەرانەی لە ئەورپا ژیاون و بەر کەلتووری ئەوە کەوتوون لەوە دایە، جیاوازی لە نێوان خەونی گەنجەکی کورد و گەنجەکی سوێدی ناکەن، دەسەاتی دیموکراسی و هاووڵاتیبوونی ئەوە و خەڵکیانە و دواکەوتووانەی ئەرە لە یەکتری جیاناکەنەوە، بەختەوەری مرۆڤی کورد و تاکەکی ئەوروپی، بە یەك مەودا و خەون و ئامانج و تەکەشان دەبینن. من لەرەدا نموونەیەکی بەرجەستە و تاڵ و تراژیدی و واقیعی ژیان بە دکتەر دەنمەوە، تا بزانێت نەك هەر ئاسان نییە گەنجی کورد بەختەوەر و شادومان بێت و خەونی گەورەی لە ژیان هەبێت، بەکو هەموو وەستگە جیاوازەکانی ژیانی و تا مردنیشی، لە نێو ڕەشبینیەکی قووڵدا دەژیت. من برازایەکم قوتابی زانکەی سەرانە و کوڕە پشمەرگەیە، زەر جار پرسیاری ئەو نادادپەروەریەی نەوان ئەو کوڕە بەرپرسە گەندەڵانە و خەیم لە دەکات کە دوو دنیا و دوو ژیانی زەر جیاوازیان هەیە ! پرسیار دەکات کە ئەم واقیعەی دروست کردووە؟ ئەمە قەدەرەکی ئیلاهییە؟ یان بەرهەمی ئەو دەسەاتەیە، کە دکتەر لە کتێبەکیدا بە یەك وشەش ڕەخنەی ناکات؟ گفتوگۆی لەگەڵ دەکەم و بۆچونەکی لا دروست دەکەم، کە ئەمە کار نەکاتە سەر سروشتی ژیان و پێوەندی ڕەژانەی لە زانکە، ڕەژی دواتر کە چووە زانکە، ئەمجارەیان پرسیاری ئەوەم لە دەکات بۆچی جیاوازی لە نێوان قوتابی کوێ و کچ بە تایبەتی ئەگەر جوان بێت دەکرێت؟ ئەی بۆچی ئەو هەمیشە گیرفانی کەمەك پارەی تێدایە، بەتام قوتابی هەیە لەگەڵ ئەو لە سایەی باوکە بەرپرس و گەندەڵکەی، لەگەڵ مەدلسی ژیان دەڵێوات؟ کە ئەو نایکسانییەی بەرهەم هێناوە؟ باشە بۆچی بە ئاسانی لەپرسینەوە لەگەڵ قوتابییەکی

هەژار دەکرێت، بەڵام لەگەڵ کوێی بەرپرسێك نا؟ پرسیاری ئەوەم لە دەکات، باشە مامە کە زانکۆم تەواو کرد، دەبێ دابمەزرێم؟ کارم دەست بکەوێت؟ بتوانم خێزان پێکەوە بنێم؟ داهاتووکی پێ لە سەرکەوتن و گەشبینیم هەبێت؟ پرسیار لە دوای پرسیار، پرسیار بارانم دەکات، تا سەرئەنجام وەڵامکم پێ نامێنێتەوە، جارێکی دیکە بەوایەکی گەشبینانەی ئەگەر کەم و بچووکیش بێت، لا دروست بکەم. بە داخەوە ئەمە واقیعی گەنج ولاوی کوردە، کە فازە جاف دەیەوێت هەمیشە گەشبین بن و خەونی گەورەیان لە ژیان هەبێت و بە تەنزەو بەوانەنە ژیانیان، وەك ئەوەی نووسەر گەنجێك بەدوونێت لە وەاتەکی ئەسکەندنافیا بژیت نەك کوردستان ! بەگومان هیچ بەهایەك، هیچ خەون و ئایندە و داهاتووێك لە ژێر سایەی دەسەاتێك بوونی نییە و نایەتە دی، ئەگەر ئەو دەسەاتە دادپەروەر، یەکسانخواز، پێشکەوتوو، مرۆڤدۆست و هاووەاتی و دیموکراسی و عیلمانی نەبێت. باسکردن لەوەی لە نەو وەاتەکی خەون کوژ و لە ژێر سایەی دەسەاتەکی بە نەزککردنی خەونکان، دەبێ مرۆڤ خەونی گەورەی هەبێت، بە ڕاستی فریودان و دەستەمکردن و بە دەنگکردنی گەنجانە. هیچ کەمەگە و تۆزێك، هیچ گەنج و لاو و تاکێك، ناتوانێت ئامانجی گەورەی لە ژیان هەبێت، ئەگەر سەرەتا ئامانجی یەکەمی ئەوە نەبێت، ئەو بەربەستانە بەوخەنێت و ئەو ستەم و دەسەاتە بەباکە نەگەێت، کە گوێ بە خەون و ئایینەدە و گەشبینیان نادات. ئەمە لە زەمینەی واقیع و بە ئەزموون دەرکەوتووە. بەگومان دکتەر نووسەر و ئەکادیمیێکی هوشیار و تەگەیشتوو و ئەزموونداڕە، زەرباش ئەم حەقیقەتە دەزانێت، بەڵام کە باسی ناکات، لەلایەکەوە چاوی لە دەپۆشێت، لەلایەکی دیکەشەوە وەك ژاپۆنییەکان مەبەستی نییە، فەری ماسی گرتمان بکات، بەڵکو دەیەوێت تەنها و بە بە دەنگی ماسییەکان بخەین. دەنا لە کوێوەی ئەم دنیایەدا، مرۆڤ دەتوانێت لە نەو زەمینەو و ژیانێکی پڕ لە گەشبینی و نادادی و بە مافی، خەونی گەورەی هەبێت و ژیان بە بەختەوەریەوە ببینێت و چاوی لە ئاسۆیەکی گەش بێت؟ ئەمە چۆن بتوانین ژیانمان بە تەنزەوە ببینین و بە گەکەین، ئەگەر لە نەو فەزایەکی پڕ لە تراژیدیا و شکست و بە ئومێدیدا بژین؟ دکتەر، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دەبێ گەنجی کورد بەردەوام ئاگاداری خەراك و تەندروستیی خۆی بێت، جەستەیەکی وەرزشی بە هەز و گەکپەش و جوان و سەرنج ڕاکێشی هەبێت، بەڵام پێیان ناێت لە بەرانبەر ئەو هەموو نایەکسانی و بە مافی و گەندەیی هەیە، بیریان چۆن بێت ؟ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە ژیانی گەنجی کورد، لای نووسەرەکی دیاریشەوە، مایەی ڕەت کردنەوە و گەخەنەگرتنە، چونکە ئەمە هەر پێویستیمان بەوە نییە بە تەنزەوە بەوانینە ژیان، چونکە

ژیان وەك كارل پێپەر دەڵێت:
(سەرتاپا هەمووی كێشەیە) یاخود تەنها گرنگی بە تەندروستیمان بدەین ؟ ئەی هەژار و هەوانین و بیركردنەوەمان ؟ ئەمە چی لە جەستەیەكی جوان و ساغەم و بە نەخۆشی بكەین، ئەگەر لە نێو ئەو جەستەیە، هۆشكی ترسنۆك و دەستەمۆكراو، نا بەرپرسیار و بە هێست و درككردن هەبێت؟ ئەوەی ئەمە لە كوردستان پێویستیمان پێیە و دكتۆر فازە جاف، لە بەر هەژار هەكار و بەرپرسیاریەتی و بەخششكی دەسەڵات بێت، خەی لە دەبوورێت و باسی ناكات، ئەو هۆحە پێ لە سەركێشی و سەك و نەترسیە، كە بە داخەوە گەنج دەبێت هەیبەت و نیانە، كەچی دكتۆر بەو كتێبە و لە ژێر ناونیشانی بەهاكانی ژیان و هەزر و ئەزموون بە گەنجان، ئەوەندەی تر ئەو هۆحە دەستەمۆكراویان لە ناخدا سووز دەكات و بیریان بە ئەوە دەبات كە بە تەنزەوە بخوانن ژیان و خواردنیان تەندروست بێت، بە ئەوەی جەستەیەكی ساغ و بە نەخۆشییان هەبێت و زیاتر بژین ! چش لەوەی ئەو هۆحەی لە نێو ئەو جەستەیە دایە چنە ؟! یاخود مرۆڤ بە ئەوەی پێگە و بە هایەكی لە ژیان هەبێت دەبە تەنها كار و هەزی دەستی كار بكەینە پێوەر بە ئەو بەهایانە؟ فازە جاف لەو كتێبەیدا دەڵێت:
(كرێكارێكی بەختەوەر لە هەموو كرێكارێك بەرهەمی زیاترە. ل22)
یەكێك لە دەرهاوێشتەكانی سیستەمی سەرمایەداری، كە ئەمەش وەك تاكە سیستەم دنیا ئاراستە دەكات ئەوەیە، كە مرۆڤ تەنها لە كاركردن و هەزی دەستی كار دەبینێتەوە. واتا شوناسی مرۆڤ لەوەدا كورت دەكاتەوە، كە ئەو مرۆڤە چەندە وەك ئامێرێك كار دەكات و دەجووڵێتەوە و بەرهەمی لە پێنا و كەمپانیا و دنیای سەرمایەداری هەیە. لەو سیستەمەدا، مرۆڤ بە ئەوەی بتوانێت بژیت و بەردەوامی بە مانەوەی خەی بدات، بە ئەوەی بتوانێت شوێنێك لە دنیا و ژیان بگرێت، ئەوا دەبە بەردەوام كار بكات، بەیە سێیر نییە بەلامانەوە كاتە دەبینین تاكەكی خەرئاوایی، لە دەستدانی كارەكەی زەر بەلاوە لە مەرگ و مردنی فیزیكییانەی خەی پە بە ئازارتر و ناخۆشترە. لەرەوش گەر سەرنج بدەین دەبینین، هیچ بوارێك بە پێوەندی نێوان مرۆڤەكان نەماوتەوە و هەریەكەیان ڕەبێت ئاسا، بە پێی ئەو كار و كاتەی هەیەتی، لە نێو ئامێر و كارگەكان هەموو ژیانی بە سەر دەبات، كە لە ڕاستیدا شێوازێكی نوێی كۆیلایەتییە نێك كاركردن، چونكە هیچ كاتێك نابە كاركردن بكرێتە هەكارێك بە دامەزینی مرۆڤ لە هەموو ئەو هەست و چژە ڕوحی و دەروونییانەی كە دەشە لە میانەی پشوودانەكدا وەریبگرێت و بیبینێت. كاركردن لە پێناو ژیانە، كاتە ژیان دەبێتە فاكتەرێك لە پێنا و كاركردن بە تەنها و مرۆڤەكان ئەو بەهایەیان لادروست دەبێت كە ئەگەر كار نەكەن هیچ نین، بگومان ئەو

کات ئەم لە بەردەم مرۆڤگەلێك دایە، کە تەنها وەك ئامرازێك دەجوڵێنرێتەوە و ئەو جوڵانەوەیشی تەنها لە خزمەت ئەوانیترە. بەیە بەستنەوەی مرۆڤ بە جوڵەکردن و کارکردن، هاوتەکی دیاری دنیای سەرمایەداریە و هاوایەتی پەدانیشی تەنها، دەچێتە خزمەت ئەو دنیا پووچ و بوودڕە و بە بەهایەکی ئینسانییانە دەبینێت، وەك ئەوەی چەند کار بکەی بەختەوەرتری، کە پێچەوانەکەی هاستە. لەلایەکی دیکەوە، هیچ کرێکارێك لە دنیا نییە لە یەك کاتدا کار بکات و بەختەوەریش بێت، چونکە ئەگەر بەو تێگەیشتنە بێت، ئەوا چەمکی نامۆکردنی کرێکار و مرۆڤ بە گشتی، کە مارکس باسی لێوە دەکات و دەرئەنجامی ئەو پێوەندییە نایەکسانی و بە مافیای نێوان چینی پرۆلیتار و سیستەمی سەرمایەداریە نەدەبوو. کرێکار بەرلەوەی بەرهەمی زەر بێت مرۆڤ، مرۆڤبوون لەردا پووچ و دەبە وەك مرۆڤ هەست بە بەختەوەری و شکۆمەندی ژیان بکات، نەك ئەو بە بەختەوەرییەی وەك نووسەر دەیڵێت، ببەستێنەوە بەوەی کە چەند وەك هەبێتەك بەرهەمی زیاتر! ئەی ئەو کرێکارانەی کاریان نییە؟ بە بەرهەمن؟ ئایا ئەوانیش مافی ئەویان نییە ژیانێکی بەختەوەرانەیان هەبێت؟ یان دەبێت بەرهەمی زەرتر لە خزمەت سیستەمی نامرۆیی سەرمایەداریی و کەمپانیا و سەرمایەدارە داماڵدراوەکان لە هەموو شتەك بخەنە بازاڕەوە، ئەو کات هەست دەکەن وەك کرێکارێك بەختەوەر و بوونەکی مانادایان هەیە. هەرگیز نابە بەهای ژیانی مرۆڤك لە کارەکە و بەرهەمەکەی ببینینەوە، چونکە ئەم جارە بیرکردنەوانە، لە خزمەت چینی بەرژوا و سیستەمی سەرمایەداریە، کە قازانج و دەسکەوت، بازاڕ و ساغکردنەوە، دەکاتە ئامانجی یەکەم و کۆتایی هەر مرۆڤك لە هەر سووچێکی دنیا بێت. بە داخەوە نووسەرانی ئەمەش، لە ژێر ناوی بەهاکانی ژیان و ئەزموونی سەرکەوتوو بە گەنجان، ئەوەندەی تر هاوایەتی بەو دنیا پە لە نایەکسانی و نامرۆییە دەدەن.

نووسەری ئەم کتێبە، هەر لە ژێر ناوی ئەزموونێك بە گەنجان، لە شوێنێکی دیکەی کتێبەکەیدا دەنووسێت:

(هەرگیز گلەیی لە هیچ بارودۆخ و کەس و لایەنێك مەکە، خێت ببێ بە ئەندازیاری ژیانی خێت، وەك ئەوەی من خەم بوومە ئەندازیاری ژیانی خەم) نووسەر، پەیامی بە گەنجانی بەشمەینەتی کوردستان ئەوەیە، خەیان ببنە ئەندازیاری ژیانی خەیان! باشە دەکرێ وەك خوێنەرێك ئەو پرسیارە بکەین، چۆن بتوانن ببنە ئەندزیار لە کاتێکدا هیچ کەرستە و کەلوپەلێکی ئەندازەیی، دوربینەك، هووپەوەك، نەخشە و دیزاین و ماکێتێکی ئەندازیاریانەیان لە بەردەست نەبێت؟ ئەم بۆچوونەی نووسەرم وەك ئەوە دێتە بەرچاو، ئەمە خوانەکی جوان و هازاوە بە

کەسێکی بێ دەست و نابینا ئامادە بکەین و فەرمووی ئەوشی لێ بکەین، لێ خوانەکە بخوات ! ئەم جۆرە هەوانینە، وەك ئەوەی بۆ دروژاندنی ئەو وتارە جەخنمان لێکردەتەوە، هەوانینەکە بەرهەمی کولتوور و فەرهەنگی ژیانی خەرئاوایە، کە نووسەری کتێبەکە بۆ سانایکی زۆر و دروژ لە نەوی ژیاوە و سەدان ئەزموونی ژیان و کەچی لە وەاتە پشکۆوتووکانی دنیا، بینیوە و ئیدی ئەم ئەزموونە دەکاتە هەنوینییەك بۆ ئەوەی گەنجانی کوردیش، بەهەمان ئەزموونی ئەو تێپەڕن و ژیانێکی بەختەوەرانیان هەبێت. نووسەر گەرچی باس لەوە دەکات (کە دیدگای هیچ کەس مەکە بەهی خۆت. ل 159) بەڵام سەیر لەوەدایە، ئەو دیدەوێت دیدگای خۆی لەو کتێبەدا بکاتە دیدگای هەموو گەنجان و لاوانی کوردستان. دواجار دەڵێم ئەم کتێبە، گەنجان فێری گەلەك بەها دەکات، بەڵام پێیان ناڵێت ئەگەر لە ژێر سایەی دەسەاتێکی چەوسێنەر و نادادپەروەردا بوون،بەهای ژیان و بوون ومافتان لە کوە دایە و چی بکەن؟ کە ئەمەش ئەو بەها هاستەقینە و پیرۆز و بەرزەیە، کە ئەمە لە کەمەگەی کوردی پێویستیمانە، نەك ئەوەی شیکپێش و هەکپێش و تێندروست و هووك خەر بین، ئیدی خوای دەکرد دنیا وەران دەبوو. واتا بە کوردی و بە کورتی، نووسەر دێوەت بە گەنجانی ئەمە بڵێ (کەاوی خۆتان بگرن با با نەیبات) هەر خوێندەرەکیش بڵوای وایە من هەڵەم سەرپشکی دەکەم بچێت ئەو کتێبە بخوێنێتەوە !

-_____

*پێراوێز:_ ناوی کتێب: بەهاکانی ژیان هزر و ئەزموون بە گەنجان، نووسینی: دکتەر فازە جاف، بڵاوکراوەی: هەکخراوی کوردستان دیالەگ _ 2024.

*ئەم باباتە لە هەفتە نامەی هەگای کوردستان ژمارە (1404) هەژی 10/9/2024 بڵاوکراوەتەوە.

خەقکردنی مەژوو لە دەقی

میتۆلۆژی ئۆلیادە-1-.. یونس تانج

بەشی یەکەم:

نوسین، بەتایبەت نوسینی مێژوویی هەوڵێکە، دیفاکتۆیەکە، بە مانوە و نەمری، زادەی پاش بە ئومێدبوونی مرۆڤ لە گێشتنی بە ژیانی ناکۆتا.
لە ڕووی کاتبەندییەوە (Chronology)، دەشێت گۆڵێک لە گۆڵێکی دیکە، زووتر هۆشیار بووبێتەوە و دەستی کردبێت بە تۆمارکردنی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی مێژوو، بە هەر جۆرێک بێت و لە هەر ئاستێکی ناجۆر و نزمدا بێت، تاکو چ ڕادەیەک سنورەکانی تێکڕا بووبێتەوە لەگەڵ قۆناغە بۆرایەکانی بیرکردنەوە و سەردەمەکانی ئۆفسانگۆری، ئیشکالییەتێکە لە چیەتی و چۆنییەتی نوسینەکە نیە، گرنگ ئەوەیە کردەی خۆقکردنی مێژوو بە ئەنجام گەیەندراوە، گرنگ ئەوەیە کۆششێک هەیە بە نوسینەوە، ئەگەرچی ئاوەزانی ئۆفسانەکاری و ئۆفسونگەرایی بووبێت، یاخود وەک پێخشانە شیعرێکی وێژەیی دەرکەوت و مێزی لێکدەران تێژی بکا لە کەرەستەی لێکدانەوە، بەکو خودی قەیرانەکە ئەوەیە، دەست نەبردرە بە نوسین و تۆمارکردن، تا لەئاکامدا خەمان لێبردەم نەتوە و کۆتێکی بە مێژوو دەبینینەوە.
مێژوونوسان بە شوێن ئاماژەکانی دەقە ئۆفسانەییەکان وەبوون، بە پشتبەستەیی ئامرازەکانی فەلسەفەی مێژوو بە بونیادنانی کۆدگەکانیی خودی مێژوو، چونکە مێژووی کەنی زربەی گۆلان ئاوێتەیە لە تێک ئۆفسانەگەری، نەهامەتییەکە ئەوەیە خاوەنی ئۆفسانە، یان دەقی ئۆفسانەییش نەبی تاکو بە ئیلهام وەرگرتن لێی بنچینەکانی مێژووەکەی لەسەر دابنێی!
ئەوان بۆ دنیابینییە کاریان کردوە.. کە دەبێت مێژوو نەشبێت دروست بکرێت، هەموو شتێکیان نوسیوەتەوە، تاوەکو لە سەردەمانی پاشتر مێژووناسان دەتوانن پێڵێنکاری و لێکدانەوە لەبارەی ئەم دەقانەوە بکەن.
ئۆفسانەو حیکایەتەکانی گوێی ئاگردان هیچ نین جگە لە کششی پێشین بە بەجۆهێشتنی مەری مێژوو، هەرچەند ئیلیادە بە بەشێک لە ئۆفسانە لە قەڵەم بدرێت، بەڵام بووەتە هەی گەیانی شوێنەوارناسان بەدوای پاشماوەی شاری تڕواد و ساخکردنەوەی ڕووداوەکانی ئیلیادە. بە وێنە بەشێک لەم ڤەکەینانە ئاماژە بۆ دەکەن، شارەکە کووتووەتە

بڕی ئاسیای بچوک و تورکیای ئیمڕۆ، هەروەها ئەفسانەی ئەنیادە کراوەتە بنەمای لە دایکبوونی شارکانی ئیتالیا و لە سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریای ڕۆمانی، بەوەی ئینیاس وەک پاڵەوانێکی تڕواد پاش هەڵسی شارکە بە فەرمانی خواوەند ڤینەس خێی دەربازی ئەو خاکە دەکا کە دواتر بە ئیتالیا دادەنرێت.
خواوەندە یۆنانییەکانی شاخی ئۆڵمپس، وەک لەم سە ئەفسانەیەدا دەبینرێت (ئۆلیادە، ئەنیادە، ئەدیسیا)، بزوێنەرن و مۆژوو دروستدەکەن، بوونەتە بەهادەری چەمکەکانی جوانی و لەهاتوویی و ئیرۆس(عیشق) و هەڵسوڕێنەری گۆڕانکاری جەنگ لە ڕوان مرۆڤ، بوونەتە هەی خەڵقکردنی مرۆڤی نیو-خودا و ئاوێتەبوونی تەرمەی مرۆڤ بەخواوەندەکان، بە وێنە بەرکەی هەڵەنا دەگەڵتەوە بە زیسی گوورە خواوەندە، بەرکەی ئینیاسیی داستانی ئەنیادە دەگەڵتەوە بە خواوەند مارس و هتد.. دەشێت بیرکەی بەخودابوونی مرۆڤ و بە کۆ بوونی پێیامبەر یەسوعیش لە قەناغی دواتر.. ڕیشەکەی بگەڕێتەوە بە ئەم داستانە، وەک ئاوەی لە بەشەک لە پووختەکراوی داستانی ئیلیادەی هەمیرس()ی شاعیری یۆنانی دەردەکەوێت.
تڕواد(Trojan) شارکە دەکەوێتە کەنارەکانی ئاسیای بچوک، بە شورا بەند و قایمەکانیی بەناوبانگ بوو، شارکە لەلایەن پریام پاشا بەڕێوە دەبردرا (پاریس و هیکتەر) دوو لە ڕۆڵەکانین، کاتێک پاریس لە دایک دەبێت باپیار دەدەن بیکوژن، چونکە پێشبینی ئاوێیان بە دەکرێت، ئەم کوڕە لە داهاتودا دەبێتە هەی لەناو بردنی شاری تڕواد، بۆیە لەلایەن بنەماڵەکەیەوە شوانێک ڕادەسپێرن بە ئەم کارە، بەڵام شوانەکە دەستی ناچێتە کارپێکەو هەڵدەستێت بە نهێنی بەخێوی دەکات و گوورەی دەکات، پاریسی کوڕی پریام پاشا دەبێتە شوانی مەڕوماڵاتی ئەو ماڵەی لەخێیانگرت.
خواوەندە یۆنانییەکان دەکەونە ناو کێبەکێیەکەوە، ئیریس خواوەند کە بەردەوام حەزی بە ئاژاوەیە، لە سەر سەوکی سور دەنوسێت بە جوانترین و سەوکە هەڵدەداتە سەر مێزی ئەم سە خواوەندە، (ئەسینا- ڤینەس- هیرا) سە خواوەندەکە لەسەر ئەوەی سەوکە بە کامەیان بڵت دەبێتە ناکۆکیان، دەنێرێنە لای زیسی گوورە خواوەند، ئەویش نایەوێ دەی هیچ یەکێکیان بەرنجێنێت، داوادەکات شوانێک بە ناوی پاریس لەبری ئەو بیارەکە بدات و جوانترینی ئەم سە ژنە خواوەندە دەستنیشان بکات.
هەرسێکیان لە بەردەمی پاریسی کوڕی پریام ئامادە دەبن و سەوکەی پەدەدەن، داوای لەدەکەن سەوکە بداتە ئەوەی جوانترینیانە، هەر یەکەی لەبەرامبەر هەبژاردنەکە بەخششێک بە پاریس پێشنیار دەکا، ئەسینا، پێدەڕێت سەرجەم سوپای سەر زەویت دەخەمە ژێر دەست،

بەجۆرێک لە هیچ جەنگێک شکست نەهێنیت، هیرا، پێیدڵێت موکی ئاسیاو ئۆوپات پشکشدەکەم، ڤینەس، دڵێت جوانترین ئافرەتی زەویت پشکشدەکەم، بەنام پاریس پشنیازەکەی ئافرەدیت (ڤینەس) قبوڵدەکات و سوکەی پێدەدات.
پاش ئەم ڕووداوە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە شاری تڕواودە بە ئامادەیی جەماوەر پشبڕکێیەکی زەرانبازی سازدەکرێت، پاریسی شوان بەشداری دەکات و دەکەوێتە بەرامبەر ئازاترین پیاوی تڕواودە کە هێکتەری برایەتی، بە نیشانەی لێکچووی سەر جەستەیان هێکتەر براکەی دەناسێتەوە و دەستی دەگرێت و سەرباری نا ڕۆزایەتییەکان دەیهێنێتەوە کەشکی پاشایەتی باوکی.
لە گەشتی یۆنانەوە.. هێلینی کچی لیدا و زیەسی گەورە خواوەند، جوانترین ئافرەت بووە لەم سەردەمەدا، پاشا و پاشازادەکانی سەرجەم شارە دەوڵەتەکانی یۆنان خوازبێنیان کردووە، بە ئەوەی جەنگ لە نەوانیان ڕوونەدات دەگەنە ئەوەی کە هێلین هەر یەکێکیانی بە هاوژینی خۆی هەلبژارد، ئەوانی دیکە ڕۆزامەند بن و ببنە هاوپەیمان و پارێزەری خۆی و هاوسەرەکەی، ئەوەبوو هێلینا مینیلاوسی پاشای ئسپارتە وەک هاوسەر هەدەبژێرێت.. کە برای ئاگامەمنون ە.
ڕۆژێک پاریسی کوڕی پریام بە کارێکی دەوڵەتداری لە شاری تڕواودە دەنێردرێتە شارە دەوڵەتی ئسپارتە، لەوە چاوی بە هێلین دەکەوێت و دڵیان بە یەک دەچێت، لێرەوە بڕیارێکی ئافرەدیت پاش ڕۆژگارێک دێتە دی و هێلینی کچی زیەس، لەگەڵ پاریس ڕادەکەن بەرەو شاری تڕواودە.
هەواڵی ڕفاندنی هێلێن بەاو دەبێتەوە و ئاگامەمنونی برای مینیلاوس، پاشاکان کە دەکاتەوە و ئۆویان بە بیر دەهێنێتەوە پشتر بڕیاندانیان داوە هاوپەیمانی ئەم دوو هاوسەرە بن (هێلێن و مینیلاوس)، بۆیە لە سەرجەم شارە دەوڵەتەکانی یۆنانەوە سوپاو هێز و پاڵەوانەکانی وەک (ئەخیل و بترەکلیس و ئۆیاس و ئۆدیسیەس) کە دەبنەوە بە سەرکردایەتی ئاگامەمنون، بە هەزار کەشتییەوە بە ڕێدەکەون بە هەرشکردنە سەر شاری تڕواودە.
پاش جەنگێکی دە ساڵە یۆنانییەکان ناتوانن دەربازی ناو شاری تڕواودە ببن، بەهای شورا پتەو و بەهێزکانییەوە، لە ڕووبەووبوونەوەیەک لە دەرەوەی قولەکان هیکتەر بیترەکلیسی هاوڕێخۆویستەکەی ئەخیل دەکوژێت، بۆیە ئەخیل بڕیار دەدات بتەوە ناو جەنگەکە، پاش ئەوەی لە ئاگامەمنونی فەرماندەی لەشکرەکیان توڕەبوە و ڕێزەکانی سوپای جەهەشتووە، بۆیە دەگەڕێتەوە مەیدانی جەنگ و لە ڕووبەووبوونەوەیەک دەتوانێت هێکتەری برای پاریس بکوژێت، لە بەرامبەردا پاریسی کوڕی پریام دەتوانێت خاڵی لاوازی

ئەکلیریس(ئەخیل) بەزەتەوە و گورزێک لە ژێر پێیەکانی بدات و لە تەنیای هەکتەری برای کەتایی پێبهێنێت.
گەلێک لە پاڵەوانەکانی یۆنان و تڕواد لە ناو دەچن، تەنانەت بەشێک لە خواوەندە یۆنانییەکان دابەش دەبن لە نێوان پاڵپشتیان بە دوو بەرەکە، هیرا و ئەسینا و سایدۆن، دەبن بە پشتگیریکاری یۆنانییەکان، ڤینەس و ئەپۆڵۆ و ئیریس دەبن بە پشتگیریکاری تڕوادییەکان.
تاوەکو یۆنانییەکان دەتوانن لە ڕێگەی بیرەکەی ئەسپێکی دارینەوە بەنە ناو شاری تڕواد، ئەسپێکی زۆبەلاحی دارین دەهێنن لە دڕۆی تڕواد دایدەنێن، هاوکات کەمێک جەنگاوەر لە ناوەوەی ئەسپەکە خۆیان مات دەدەن، تڕوادییەکان وا دەزانن سوپای یۆنانییەکان پاشکشەی کردووە، بۆیە ئەسپەکە ڕادەکێشنە ناوەوەی شارەکەو وەک دەستکەوتێک چاوی لێدەکەن، تۆمەز لە نیۆشۆودا جەنگاوەرە ئەسپارتاییەکان لە ئەسپە دارینەکە دادەبەزن و دەروازەی شاری تڕواد واڵا دەکەن، بەمەش سوپا یۆنانییەکەی دڕۆە هەمەت دەبنە ژوورەوە.. دەتوانن شارەکە تەخت بکەن و بیسوتێنن، هەڵەناش لەگەڵ خۆیان ببەنەوە یۆنان و شارە دوورەتی سپارتە.
هۆمەر سەربوردەی ئەسپە دارینەکەو هەرەسی تڕواد لە داستانی دووەمی هەمیرەس بوونی هەیە، کە ناسراوە بە داستانی ئەدیسا و خودی بیرەکەی ئەسپە دارینەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ژیری و لێوەشاوەیی ئەدیسا.

یونس تانج

ژێدەرەکان:-

– Homer. Robert fagles. Iliad. Panguin.London.1990

- دريني خشبة، قصة طروادة، مؤسسة هنداوي، المملكة المتحدة، 2017

گەمارۆدانکاری لە ووخساری ناوچەکەدا.. عوسمانی حاجی مارف

ئەو زنجیرە ووداوانەی لە سێپتەمبەری ٢٠٢٤دا بەتایبەتی لە لوبنان بینراون، دەبنە هۆی گەمارۆدانکاری لە ووخساری ناوچەکەدا.
تیرۆری حسن نەسرولا، لەکاتێکدایە کە گرژیەکی بوونەتە لەسەر بڕیاری باکوری ئیسرائیل لەگەڵ لوبنانداە لەئارادایە، ئەمەش بەردەوامی پڕرسەندنی سەربازی و هاوکێشە نوێیەکان لە چەکردنەوەی لەشکرکێشی و کارەساتی کەمەکوژی و وێرانکاری بەبەزیانەی ئیسرائیل بە سەر غەززە و لوبنان نیشان ئەدات، کە هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەدا دەگۆڕێت، چونکە ئەم ووداوە بە پێشهاتێکی مەترسیدار دادەنرێت، سەبارەت بە لەکەوتەکانی لەسەر گەمەپانی سیاسی و ئەمنی لە لوبنان و تەواوی ناوچەکەداست، لەهەمانکاتدا ترسی کاردانەوەی تووندی حزبوڵا و هاوپەیمانەکانی لەلایەک و لەلایەکی ترەوە کەماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکەدا دروست دەکات، بەمانایەک بەرزکردنەوەی ئاستی دەخی جەنگ و ئاگرێکی کەشکردنی ناوچەکەیە بە شێوەکی گەورەو وێرانکەرو کوشتنی بە کەمەڵ و خوێناوی.
پێشتر بنیامین ناتانیاهۆ، زنجیرەیەک هێرشی لە دژی ئێران و هێزەکانی سەر بەئێران بەاوکردبوو. لە هێرشەکانیدا حیزبوڵای بەتایبەتی هێنایە ئاراوە، "بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە حیزبوڵا هێگای شێوەی هێبزاردوە، واتە ئیسرائیل جگە لە شێ هیچ بژاردەیەکی دیکەی نیە". جگە لەوەش حکومەتی ئیسرائیل بانگهێشتکردنی دوو لیوای یەدەگی بە بڕیاری باکوور ڕاگەیاند، کە ئامادەیە بە لەشکرکێشی زەمینی بە سەر خاکی لوبنان!، بەمشێوەیە فراوانکردنی داگیرکەرانەی ئیسرائیلە بە دەرچون لەو قەیرانەی لە غەززەدا دەرگیری بووە، کە لەمبارەیەوە بە تیرۆری حەسەن نەسرولا و بەشێک لەسەرکردەکانی حزبوڵا، ناتانیاهۆ سەرکەوتنێکی بەدەستهێنا و کاریگەری لەسەر بەرزکردنەوەی کەسایەتی لە ناو ئیسرائیلدا دانا، لەهەمانکاتدا هەڵی بە هێکەوتوە کە درێژە بەم شێوە دەندانەیەی بدات.
نەتانیاهۆ، لە ماوەی پانزە ساڵدا، ئیسرائیلی خستەتە ناو جەشی وەستانەوە لەبەرامبەر ئێراندا، تا ڕادەیەکی زۆر بەکاری هێناوەو دەرفەتی ئەوەی قۆستەتەوە بیسەلمێنێت کە بوونی ئێران چەندە مەترسیدارە و هێرشێکی ڕاستەقینەیە بە سەر بوونی ئیسرائیل. بەیەهموو ناکۆکیە سیاسی و ستراتیجیکان بەپێی دیدگای ئیسرائیل،

هاوکاتە لەگەڵ ئەم هەڕەشانە و مەترسی ئێران بۆ سەریان، ئاگەر لە خەڵکی ئیسرائیل پرسیار بکرێت کە زیاتر هەست بە متمانە لەگەڵ کە دەکات، ئەوا زۆرترینیان ناتانیاهۆ هەڵدەبژێرن، تەنانەت ئاگەر لە چەپ بن یان نەیاری سەرکی ناتانیاهۆش بن.
گرنگترین پرسیار لەم چوارچێوەیدا، پەیوەندی سەرکەوتن بە ئیسرائیل لە شەڕی لوبناندا چیە؟ بەشێک لە خەڵکی ئیسرائیل ئەوە دەبینن کە ئامانجی سەرکی لابردنی چەبونەوەو دورخستنەوەی حزبوڵایە لە ناوچەکەدا، بەشێکی تریش زیاتر پێداگری لەسەر سەرکەوتن بە ڕوخاندنی حزبوڵا و کۆتایهێنان بە بوونی حزبوڵا دەبینن.
لە گەڕانی دیپلۆماسیدا، تەنانەت، ئاپۆزسیۆنی ئیسرائیلیش دان بەوەدا دەنێن کە چوونە ناو هەڵەوی دیپلۆماسی تەنیا دوای نیشاندانی هێز دەتوانرێت ئەنجام بدرێت، بەتایبەتی لە بەرامبەر ئەو هەڕەشەکراوانەی کە بە هەڕەشەکراوی تیرۆرستی وەسفیان دەکەن، بەومانایە کاتێ ئامادەی ئاگری دانوسانن لەگەڵ ئەو هێزانەدا کە تەواو هیلاکیان کەن، هەر بۆیە ئەم ماوەیە ناتانیاهۆ باسکی لەسەر دانوسان نیەو لە تاوانکانی بەردەوامە.
ناتانیاهۆ و ئیسرائیل، بە پشتیوانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا، پاراستنی ئیسرائیل وەک سەنگەر و قەڵایەک لە بەرامبەر ووڵاتانی هەژەمۆنی ناوەڕاستداو لەلایەکی تریەوە وەستانەوە لە بەرامبەر ململانێ و دەخالەتی ووڵاتانی زلهێزی وەک روسیا و چین لە ناوچەکەدا حسابی لەسەر دەکەن، لەم بارەیەوە سەرکەوتنی ئیسرائیل لەم شەڕەدا دەبێتە دەستکەوتکی گەورە بۆ ئەمریکا، کە قەڕەبوی بەشێکی گەورە لە شکستکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا دەکاتەوە.
لە چەند مانگی ڕابردوودا ئیسرائیل بزوتنەوەی حەماسی لاوازکردوە، هێزەها بەشێکی زۆر لە توانا و چەک و سەرکردەکانی حزبوڵای لەناوبردوە، کەوەک هێزێکی چەکدار وەها لاوازی کردوە، کە بە ئێران زەحمەتە بتوانێت بە ساڵانی داهاتوودا هەڕەشەی لە ئیسرائیل پێبکات. لەڕوەو دەتوانین بڵێین ئیسرائیل گەورەترین گورزیدا لە هەوەی بیست ساڵەی ئێران لە بنیاتنانی ئەو هێزە میلیشیایانەی ڕێکیخستبون و دایمەزرانبون.
ستراتیجی ئێران لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردودا چە بووەتەوە لەوەی کە لەسەر بنیاتنانی ئامرازی کاریگەر لە دەرەوەی سنورەکانی دامەزرێنێت، تا لەو ڕێگەیەوە توانایی بەربەستێک دادەمەزرێنێت کە ڕێگری لە نیازەکانی دەکات لە هەرشکردنە سەری. ئێران بە قەناغ چەندین هەڕەی بەرگری بنیاتناوە، لە دوای لەشکرکێشی ئیسرائیل لە ساڵی ۱۹۸۲لە لوبنانەوە دەستی پێکرد بە دامەزراندنی حزبوڵای لوبنان،، پاشان لەعێراق کەدوای لەشکرکێشی ئەمریکا لە ساڵی ۲۰۰۳،

فراکسیۆنەکانی هێزەکانی حەشدی شەعبی پێکهێنا، هەروەها لە سوریا و یەمەنیش لە دوای بەهاری عەرەبی ٢٠١١ هەوڵیدا بۆ دروستکردن یان پشتگیریکردنی میلیشیا ناوخۆیی و هاوردەکراوەکان، هەبەتە حزبوللا هەرە گرنگترین و کارامەترینی دەستکردەکانی ئێرانە. ئێران لە دەگەی ئێوانووە شیای بە وەکالەت لە دژی نەیارەکانی دوور لە خاکی خۆی ئەنجامدا، بەبێ ئەوەی خۆی ڕاستەوخۆ تێوەگلابێت. ئەم ستراتیژە بە ماوەی نزیکەی دوو دەیە سەرکەوتوو بوو لە ڕاگرتنی ئیسرائیل و ئەمریکا لە هەڕشکردنە سەر ئێران، تا ئەو کاتەی لە سێپتەمبەری ٢٠٢٤، ئیسرائیل توانی هەڕشی توند بکاتە سەر حزبوللا، کە پەدەچێت هەمان کاریگەری ڕووداوەکانی سێپتەمبەری ٢٠٠١ لەسەر سیستەمی ناوچەیی هەبێت، بەتایبەتی لەسنووردارکردنی ئێران، بەم شێوەیە لە ئاکامدا دەخی ئێران تەواو دەشێونرێت.

ئیسرائیل بەوردی پلانی داشتووە بۆ لەناوبردنی سەرکردەکانی حزبوللا و ئەوەزانەی پاشکەی ئێرانن لە ناوچەکەدا، ئەم شێوە لەگەڵ ئەوەی زەر تۆندوتیژو خوێناویە، لەهەمانکاتدا زەربەی هەرشە سەربازیەکان ئاراستەی حزبوللا و سەرکردەکانی و لەناوبردنی چەکەکانیانە، بەڵام بەگشتی لەسەرەتای ئەم هەرشە دەندانەیەی ئیسرائیل بە سەر غەززەو لوبنان تائێستا بەجیا لە کوشتاری زیاد لە چل هەزاری دانیشتوانی غەززە، ژمارەی ئەو ئاوارانەی کە لەلایەن ئیسرائیلەوە ناچارکران بە هەڵاتن زیاتر لە ملیۆنێک، ناسینەوەی ئەم شێوە پێویستە لەو شۆنەوە لەکدانەوەی بە بکرەت کە هەرشی دەندانەی ئیسرائیلە بە سەر خەڵکی فەلەستین و هەتکردنەوەی چارەنوسی خەڵکی فەلەستینە لە خواستی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین.

شێوەی خەبەدورگرتنی حزبوڵاە لە شێوەی غەززە نەبووە هەی ئەوەی ئیسرائیل نێکاتە ئامانج، ناتانیاهو بەیاری داوە تواناکانی ئەو حزبە نەهێەت، دەتوانرەت دوای چەندین خولی هەرش بگوترێ کە زەربەی سەرکردەکانی بەبێ شێە کوژراون و زەربەی چەکەکانی حزبەکەش لەکاتەکدا لەناو فرۆشگاکانیاندا بون لەناوچوون، ئەمەش دەخەکی سەختە بە حزبوللآو ئێران، کە چەن بەبێ شکستی تر لەم دەخە دەنە دەرەوە.

ئێران نەگەیشتووەتە قەناغەک کە دەستبەرداری حزبوڵاە بەت، وە دەستبەرداریشی نابەت، تەنها کاتەک نابەت کە گەانکاریەکی گەورە لە تاران ڕووبدات، چونکەحزبوڵاە گرنگترین سەروەت و سامانی سەربازی کەماری ئیسلامیە لە دەرەوەی ئێراندا، هەربۆیە ئیسرائیل هەوڵ ئەدات لەەگەی چەکردنەوەی لەدانەکانی لە حزبوڵاە بەجیا لەوەی دەیەوەت حزبوللا کەتایی پێبهێنەت، لەهەمانکاتدا لە هەوڵی ئەوەدایە ئێران کەشکات بە ناو شەەکەو لەم ەگەیەوە دەخەکە زیاتر

بخاتە ناو چوارچێوەی شەڕکی ناوچەیی و فراوانەوە، ئەوەی جێگای سەرنجە لەم هەلومەرجەدا ئەوە تەنها ئیسرائیلە کە هەڕەشەی لە ناوچەکەدا بە بڕژوەندیەکانی حساب دەکات و پەداگری لەسەر شەڕی ناوچەیی فراوان دەکات.
